# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - زریان محەمەد


2015

دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە سارتەر

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 45 )

# ئاشنابوون بە
# ژان پۆل سارتەر

نوسەر: زەهرا خانلەری
لە فارسییەوە: زریان مستەفا

ژان پۆل سارتەر رۆمان نوس، نمایشنامەنوس، فەیلەسوف و رەخنەگری فەرەنسی (1905–1980) لە شاری پاریس و لە خێزانێکی دەوڵەمەند لەدایکبووە و لە منداڵییەوە باوکی لەدەستداوە. خوێندنی خۆی یەکەمجار لە خوێندنگەی هانری چوارەم و دواتر لە زانستگەی باڵا ئەنجامداوە. ساڵی 1929 بڕوانامەی لیسانسی پەروەردەیی لە بەشی فەلسەفە وەرگرتووە و لە شارەکان و دواتر لە پاریس خەریکی دەرسگوتنەوە بووە.

سارتەر کە لە منداڵیەوە زمانی ئەڵمانی فێر بووە، دەچێتە ئەڵمانیا. لە بەرلین دەستدەکات بە خوێندنی فەلسەفەو لەگەڵ فەلسەفەی نوێی ئەڵمانیا ئاشنا دەبێ و لە یەکەمین بەرهەمە فەلسەفیەکانیدا کاریگەرییان لێوەردەگرێ. سارتەر ساڵی 1939 دەچێتە ریزەکانی سوپاو بەشداری لە جەنگ دەکات، لە مانگی 6ی 1940 لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە بەدیل دەگیرێ و دوای ئازادبوونی دەچێتە پاڵ بزاڤی بەرخۆدان و وتار بۆ رۆژنامە نهێنییەکان دەنوسێت. دوای جەنگ دەست لە دەرسدانەوە هەڵدەگرێ و بەهاوکاری (سیمۆن دوبوڤار) گۆڤاری (temps moderns) دەردەکات، ئەو گۆڤارە بۆ بڵاوکردنەوەو دەرخستنی هەموو پرسەکان، بەتایبەتی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی تەرخان دەکات. سارتەر کاری نووسینی کەمێک بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی دەستپێکردووە. یەکەمین نووسینە فەلسەفییەکانی بەناوی((imaginaire–1940و (imagination–1936) لەژێر

کاریگەریی (هوسێرل– edmund husserl)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی بوون. دوای ئەوەی کتێبی دژوار و شرۆڤەکارانە و دەرخەری بنەما فەلسەفییەکانی ئەو دەربارەی مرۆڤ و تواناکانی مرۆڤ، واتا کتێبی (بوونو نەبوون – l¢ etre et laneant) لەساڵی 1943 بڵاودەبێتەوە.

ئەو بەرهەمەش لەژێر کارتێکردنی دیدگای فەلسەفی هاوچەرخەکانی ئەڵمانیا دابوو. نوسین و وتارەکانی سارتەر کە هەمووی بریتی بوون لە تێروانینە فەلسەفییەکانی ئەو، قوتابخانەی (بوونگەرایی ـ ئەگزیستانسیالیزم– existentialism)ی لێکەوتەوە کە سەرو سەدایەکی فراوانی بەدوای خۆیدا هێناو بووە مایەی مشتومڕو باس و هەڵسەنگاندنی زۆر سەبارەت بەقبوڵ یان ڕەتکردنەوەی و ساڵەها بوو ئەو ڕەوشە باڵی بەسەر فەزای ئەدەبی و هونەریو فەلسەفیی ئەو سەردەمەدا کێشابوو. ئەو وتارانەی سارتەر دواتر لە سێ بەرگدا لەژێر ناونیشانی (ڕەوشەکان–situationa) بڵاوکرانەوە. بەرهەمە فەلسەفییەکانی سارتەر یەکێکیان کتێبی (ئەگزیستانسیالیزم جۆرێک هیۆمانیزمە–l¢ existentialism est humanisme) لەساڵی 1946 بڵاوکرایەوە.

سارتەر مرۆڤ بە داهێنەری چارەنوس و دروستکەری کەسایەتیی خۆی دەزانێ کە ئارەزوو کارو ڕەفتارەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ و بەهاکانی بوونی خۆی دیاری دەکات، لە قەڵەمڕەوی ئەدەبیشدا نوسەری بوونگەرا لە بەرامبەر کۆمەڵگە بەرپرسە. سارتەر دیدگای نووسەرانی ڕابردوو کە شانی خۆیان نەدەدایە بەر بەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگە و باوەڕییان بە هونەر لەپێناو هونەردا هەبوو، ڕەتدەکاتەوە و دیدگای ئەو جۆرە نووسەرانە کە ئەگەر کۆمەڵگاشیان  وێنا بکردبا، وەک تەماشاکەرێکی سادە یان وەک زانایەک بوون کە کۆمەڵیان بە تاقیگەی خۆیان دەزانی، قبوڵ نەدەکرد. لە دیدگای سارتەردا جیهانی ئەدەبیش دەبوا وەک هەر پرسێکی تر ئامانجێکی هەبوایە

و لە حاڵەتی بێلایەنی و بێئامانجی بێنە دەرەوە و ئەرکی خۆی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ئەنجامبدات. ئاکەکان لە ڕوانگەی سارتەر ئەو بەشانەن کە کار لە یەکتری دەکەن و لێکتێگەیشتنێکیان لەنێواندا هەیە کە دەبێتە مایەی دروستبوون و پێکهاتنی رۆحێکی گشتی و یەکگرتوو، کەوایە نابێ هیچکەس بەرامبەر کاری ئەوانی دی کەمتەرخەم و دوورەپەرێز بێت. سارتەر لە کتێبی (رەخنەی زانستی دیالەکتیک–lacritique de la raison dialectique)دا هەوڵی داوە پردێک لەنێوان ئەگزیستانسیالیزم و مارکسیزم دروست بکات. بێگومان دیدگا فەلسەفییەکانی سارتەر دوای زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەوەوە دێن. یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی سارتەر بریتییە لە کورتە چیرۆکی (ژوورەکە ـ la chambre) کە لەگۆڤاری ((N. R. F بڵاوکرایەوە، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی رۆمانی (هێڵنج la nausea–) بوو لە ساڵی1938 کە سارتەر ناوبانگی دەرکرد. رۆمانی هێلنج کۆژانەکانی ناخی پیاوێکی گۆشەگیر نیشان دەدا کە ئامانجێکی هەیەو دەیەوێ رۆمانێکی مێژوویی بنووسێ، بەڵام لە میانی کارەکەدا تووشی نائومێدی و نەفرەتێک دەبێتەوە کە دەشێ ئەو حاڵەتە بەهێڵنجدانی رۆح لێکبدەینەوە، بۆیە دەست لەخوێندن هەڵدەگرێ و ژیان لەبەرچاویدا لە شتێکی پووچ و بێمانا زیاتر هیچی تری لێنامێنێتەوە.

سارتەر لەو بەرهەمەیدا ئەندێشەی خۆی لەبارەی پووچبوونی ژیان و ئەو ئارەزووانەی کە ناکامی و پەرێشانی رۆحیان لێدەکەوێتەوە، رەنگ پێدەداتەوە. کۆمەڵە کورتەچیرۆکی(دیوار– le mur) پێنج چیرۆک دەگرێتەخۆی کە لەو چیرۆکانەشدا کەسانێک وێناکراون هەریەکەیان گەرەکیانە بەجۆرێک لە جۆرەکان لەدەست ژیانی پووچی خۆیان رابکەن، بەڵام دەچنە هەر جێیەک رووبەڕووی دیوارێک دەبنەوە کە رێی دەربازبوونیان لێدەگرێ. زنجیرە رۆمانی (رێگاکانی ئازادی–chemins de la liberte) بریتین لە سی

ڕۆمان بەمشێوەیەی خوارەوە: (ئەمەنی عەقڵ–1945 l¢ agede raison) , (ئوانج – le sursis 1945) و(مردن لەرۆحەوە– le mort dans l, ame 1949) کە وێڕای خستنەڕووی لایەنی ئەخلاقی سارتەر، لەڕووی ناوەڕۆکە ئەدەبیەکەیانەوە سەرنجڕاکێشن. بەرهەمە شانۆییەکانیشی وەک چیرۆکەکانی دەرخەری ئەندێشە فەلسەفییەکانی ئەون، لەهەمانکاتدا بابەتی شانۆیی سەرنجڕاکێش و شایانی باسن، لەنێویاندا ئەم دەقانەی خوارەوە: (مێشەکان– les mouches) کە لەساڵی 1943 هێنرایە سەر شانۆو نمایشکراو دوای چەند رۆژێک لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە نمایشکردنی راگیرا. (دەرگای داخراو یان دۆزەخ– huis clos ou l, enfer1945)، (مردووە بێ کفن و دفنەکان1946– mcrts sans sepulture)، (لەشفرۆشێکی رێزدار– la putaim respectueuse 1946)، (دەستە ئاڵوودەکان– les mains sales1948)، (شەیتان و خواوەند– la diabli et le bon dieu1951)و دەقی تری لەو بابەتە. سارتەر لەلایەک بەهۆی شانۆنامەکانیەوە راستەوخۆ لە کۆمەڵانی خەڵک نزیکبووەوە، لەلایەکی تر بەهۆی وتارو نوسینە شرۆڤەیی و گرنگە فراوانەکانیەوە رێگای چوونە ناو کۆمەڵی بۆ خۆی کردەوە. ئەو نوسینانە زیاتر لەسەر پرسە راستەقینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی دەنوسران و تەنانەت هەندێجار بە جیهانبینییێکی مەزن و مرۆڤانە لەوەش زیاتر دەچوونە پێش. لەنێویاندا ئەم نوسینانەی خوارەوە لە هەرە گرنگەکانن لەو بوارەدا: (چەند تێڕوانینێک لەبارەی نەتەوەی یەهوود–– reflexions sur la question 1946)، (ئەدەبیات چییە ـ qust_ce que la literure) لەو کتێبەدا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە نوسەر لە بەرامبەر کۆمەڵدا دەبێ پابەندو بەرپرسیار بێ، (بودلێر ـ baudelaire 1947)و کتێبێکی گەورەش لەبارەی (فلوبێر ـــflaubert). سارتەر کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر نەوەی سەردەمی

خۆی بەجێهێشت. ساڵەهای ساڵ شوێنکەوتە و لایەنگرەکانی لە چایخانەی (دوفلۆر– café de flore) کۆدەبوونەوە و ئەو شوێنەیان کردبووە نێوەندێک کە سەرنجی جیهانگەڕەکانی بۆ خۆی راکێشا. ماوەیەکی زۆر سارتەر نوسەرو فەیلەسوفی خۆشەویست و باو بوو، بەڵام دواتر ئەو کاریگەریەی کەم بووەوە و کێرڤی دژبەرەکانی بەرزتر بووەوە. لەساڵی 1964 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی رەتکردەوە کە پێیدرا.

سەرەنجام لە 1980/4/15 لە شاری پاریس بۆ دواجار چاوەکانی لێکنان و پەنجا هەزار کەس بەدوای تەرمەکەیەوە بوون و فەیلەسوفی گەورەو جیهانیان لە یەکێ لە گۆڕستانەکانی پاریسدا بەخاک سپارد.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# ژان پۆل سارتەر و توندوتیژی

**لە فارسییەوە: سۆران خەدیری پوور**

توندوتیژی و نەفرەت لە بەرهەمەکانی سارتەردا پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و ئاڕادەیەک کە چەند نوسەرێکی وەک هانا ئارێنت و ریمۆن ئارۆن رەخنەی لێدەگرن و وتەکانی سارتەریان سەبارەت بە توندوتیژی بە نابەرپرسانە زانیوە. ریمۆن ئارۆن، هاوڕێی دێرین و هاوپۆلی سەرەتایی سارتەر، وتوویەتی کە هەندێک لە بەرهەمەکانی ئەو سەبارەت بە توندوتیژی دەکرێ لە زومرەی بەرهەمەکانی مەیلەو فاشیزم ئەژمار بکرێت. هەندێک لە خوێنەرانیشی کەشوهەوای چیرۆک و رۆمان و شانۆنامەکانی ئەویان بە رەشبینانە و هیوابڕاوانە و پاڵنەر بۆ خۆکوژی دەزانن. هەربۆیە رەنگە خوێنەری بەرهەمەکانی سارتەر مافی ئەوەی هەبێت کە لە خۆی بپرسێت بۆچی لە نوسراوەکانی ئەودا وەها دوژمنکاری و نەفرەتێک پەیوەندی مرۆڤەکانی لە خۆگرتووە. ئایا ئەو لە منداڵیدا زۆر بەرەوڕووی توندوتیژی بۆتەوە کە پەیوەندی مرۆڤانە بەم جۆرە توندوتیژانە هەڵدەسەنگێنێت؟

سارتەر دوو ساڵان بوو باوکی مردبوو، بەڵام تا تەمەنی یانزە ساڵی کە دایکی دوبارە مێردی کردەوە، هیچ باوک یان براو یان خوشکێکی نەبووە کە بیەوێت لەسەر «داگیرکردنی باوەشی دایکی» لەگەڵ ئەو لە کێبەرکێدا بێت و هەروا کە خۆی دەڵێت دایکی «هی خۆی» بوو، جگەلە خۆشەویستی دایک، ئەو لە خۆشەویستی باوە گەورە و دایە گەورە و دایە ئەڵمانییەکەشی بەهرەمەند بوو، بەڵام سارتەر بەر هەرحاڵ هەتیو بوو و زەربە وێکەوتنی

یەکێک لە چاوەکانی لە منداڵیدا و رواڵەتێکی ناجوانێک کە پێی بەخشیبوو، رەنگە ئاوزانێکی لە دوژمنایەتی و نەفرەت لە ژیانی مرۆییدا پێدابێت کە دواجار رووداوەکانی جیهانی دەرەوەش مۆرکی راستەقینەی پێبەخشیبێت.
سارتەر بەهۆی دوبارە مێردکردنەوەی دایکی ناچار بوو بەشێک لە ژیانی خۆی لە شارە بچووکەکانی فەرەنسا تێپەڕ کات و «ناخۆشی» ژیانی شارە بچووکەکانی بە هەموو لەشییەوە هەستپێکرد، بەڵام «شارە بچووکەکان» (هەموو شارێک جگەلە پایتەخت) بۆ سارتەر تەنیا ناخۆشی نەبوو، ئەو بۆ «نوسین»یش کاتی بوو و ئەمەش رێک ئەو کارە بوو کە لە منداڵییەوە زۆری حەز پێدەکرد و پرۆڤەی بۆ کردبوو.

سارتەر هەروا کە خۆی وتوویەتی، بەر لە جەنگ، هیچ هێڵێکی پەیوەندی لە نێوان خۆی و کۆمەڵگای نەبینیووە. کاتێک کە لە ساڵی (1938) لە پەیمانگای باڵا تەواو دەبێت، بۆ خۆی بۆچوونێکی هێنا گۆڕێ کە بە پێی ئەو بۆچوونە، ئەو «مرۆڤێکی تەنیا» بوو کە مافی ئەوەی نەبوو لەڕێگەی سەربەخۆیی ئەندێشەکەی لەگەڵ کۆمەڵگا نەیار بێت.

ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هیچ شتێک بە کۆمەڵگا قەرزدار نییەو کۆمەڵگاش هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئەودا نییە، ئەو ئازادە هەر لەم رووەوە، سارتەر دەڵێت کە «من لە هەموو سەردەمەکانی پێش جەنگ هیچ باوەڕێکی سیاسیم نەبووە و لە هەڵبژاردنەکانیشدا بەشداریم نەدەکرد» (میشێل وینۆک، سەدەی رووناکبیران، وەرگێڕانی میهدی سمسار، لاپەڕەی 607)، بەڵام ئەویش وەک هەموو خەڵک «دڵی لەگەڵ چەپ»دا بوو. باقی هاوڕێیانی سارتەر، پۆل نیزان و ریمۆن ئارۆن، زووتر لە سارتەر گەیشتنە بلووغی سیاسی، بەڵام سارتەر ئەمەی کردبووە دروشمی ژیانی خۆی کە یەکەم بنووسێت و دواتر لەپاڵ ئەودا ژیانێکی باش و بەختەوەرانەشی

هەبێت. هەڵبەت ژیانی بەختەوەرانە، بۆ سارتەر ژیانی بورژوایانە نەبوو، چونکە خۆی دژی ئەم بورژاوایە بوو کە ئەو لە رۆمانی "هیڵنج" ( 1938) و چیرۆکی کورتی «دیوار» (1938)دا نوسیبووی. پاڵەوانەکانی سارتەر لەم دەورەیەدا وەک خۆی تەنیان و کردەوە و خودەی کەم تا کورت ئانارشیستیانە و چێژخوازانە و ئاشینخوازانەیان هەیە.

بەڵام هەر کە ساڵی (1939) لەلایەن ئەرتەشەوە بانگدەکرێت بۆ سەربازی، «کۆمەڵگا» لە پڕدا دەچێتە ناو مێشکی سارتەرەوە.

سارتەر دەچێت بۆ جەنگ و لە هێڵی «ماژینۆ» خولی «جەنگی دەستکرد» دەبینێت و نووسینی «تەمەنی عەقڵ» یەکەمین بەشی سیانەی «رێگاکانی شانازی» (کە بریتییە لە سێ رۆمانی «تەمەنی عەقڵ»، «هەڵپەساردن» و «دڵمردوویی») دەستپێدەکات.

سارتەر لە هاوینی ساڵی (1940) بەدەستی ئەڵمانییەکان بەدیل دەگیرێت و ساڵێک لە کەمپی دیلەکان دەمێنێتەوە، بەڵام لە مارسی ساڵی (1941) بە بەڵگەی پزشکی ئازاد دەبێت. سارتەر توانیبووی ئەڵمانییەکان رازی بکات کە چاوی نوقسانە و نابینێت.

سارتەر لەمەودوا ئیتر ناتوانێ «تەنیا» بێت. ئەو ناچارە کە ریزی خۆی هەڵبژێرێت. دەکەوێتە بیری خەبات دژی داگیرکەران و بۆ ئەم کارەش دەستدەکات بە رێکخستن، چونکە سەرکەوتنێک لەم کارەدا بە نامومکین نازانێت، دەست دەکات بە نوسینی شانۆنامە و وتارە سیاسییەکان. سارتەر لە ماوەی ساڵەکانی جەنگدا شانۆنامەی «مێشەکان» (1943) و شاکارە فەلسەفەییەکەی خۆی واتە «بوون و نەبوون» (1943) و «دەرکەی داخراو» (1944) بڵاو دەکاتەوە.

**سارتەر لە مرۆدا**

ئەمڕۆکە چی لە سارتەر ماوەتەوە؟ سارتەر نوسەری رۆمان و چیرۆک و شانۆنامە و ژیاننامە پڕبایەخەکان بوو کە ئێستا بەشێک لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی پێکدێنێت. ئەو هەڵەی سیاسیشی بوو، خۆی ئەنجامی زۆر یەک لەوانی لە ژیانی خۆیدا دی و بۆچوونەکانی خۆی گۆڕی، بەڵام بۆ سارتەر لە ئەندێشە فەلسەفەی سەدەی بیستەم دەکرێ چ پلەیەک لەبەرچاو بگرین؟ بەناوبانگە کە فۆکۆ وتوویەتی، سارتەر فەیلەسووفێکی سەدەی نۆزدەیە کە دەیەوێت بیر لە سەدەی بیستەم بکاتەوە. بەم پێناسەیەوە ئایا شتێک بۆ وتن ماوە سەبارەت بە سارتەر؟ ئایا ئەندێشەکانی سارتەر ئێستا بە مێژوو ئەندێشەکان پەیوەست بوون و لەمیانەی ئەندێشەیەک کە بە «پۆست مۆدێرن»ە بەناوبانگە قسەیەکی بۆ وتن پێ نییە؟ ئەندێشە ئێگزیستانسیالیزمی سارتەر سەبارەت بە ئازادی و بەرپرسایەتی تاک و ئەگەری بوونی ئێمە و مەودایەک کە ئێمە لە خۆمانمان هەیە، هەروا دەتوانێت بۆ فەلسەفەی نوێ گرنگ بێت، بەڵام سارتەر ئەخلاق گەراش بوو، ئێدەکۆشا بۆ هێنانە ئارای بۆچوونە ئەخلاقییەکەی کە لە خۆی نواندی و دەتوانێت، بۆ فەلسەفەی «پۆست مۆدێرن» گرنگ بێت.

سەرەنجام رەنگە بێ بۆنە نەبێت کە باس لە «سارتەرو توندوتیژی» بە وتەیەک لە ریمۆن ئارۆن کۆتایی پێ بێنین. کاتێک کە لە «ئێکسپرێس» لە ستایشی سارتەردا دەنووسێت: «سارتەر لە ماوەی ژیانی خۆی لە قوڵایی ناخی خۆیدا یەک کردەخواز مایەوە، هەرچەند کە بۆ پێویستی لۆژیکی رەهای شۆڕشگێڕی پێی بۆناو ئەو بازنەیە کێشرابێت کە کۆمەڵێک دەق سەبارەت توندوتیژی بنوسێت کە نمونەی ئەو پێشەکی کتێبی [«دۆزەخییەکانی زەوی»یە کە دەتوانێت لە بژاردەی ئەدەبیاتی مەیلەو فاشیزم پۆلێن بکرێت [...] ئەو

هەرگیز خۆی نەدا بەدەست ژیانێکی کۆمەڵایەتییەوە کە بەشێوەیەک کە دەیدیت و بە شێوەیەک کە دادوەری لەسەر دەکرد و لەسەر شانی ئەندێشە و ئایدیایەک کە لە چارەنوسی مرۆڤایەتی کە لە زەینی خۆیدا وێنای دەکرد. یۆتۆپیا، میلیتاریزم رەنگە بانتر لەمانە. هیوا یان چاوەڕوانی جۆرێکی دیکە لە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا. لە ڕوانگەی ئارۆنەوە، سارتەر «ژیانێکی تراژیدی مرۆڤی کردەخواز ژیا کە لە دارستانی سیاسەتدا سەرگەردان بوو. (میشێل وینۆک، لاپەڕەی 895)

*(ئەم وتارە بەشێک لە وتارێکی درێژە بە ناونیشانی ژان پۆل سارتەرو توندوتیژی)

**سەرچاوە:**

(اندیشه‌های فرانسوا در قرن بیستم: خانه‌های هنرمندان)

# ژان پۆل سارتەر کێیە؟

## فەیلەسوفی نیگزیستانسیالیست
## یان رۆشنبیرێکی کۆمۆنیست؟
## رۆماننوسە یان شانۆنامەنوس

**لە فارسیەوە: یوسف عەلی پور**

چالاکییەکانی سارتەر زۆر لـەوە بەربڵاوترن کە بتوانرێ بەهۆی یەکێکیانەوە چاوپۆشی لەوانی دیکەی بکرێت. سارتەر رووی لە هەر بوارێک کردبایە، زۆر بە جددی و بە ئیرادەیەکەوە کە لە جیهان بینییە ئیگزیستانسیالیستیەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت درێژەی پێدەدا، ئەگەر رووی لە جیهانی ئەدەبیات کرد، ئەوەندە بە باشی ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد کە سەرەنجام توانی ببێتە براوەی خەڵاتی نۆبڵ، ئەگەر چووە ناو جیهانی فەلسەفەوە، ئەوەندەی کتێب و بابەت نوسی و وتوێژی کرد، کە فەلسەفەکەی بوو بە یەکێک لە ناودارترین بوارەکانی فەلسەفەی سەردەم. کاتێک هاتە بواری رۆشنبیرییەوە، ئەوەندە هاموشۆی کافەکانی کردو لە مانگرتنەکاندا بەشداریی کردو لە دژی دەسەڵاتدارانی ملهوڕ هەڵوێستی شیاوی دەربڕی، بوو بە هێمای بزووتنەوەی رۆشنبیری لە سەدەی بیستەمدا.

سارتەر لە بواری رۆشنبیرییەوە درێژە پێدەری نەریتێکی پڕبایەخی رۆشنبیریی فەڕەنسایە، کە نوسەرانی وەک ڤیکتۆر هۆگۆ، ئێمیل زولا، ئاندرە ژید و رۆمان رۆلان، نوێنەرەکانی دیکەی ئەو رێبازە بوون. لەو نەریتەدا رۆشنبیر هەم پلەو پایەیەکی بەرزی هەیە و هەم ئەرکێکی قورسیشی لەسەر شانە. رۆشنبیر کەسێکی وشیارە کە بۆی نییە، لە بەرامبەر نایەکسانی و ناتەباییەکانی ژیاندا بێدەنگ بێت، بەڵکو دەبێ لە هەموو بارودۆخێکدا ئامادە بێت و هەست بە بەرپرسیارێتی ویژدانی خۆی بکات.

مرۆڤ لە بۆچوونی سارتەردا، ناوەندێتییەکی بێ ئەملاو ئەولا و ڕەهای هەیە، ناچار بە ژین لە جیهانێکدا کراوە کە بۆخۆی هەڵی نەبژاردوە، بەڵام مرۆڤ سەروەری هەموو شتێکە.

ئیگزیستانسیالیستەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە هەبوون لە پێشەوەی شوناسەوەیە، واتە هەموو کەس بەر لە هەر شتێک بوونی هەیە، بەر لەوەی کە هەژار بێ یان دەوڵەمەند، نەخوێندەوار بێ یان بیرمەند و سەرەنجام چ ئەو کەسە یەکێک لە لایەنگران و هۆگرانی ئەنیشتاین بێت، یان خودی ئەنیشتاین. ئینگزیستانسیالیستەکان دەڵێن مرۆڤ بەر لە هەر شتێک بوونی هەیە و لەو بوونەدا لەگەڵ ئەوانی تردا یەکسانە، جا دوای ئەوەیە کە ئەو دەتوانێت شوناسی خۆی پێک بێنێت، بڕیاربدات کە کەسێکی رووت و رەجاڵ و موحتاجی نانی شەو بێت یان دەوڵەمەندترین مرۆڤی سەر گۆی زەوی. لەوانەیە مرۆڤ بە بڕیارێکی پێشووتریەوە بەرەو ناکامی نەڕوات، بەڵام ئەوە هیچ شتێک لە بەرپرسیارێتیەکەی لە بەرامبەر خۆیدا کەم ناکاتەوە و سارتەر لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە مرۆڤ دەبێ بۆخۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکات و خودی سارتەر نمونەیەکی بەرچاوی ئەو قسانەیەتی. ئەو رووی لە هەر بوارێک کرد، هەمیشە بۆ گەیشتن بە ئاکامەکەی هەوڵیدا و سەرکەوتنەکانیشی بەڵگەن بۆ ئەو کارانەی.

ژان پۆل سارتەر لە (21)ی ژوئەنی ساڵی (1905) لە پاریس لەدایک بوو، تەمەنی تەنیا (15) مانگ بوو کە باوکی واتە «ژان بابتیست سارتەر» کۆچی دوایی کرد و ژان لە ماڵی باپیری (باوکی دایکی) واتە «شارل شوایتزر» کە کارناسێکی پایەبەرزی زمان و ئەندێشەی ئەڵمانی بوو لەژێر چاودێری دایکیدا گەورە بوو. لەو کاتەوە کە باوکی ژان کۆچی دواییکرد، هەتا کاتێک کە دایکی شووی کردەوە یانی کاتێک کە ژان تەمەنی یازدە

ساڵان بوو، باوک، برایان خوشکێکی نەبووە کە لەسەر داگیرکردنی باوەشی دایکی ململانێی لەگەڵدا بکەن، هەروەک خۆیشی ئاماژەی پێداوە، دایکی هەر بەتەنها هی خۆی بووە. هەربۆیە سارتەر هەمیشە باسی کاریگەریی قوڵی دایکی دەکرد لەسەر کەسایەتی و بیرکردنەوەکانی.

سارتەر لە تەمەنی (23) ساڵیدا لە تاقیکارییەکانی فەلسەفەدا بەشداری کردووە. هەڵبەتە هۆکاری ئەو سەرنەکەوتنەی ئەوە نەبوو کە لە بواری زانستییەوە لاواز بێت، بەڵکو هۆکارەکەی هەڵوێستی رادیکاڵی سارتەر بوو، کە پێیوابوو « لە فەلسەفەدا دەبێ تێبگەی نەک ئەوەی کە لەبەری بکەی». سارتەر ساڵی دواتر لە تاقیکارییەکاندا بەشداری کرد و ئەمجارەیان بە پلەی یەکەم دەرچوو. کەسی دووهەمیش سیمۆن دی بۆڤوار بوو، ئەو کەسەی کە لەو کاتە بەدواوە هەتا کۆتایی تەمەنی نزیکترین هاوڕێی سارتەر بوو. سێ ساڵ دواتر سارتەر وەکو مامۆستا چوو بۆ بەندەری لوهاو و ماوەیەک لەو شارە مایەوە، بەڵام دوورکەوتنەوە لە سیمۆن دی بۆڤوار بۆ سارتەری لاو ئەوەندە ناخۆش بوو هەرکە هاتەوە پاریس زۆر بە جددی بیری لەوە کردەووە، کە لەگەڵ سیمۆن دی بۆڤوار هاوسەرگیری بکات و ئیتر دوای ئەوەبوو کە پەیوەندییەکی ئازادانەیان پێکەوە دامەزراند.

سارتەر لە ساڵی (1933)دا چوو بۆ بەرلین و لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەی کە لەوێ مایەوە، لەگەڵ بەرهەمەکانی «هوسرل و هایدگر» ئاشنا بوو. «هەبوون و زەمەن»ی هایدگر وەها کاریگەرییەکی لەسەر سارتەر دانا کە سەرەنجام لە ساڵی (1941)دا، سارتەر کتێبی «هەبوون و نەبوون»ی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، کە کەوتووەتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی هایدگرەوە.

لە ساڵی(1936) دابوو کە رۆمانی « هێڵنج»ی نوسی و دای بە ناوەندی

بڵاوکردنەوەی گالیمار. خاوەنی ئەو ناوەندە زۆر بە دوودڵیەوە رۆمانەکەی لێوەرگرت و چاپی کرد، بەڵام دوای چاپکردنی، ئەو رۆمانە لە ساڵی(1938) دا وەکو رۆمانی یەکەمی ساڵ دەستنیشانکرا. هاوکات کۆمەڵە چیرۆکی «دیوار»یشی چاپکرد کە لە لایەن کۆمەڵگای ئەدەبیی فەرەنساوە پێشوازی لێکراو تەنانەت ئەوی بردە ریزی کەسانی گەورەی وەک «بالزاک»ەوە.

بەر لە دەسپێکی شەڕی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا، ژان پۆل سارتەر لە چەسپاندنی پلەو پایەی ئەدەبی خۆی دڵنیابوو، هەر ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ساڵانی دواتر خۆی بە فەلسەفەوە خەریک بکات، لەگەڵ هێرشی رایخی سێهەم بۆ سەر فەرەنسا، سارتەر لەسەر خواستی خۆی چوو بۆ شەڕ. دوای هەڵاتنی لە کەمپی گیراوەکان، بە بزوتنەوەی بەرگریەوە پەیوەستبوو، لە ریزی خەباتکارانی کۆمۆنیستدا، دەستیدایە خەبات و خۆڕاگری لە دژی داگیرکەرانی نازی. بۆچوونی فەلسەفی سارتەر ئەوەی دەخواست کە بچێتە ناو جەرگەی قەیرانەکانی رۆژگارەوە، تەنانەت ئەم قەیرانانە وەکو مەجالێک بۆ خۆناسینی زیاتر بگوازێتەوە. ئەوەی کە لە شەڕدا بۆ سارتەر زۆر گرنگ بوو، نزیکبوونەوە بوو لە مەرگ، چونکە مەرگ زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکە لە گۆڕەپانی شەڕدا ئامادە بوو لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا بوو کە مرۆڤ تەواوی تواناکانی خۆی دەردەخست.

رێکەوتەکە بە چەشنێک بوو کە سارتەر لە ساڵی (1940)واتە لە سی و پێنجەمین ساڵوەگەڕی لە دایکبوونیدا بە دیلی بکەوێتە دەست ئەڵمانیەکانەوە. دەسبەسەر کردنەکەی زیاتر لە ساڵێک دەوامی نەبوو، چونکە ئەو توانیبووی ئەڵمانییەکان بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە چاوی گرفتی بۆ دەنێتەوەو هاوسەنگی خۆی لەدەستدەدات، هەر بۆیە بە هۆکاری پزیشکیەوە ئازاد بوو، دوای رزگاربوونی دیسانەوە درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی دایەوە.

سارتەر لە ساڵانی شەڕدا شانۆنامەکانی «مێشەکان» (1943) و شاکارە فەلسەفیەکەی واتە «هەبوون و نەبوون» (1943) و «دەرگای داخراو» (1944) ی بڵاوکردەوە. هەڵبەتە شانۆنامەی «مێشەکان» لە سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازیەکانەوە چووە سەر شانۆ، بەڵام دوای چەند شەو بەری پێگیرا، چونکە دەست و پێوەندەکانی نازییەکان لەوە تێگەیشتبوون کە پەیامی ئەو شانۆنامەیە چییە.

سارتەر لەو شانۆنامەیەدا باسی مەسەلەیەک دەکات کە لە تەواوی بەرهەم و تەنانەت لە هەموو بوارەکانی ژیانیشدا بۆ ئەو شتێکی بنەڕەتییە، ئەو مەسەلەیەش «ئازادی»یە.

سارتەر دوای کۆتایی شەڕ هەموو کاتەکانی خۆی بۆ نوسین تەرخانکرد و گۆڤاری «سەردەمی نوێ»ی بڵاوکردەوە کە گۆڤارێکی چەپگەرا بوو لە مێژووی چاپەمەنیەکانی فەرەنسادا وەک یەکێک لە کاریگەرترین گۆڤارەکان هەژمار دەکرێت.

سارتەر بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و فەرهەنگی، لە بەرامبەر رووداوە گرنگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کاردانەوەی نیشاندەدا و هەر بابەتێکی ئەو جێگای مشتومڕی کۆڕو کۆمەڵە فیکری و رۆشنبیرییەکان بوو.

ساڵی (1964) وەک براوەی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبڵ دیاری کرا، بەڵام سارتەر ئەو خەڵاتەی وەرنەگرت.

سارتەر لە هەر مەجالێکدا دژایەتی قوڵی خۆی لەگەڵ رەگەزپەرەستی، سەرەڕۆیی و داگیرکاری دەردەبڕی، پشتیوانی لە بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی ئاسیاو ئەفەریقیا دەکرد و داکۆکی لە سەربەخۆیی خوازانی جەزائیر دەکرد. چوو بۆ کوباو دەستیکرد بە پشتیوانی لە شۆڕشگێڕانی چەپی ئەو وڵاتەو

ستایشی خۆڕاگری و بەربەرەکانێی چەکدارانەی خەڵکی ڤێتنامی لە بەرامبەر سوپای داگیرکەری ئەمەریکادا دەکرد.

دواجار لە (15) مانگی ئاپریلی ساڵی (1980) لە کاتێکدا کە ساڵانێک بوو بینایی خۆی لە دەست دابوو، لە شاری پاریس و لە تەمەنی (75) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و زیاتر لە (50) هەزار کەس لە هاوڵاتیان هاوڕێیەتی تەرمەکەیان هەتا گۆڕستانی «مون پارناس» کرد.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# سارتەر لەسەر ترۆپکی پەرستگای روناکبیر

**نوسینی: عەلی ئەمینی نەجەفی**

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: کارزان محەمەد**

ژان پۆڵ سارتەر یەکێکە لە بەرجەستەترین فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی فەرەنسا، کە (100) ساڵ لەمەوپێش لەدایکبوو، سارتەر درێژەپێدەری نەرێتێکی گرانبەهایە لە نەرێتی ڕوناکبیری فەرەنسا کە نوسەرانی وەک (ڤیکتۆر هۆگۆ، ئەمیل زولا، ئەندرێ ژید و رۆمن رۆلان) لە نوێنەرەکانیتری بوون.

لەم نەریتەدا ڕوناکبیر هەم پلەو پایەیەکی باڵای هەیە و هەم کۆمەڵە ئەرکێکی گران. مەرجەعێکی ئاگادارە کە مافی ئەوەی نییە، لە هەمبەر نایەکسانی و ناڕەوایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا بێدەنگ بێت. ئەو لە هەر (بارودۆخێک)دا، دەبێ (بچێتە شەڕەوە) و کار بە بەرپرسیارێتی ویژدانی خۆی بکات.

سارتەر لە (21ی حوزەیرانی ساڵی 1905) لە پاریس لەدایکبووە، بەهۆی مردنی ناوەختی باوکی، لە ماڵی باپیرەی (شارل شڤایتزەر) گەورە بووە، کە پسپۆڕی بەناوبانگی بواری زمان و هزری ئەڵمانی بوو، لە منداڵیدا بیرتیژ، بەڵام گۆشەگیر بوو، لە بەرهەمە درەخشانەکەیدا بەناوی (وشەکان) کە بیرەوەرییەکانی منداڵی خۆی لەخۆگرتووە، باس لەوە دەکات کە ساڵانی منداڵیی پتر لە هەموو شوێنێکیتر، لەناو کۆمەڵە پەرتوکێکدا کاتی بە خوێندنەوەی بەرهەمە گرنگە ئەدەبی و مێژووییەکانەوە بەسەربردووە.

ساڵانی یەکەمی ژیانی لە پاریس، پاشان لە شاری بەندەریی (لۆئۆر)

بەسەربرد. دوای وەرگرتنی دیبلۆم، بووە مامۆستای ئەدەبیات و فەلسەفە.

بە سودوەرگرتن لە بۆرسەی خوێندن، چووە ئەڵمانیاو لە بەرلین درێژەی بە خوێندندا. لێرەدا بوو کە ئاشناییەکی قوڵتری لەگەڵ فەلسەفەی بوونگەرایی (ئەگزیستانسیالیزم)ی مارتین هایدگەرو دیاردەناسی (ئەدمۆند هۆرسیل) پەیدا کرد.

سارتەر لە یەکەمین نوسینە تیۆرییەکانی خۆیدا، قوڵبینییەکی بێوێنەی لە پەیبردن و لێکدانەوەی مەسەلە فەلسەفییەکاندا خستبووەڕوو، زۆر بەزوویی وەک سەرقافڵەی ئەگزیستانسیالیزمی سایکۆلاریزمی فەرەنسا ناسرا.

سارتەر دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئایدیا فەلسەفییەکانی خۆی کرد، کە هەمیشە دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵدا بوو. ئەو لە قەڵەمڕەوەکەی خۆیدا هزرێکی هەمیشە مۆدێرن و نەریت شکێنی بوو، لە خستنەڕووی بیروباوەڕەکانی خۆیدا بێباک بوو، لە هزری سارتەردا، مرۆڤ لە چەقێکی تـەواو و ڕەهـادایـە. مـرۆڤ مەحکومە بە ژیانی دونیایەک کە خۆی هەڵینەبژاردووە، بەڵام براوەترین سەروەری دنیاشە.

سارتەر لە ساڵی (1938) بەبڵاوکردنەوەی ڕۆمانە ڕاچڵەکێنەرەکەی (هێڵنج)، ناوبانگێکی سەرتاپاگیری دەستەبەر کرد. لەم بەرهەمەدا ترسی (بوون و بێهودەیی خودی مرۆڤ)، بە جەسارەتێکی بێ وێنە وێنا کراوە.

سارتەر بۆ خستنەڕووی تێڕوانینە فەلسەفییەکانی خۆی، سودی لە چوارچێوە ئەدەبییەکان وەردەگـرت. بەم میتۆدە تازەیە، دەیتوانی تێڕوانینەکانی خۆی ڕوونتر و بە کۆششێکی زیاترەوە شەنوکەوی بکات.

لە جەنگی جیهانی دووەمدا لەگەڵ هێرشی سوپای سێیەم بۆسەر فەرەنسا، سارتەر جلوبەرگی سەربازی کردەبەر، پاشان بۆبەرەی شەڕ نێررا و دیلکرا. دوای هەڵاتنی لە ئۆردوگای زیندانییەکان، پەیوەندی بە

بزووتنەوەی بەرگرییەوە کرد، لە ڕیزی تێکۆشەرانی کۆمۆنیستدا، بەگژ داگیرکەرە نازییەکاندا دەچۆوە.

***سارتەر لە پانتایی ئەدەبیاتدا**

سارتەر دوای کۆتایی جەنگ، خۆی بۆ نوسین تەرخانکرد و بڵاوکراوەی چەپڕەوی (دەورانی مۆدێرن)ی بڵاوکردەوە کە لە چاپەمەنی فەرەنسادا بە نفوزترین بڵاوکراوەی مێژوویی هەژمار دەکرێت.

لە پرۆسەی باسوخواسە گەرموگوڕەکانی دوای جەنگدا بوو، کە سارتەر زەنگی تێڕوانینەکانی خۆی لێدا و لەسەر ئاستێکی بەرفراوان بڵاوی کردنەوە.

سارتەر بەبڵاوکردنەوەی ژمارەیەک وتـاری سیاسی و روناکبیری، کاردانەوەی لە هەمبەر ڕووداوە گرنگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نیشان دا، بەهەر وتارێک دەنگو سەدایەکی زۆری لەنێو کۆڕو کۆبوونەوە فکریی و ڕوناکبیرییەکاندا بەرپا دەکرد.

بەلای سارتەرەوە، نوسین چەشنە کارێکی کۆمەڵایەتی بوو لەپێناو بەدیهێنانی ئازادیدا. مرۆڤ لە هرزو رەفتاری کۆمەڵایەتیدا ناتوانێ لەسەر پشکێنی ڕابکات. ئازادییەکانی ئەو لە هەمان ئەو (ناچاریی)ەوە هەڵدەقوڵێت. بە وتەی ئەو «مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی، مرۆڤ بە هاتنەسەر ئەم دونیایە، بەرپرسی سەرجەم ئەو کارانەیە کە ئەنجامی دەدات».

بە پێچەوانەی ئەو شتانەی باون، سارتەر نوسەر بۆ (بەرپرسیارێتی) بانگهێشت ناکات، بەڵکو سارتەر پێیوایە نوسین لە خودی خۆیدا کارێکی بەرپرسیارانەیە، لە دیدی ئەوەوە، نوسەر لەگەڵ چەقی خۆی و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لە کێشمەکێشدایە.

*** سارتەر لە مەیدانی سیاسەتدا**

زۆرینەی ڕەخنەگران، لەو بڕوایەدان هزر و بەرهەمەکانی سارتەر لە نێوان بوونگەرایی و مارکسیزمدا بە سەرگەردانی دەبینرێت.

ڕەنگە بتوانرێ سارتەر بە پێشڕەوانی (چەپی نوێ) بزانرێت، بەڵام بێگومان هـزری سارتەر لەگەڵ (مارکسیزمی نەرێتی) و (کۆمۆنیزمی ئایدیۆلۆژیی) ناتەبایە.

سارتەر بە نوسینی زنجیرە وتارێک، بە سەختی هێرشی کردەسەر سەرکوتکارییەکانی دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤییەت و شوێنکەوتوانی (سۆشیالیزم)ی سۆڤییەت، هەروەها ناوبراو ڕەخنەی لە دەستدرێژیی سۆڤییەت بۆسەر (مەجەر) لەساڵی (1956) و داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی (1968) دا گرت.

سارتەر هەر لە بنچینەوە دیدی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ ئازادیی مرۆڤ بە ناکۆک دەبینێ، لەگەڵ پێکهاتە و بیرکردنەوەکاندا کۆک نییە، شانۆنامەی (دەستە ئاڵودەبووەکان) ڕەخنەیەکە لە دیدگاو شێوازە باوەکانی ناو پارتە کۆمۆنیستییەکان.

سارتەر فەیلەسوفێکی سەر بورجی عاج نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا دەقە فەلسەفییەکانی ئەو لە باڵاترین ئاستە ئەکادیمییەکاندا دەوترایەوە، بەڵام خودی سارتەر پیاوی ناو کوچە و شەقامەکان بوو، لە دیالۆگ لەگەڵ روناکبیرانی ناڕازیی، خوێندکارە ئۆپۆزسیۆنەکان و کرێکارە مانگرتووەکاندا ماندوو نەدەبوو.

لە دیدی سارتەرەوە، ناڕازیبوون و ڕەتکردنەوەی ئەو هەلومەرجەی ئێستا، یەکێکە لە سروشتەکانی هەموو رووناکبیرێکی راستەقینە. دیدگاکانی ئەو چ بە توندڕەو و چ بە وروژێنەر بێتە بەرچاو، هەمیشە هەر لێوانلێو

بووە لە ڕاستگۆیی و بێباکی.

سارتەر لە هەموو فرسەتێکدا نارەزایی بنچینەییانەی خۆی لەگەڵ نەژادپەرستی، ئاکرەوی و ئیمپریالیزمدا دەخستەڕوو. پشتیوانی لە بزوتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکانی ئاسیا و ئەفریقا دەکرد...بەرگریی لە سەربەخۆخوازەکانی جەزائیر دەکرد...گەشتی بۆ کوبا کرد و پشتیوانی لە شۆڕشگێڕە چەپڕەوەکان دەکرد... ستایشی بەرگریی چەکدارانەی خەڵکی ڤێتنام لە هەمبەر سوپای ئەمەریکادا دەکرد.

سارتەر لە هەموو شوێنێک و لەپێناو هەموو کەسێکدا بەرگریی لە ئازادی رادەربڕین دەکرد. ئەو بۆ پشتیوانی لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە چەپڕەوە توندڕەوەکان... پشتیوانی لە لاوانی ئەنارشیست و تەنانەت لە بزوتنەوە تیرۆریستییەکانیش (وەک فراکسیۆنی سوپای سور لە ئەڵمانیا) چالاکانە هاتە مەیدانەوە.

سارتەر نەک تەنها لە داهێنانە ئەدەبییەکاندا، بەڵکو لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا پێگەیەکی باڵای هەیە. نوسینەکانی سارتەر دەبارەی شاعیرانی وەک بۆدلێر و مالارمێ و دوو کارە دەستخۆشییەکەی سارتەر دەربارەی گۆستاف فلۆبر و دەربارەی ژان ژنە (بەناوی ژنە ئەکتەر یاخود شەهید) بە باشترین نمونە بەرچاوە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێن.

***میراتی سارتەر**

بەهای ئەدەبی بەرهەمەکانی سارتەر وەکیەک نین، ئەمڕۆ هەندێ لە بەرهەمەکانی ئەو کەمتر دەخوێندرێنەوە، هەندێکیشیان هێشتا زۆرترین خوێنەری هەیە. هەندێ لە شانۆنامەکانی ئەو وەک (مەگەزەکان) و (دەستە ئاڵودەکان) و (گۆشەنیشنەکانی ئەڵتونا) هێشتا لەسەر تەختی شانۆکاندا

پێشکەش دەکرێن، لە کاتێکدا بەرهەمەکانی وەک (شەیتان و خودا) بەدەگمەن لەسەر شانۆ نمایش دەکرێن. خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی لە ساڵی (1964) بە سارتەر بەخشرا، بەڵام ئەو قبوڵی نەکردو ڕەتی کردەوە.

سارتەر لە سەرتاسەری تەمەنیدا، وەک ڕووناکبیرێکی بەرپرسیار و بەئاگا و ئۆپۆزسیۆن مایەوە و نۆرمە باوەکانی ڕەتکردەوە. ئەو لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، نەریتشکێن بوو.

لە ساڵی (1929) تا کۆتایی تەمەنی، بەردەوام پەیوەندییەکی کراوە و ئازادی لەگەڵ (سیمۆن دی بۆڤوار)ی نوسەری فیمینیستدا هەبوو.

کاتێک کە لە (15ی نیسانی 1980) کۆچی دوایی کرد، پتر لە (50000) پەنجا هەزار کەس لە هاونیشتیمانەکانی، لە پاریسەوە تا گۆڕستانی (مۆن پارناس) هاوڕێیەتی تەرمی ئەویان کرد.

سارتەر چارەکە سەدەیەک کاریگەریی لەسەر ژیانی ئەدەبی و ڕوناکبیری فەرەنساو ئەوروپا جێهێشت، بەڵام ڕۆڵی سارتەر لەم ساڵانەی دوایی ڕەنگیداوەتەوە. (بەڵێن)ەکەی ئەو لە سەردەمێکدا کە گومان و ترس لە سەرجەم بنەماکانی ژیان و بیری مرۆیی خۆی جێگیر کردبوو، ڕەنگ و بۆنی خۆی تا ئەندازەیەکی زۆر لەدەستداوە. سارتەر دەیان پەیامی فەلسەفی، وتاری سیاسی، چیرۆک، شانۆنامە و فیلمنامەی نوسیوە.

**سەرچاوە:**

/http://www.akhbar-rooz.com

# نکراسۆف لە نوسینی سارتەر

## ڕۆژنامە بەم شێوەیە لە لەدایکبوونی فاشیەتدا بەشداری دەکات

ئیبراهیم ئەلعریس
وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئاوات محەمەد

لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجای سەدەی بیستدا، ژان پۆڵ سارتەر (بەهاوڕێی ڕێگا) دانرا، ئەم گوزارشتە بۆخۆی لە گوزارشتی ئەو گروپانە دەچێت، کە ئەفرێنەری چەپ، یان دیموکراتیی بوون، ئەوانەی لەو دەمەدا لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت بوون، کە مافی ڕەخنەو بەرەنگاربوونەوەیان بۆ خۆیان پاراستبوو، بەڵام بەبێ ئەوەی ببنە دوژمن، لەگەڵ بیرکردنەوەی دەوڵەتانی سۆسیالیستیی، بەم شێوەیە هاوڕێیانی ڕێگا، هاوسۆزییەکان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی وڵاتەکەی خۆیاندا هەبوو، بەبێ ئەوەی لەگەڵ هەموو هەڵوێستەکانیان بن، لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا، ئەوکات سارتەر، هەروەها سیمۆن دی بۆڤواری هاوڕێی، لە ڕێکەوتندا بوون لەگەڵ نێوەندی کۆمۆنیستی فەرەنسی، لایەنیکەم وەک دەسپێک لە مەسەلە سەرەکییەکاندا، وەک جەنگی جەزائیرو لەڕووی وەستانەوەی ئەمریکا لە (جەنگی سارد) دا، ئەمە جگەلە هەندێک بەرنامەی سیاسی و ئابوری ناوخۆی ئەوسای فەرەنسا، کە خاوەنی میتۆدێکی پێشکەوتنخوازی ڕۆشن بوو، لەو ساڵانەدا سیمۆن دی بۆڤوار یەکێک لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی نووسی کە پەیوەست بوو بە چەپەوە (واقعی فکری راستڕەو)، ئەم کتێبە لەلایەن جۆرج تەرابیشیەوە کراوە بە عەرەبی، هەروەها سارتەر کۆمەڵێک کاری فکری و هونەریی (شانۆیی) نووسی، چەپەکان بەوپەڕی گەرمییەوە پێشوازیان لێکرد، بەشداریان لە پێگەو شکۆی نووسەردا کرد، هەروەها پتەوکردنی

پێگەی سارتەر وەک نووسەرێکی پێشکەوتنخواز، کە پێدەچوو لە هەڵوێستی کۆمۆنیستانەیدا چەسپاو بێت)، لەو کارانەی لەو تافەدا نوسی، شانۆیی (نکراسۆف) بوو، دەکرێت ئەوە بووترێت بەمکارە، سارتەر هاوسەنگی بۆ کارە شانۆییەکانی تری دروستکرد، کە لە چلەکاندا دەستیپێکرد، کە لە شانۆیی (دەستە پیسەکاندا) ناعادیلانە لە بەرامبەر کۆمۆنیستە فەرنسییەکان وەستایەوە.

ساڵی ( 1955) سارتەر شانۆیی نیکراسۆفی نوسی، هەر ئەو ساڵە خرایە سەر تەختەی شانۆو ساڵی دواتر بڵاوکرایەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ساڵانە پاش مردنی ستالین دێت و خرۆشۆف دەستیکرد بە چاکسازییەکانی و یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسای لە گۆشەگیری ئایدۆلۆژی خنکێنەر رزگارکرد، ئەو ماوەیە ترۆپکی بڵاوبوونەوەی نووسینی رۆژنامەنووسی بوو لە دژی سۆڤیەت، هەروەها لێکجیابوونەوەی بەرپرسە سۆڤیەتییەکانی لێکەوتەوە و بەرەو خۆرئاوا رایانکرد، بەهانەی هەمیشەیی ئەمانە بریتی بوو، لە راکردن لە مومارەسەکانی ستالین کە هێشتا هەر ماوەتەوە، هەروەها ناوەندی خۆرئاوا، بە تایبەتی فەرەنسا، کە پەیوەستە بەچەند رێکخراوێکەوە پەیوەندییان بە ئەمەریکاوە هەیە، وەک ستبین فرانسیس ساوندەرز دواتر لە کتێبێکیدا دەریدەخات بە ناونیشانی (کێ نرخی شمشاڵژەنەکە دەدات)، ئەو پێشوازی لێدەکردن و هەرای گەورەی لێکەوتەوە، ئەویش لە ڕاستای جەنگی ئایدۆلۆژی کراوەدا کە تاکو کۆتایی کەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و سیستمە سۆسیالیستەکان، ئەم جەنگە ئایدۆلۆژییە کۆتایی پێنەهات، لە نێوەندی ئەم جەنگەدا سارتەر هەڵوێستی خۆی وەرگرت و بە شانۆیی نکراسۆف گوزارشتی لێوەکرد، هەروەها هەڵوێستێکی رۆشنی لەو رۆژنامانە وەرگرت، کە درۆیان کردبووە تاکە رێگای خۆیان، زۆر بڕوای بەو تیۆرە بەناوبانگەی

گۆبلزی بەناوبانگ هەبوو (درۆ بکە درۆ بکە دواجار کەسێک دەبێت بڕوات پێبکات)، لێرەوە خاوەنی (بوون و عەدەم) توانی زیاد لە نیشانەیەک لەم شانۆییەدا بپێکێت.

نیکراسۆف کە لە هەشت تابلۆ پێکدێت، دەربارەی قۆڵبڕێکی فەرەنسیە، بەناوی جۆرج دی ڤالێرایە، کاتێک دەزانێت بە دەزگای ئەمن دەورە دەدرێت، خەریکە لەسەر قۆڵبڕین دەیگرن، بە گەمەیەک کە لەو تافەدا وەک مۆدێل وابووە وا خۆی پێشکەشی رۆژنامەنوسان دەکات، کە ئەو رۆژنامەیە رۆژانە وتاری لە دژی دەسەڵاتی سۆسیالیستی سۆڤیەتی دەنووسی، کە ئەم وەزیرێکی سۆڤیەتییە و لە وڵاتەکەی هەڵهاتووە، ئازادی پێباشترە لەوەی وەک کۆیلەیەک بژی، جا ئەگەر وەزیریش بێت، ئەو قۆڵبڕە ناوی نکراسۆف لەخۆی دەنێت، ئەم کەسە دەبێتە بابەتی ئەو سەعاتە، ئەوەندە نابات لە شەو و رۆژێکدا دەبێتە کوڕێکی بەنازی ئەو دەستەیەی رقیان لە کۆمۆنیستییە، ئەم کەسە لێدوان دەدات، تەنانەت لە کاتێکدا زۆر توڕە دەبێت، لەبەرەئەوەی زیاد لە پێویست بەکاریدەهێنن، بەتایبەتی لەو نێوەندەدا، پاشان درۆیەکی توڕە دەنێرێت بۆ ئەوەی دراوەتە پاڵی، بەڵام ئەم درۆیە بڵاوناکرێتەوە، مەسەلەکە لەوێدا دەگاتە ترۆپک، کاتێک رۆژنامەکە ئەو شتە بڵاودەکاتەوە، یان ئەو زۆرناژەنینەی لە دەوری دەکرێت، ئەو لێدوانانەی خراونەتە پاڵ نیکراسۆف (ئابڕوچوونی) کۆمەڵێک خەبانگێڕی کۆمۆنیستی فەرەنسی لەخۆگرتووە، کە دەبێتە هۆی گرتنیان، لێرەوە پیاوەکە هەستدەکات دزو قۆڵبڕە بەڵی، بەڵام ناکرێت لە دەستەی ئەوانە بێت کە ئازاری ئەوانی تر دەدات، بەڵام خێرا دەچێت هەموو راستییەکان بڵاودەکاتەوە، لەم کاتەدا کەس باوەڕی پێناکات، ئەم مرۆڤێکە هیچ بەهایەکی نەماوە، تەنها ئەوەندە نەبێت، کە لەدژی کۆمۆنیستەکان بەکار دەهێنرێت، لەبەرئەوە راستڕەوەکان ئەوەندە نابات،

دەیخەنە ناو شێتخانەیەکەوە، کە لە هەقیقەتدا زیندانە ئەویش بە بەهانەی ئەوەی ئەقڵی لەدەستداوە، لێرەوە کۆمۆنیستەکان دەستدەخەنە کارەکەوە و ڕێگایەکی بۆ هەڵهاتنی لەو شێتخانەیە بۆ دەدۆزنەوە، ئەویش بەهۆی کچە ڕۆژنامەنووسێکی چەپ بەناوی فیرۆنیک.

بێگومان نابێت خوێنەر وا هەستبکات ئەمە کارێکی شانۆیی درامی، یان خەمبارانەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سارتەر مەبەستی ئەوەیە وەک کارێکی کۆمیدی گاڵتەجاڕ بینوسێت، پڕ بێت لە دیمەنی کۆمیدی، بگاتە سنوری (سوارچاک) کە ئەویان لە زەمەنی سەرەتای سینەمادا بوو، لە پشکی فیلمەکانی ماک سینین، پاشان چارلی چاپلن بوو. ئەو کات سارتەر کاریگەری ئەو جۆرە سینەمایەی لەسەر بوو، ئەیوت ئەبێت شانۆ لاسایی سینەما بکاتەوە بەو جوڵە خێرا پڕ پێکەنینانە، کە بە هێمنی زەمەن دەبڕێت، بەڕاستیش ئەمەی لە زۆربەی دیمەنە شانۆییەکانیدا کرد، مەسەلەکە هەرچۆنێک بێت، ئەم لایەنە کۆمیدییە، کە لە رووکەشدا وادێتە پێشچاو کە دوورە لە جدیەتەوە، بەڵام لەقوڵاییدا بە تەواوەتی جدی بووە، سارتەر توانی گاڵتە بە هەموو نێوەندی کۆنەپەرستی فەرەنسی ئەو سەردەمە بکات، کە لە (ئابڕووبردنی خەوشەکانی کۆمۆنیستی) مەیدانی جوڵانی خۆیان وەردەگرت، سارتەر ویستی ئەو ناوەندە ئابڕو بەبات، هەروەها لەو ناوەشدا جۆری بەکرێگیراوی ڕۆژنامەش ئابڕو بەرێت، کە ئەم مەبەستانە بڵاودەکەنەوە، کە وادەکات واقعێک بخوڵقێنێت، بە درۆکانی جۆرج بکاتە نکراسۆف و جەماوەری سادەی پێ بخەڵەتێنێت، ئەویش بەشێوەیەکی گەورەو گەورەتر، تاچەند درۆکە گەورە و گەورەتر بێت، ئەوەی لەکۆتاییدا داواکراوە بریتی نییە لە نیکراسۆف و بیروڕاکانی و تۆبەکانی، بەڵکو وێناکردنی هەموو شتێکی سۆڤیەتە بە سلبی، ئەویش بە وێنەیەکی تەواو فودراو هەروەها لەم

واقیعەوە هەموو بەو جەنگەوە سەرقاڵ بکرێن، بەتایبەتی کاتێک کاردەگاتە سەر ئەوەی نکراسۆف باسی لەوە کردووە، ئەگەر کۆمۆنیستەکان بێنە سەر دەسەڵات ئەم لیستە ناوە لەسێدارە دەدەن، نکراسۆف زیاد لەمە دەڕوات و دەڵێت بەنهێنی (ئەو دەستەیەمان دروستکرد کە کاری لەسێدارەدانەکە ئەنجامدەدەن)، لیستێک بڵاودەکاتەوە هەر کەسێک ناوی لەو لیستەدا بێت، شانازی بەخۆیەوە دەکات، هەروەها ئەوانەی ناوییان لەناو لیستی (پێشکەوتوخوازانی خائینی فکری ئازاد)دا، هەبێت تووشی شەرمەزاری دەبن.

لەم کارە سارتەرییەوە، کە هەندێکیش فەرامۆشکراوە، خاوەنی (دەرگا داخراوەکان)و (دیلەکانی ئوانا)و فەیلەسوفی بوونگەریی یەکەم، سەرەکۆنەی جۆرێک لە ڕۆژنامەی سیاسی دەکات، کە لە ئەسڵدا بوونیان نییە، تەنها لەدژی هەموو ئەو شتانە نەبێت لەناو جەنگێکی دونکێشۆتی درۆزنانەدا دروستکراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە هەمیشە جەماوەرێک دەدۆزێتەوە باوەڕی پێبکات، سارتەر لەم کاتەدا دەڵێت، ئەویش وەک لێدوانێک لە بارەی شانۆییەکەیەوە (نکراسۆف)، گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە لەرۆژنامە بریتییە لە کاردانەوەیەکی درۆزنانە، کە لە ئەڵمانیا لە کۆتایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستدا هەبووە، کە بەرپرسیاریەتی یەکەمی سەرکەوتنی فاشیەت ئەکەوێتە ئەستۆی.

هەروەها ڕۆژنامەکانی فاشیەت، خاوەنی نامەیەکی بوونیادنەرانە نەبووە، بەڵکو تەنها کاردانەوەیەک بووە دژی بەها دیموکراتییەکان، شکستخواردوەکان و دروستکەرانی ئەفسانەکان پێی هەڵدەستن، خەڵکانێک ئەم کارە دەکەن کە هیچ بەهرەیەکیان نییە، نەگبەتی و نەزانینی جەماوەر بەکاردەهێنن، هەروەها ئەو خواستەی دوژمنێکی وەهمی بۆ دروستدەکەن، کە هەموو شکست و نێکشکانی خۆیانی پێدا هەڵدەواسن.

* * *

له ئەندیشه سیاسیەکانی سارتەردا مرۆڤ چەق و تەوەری رەهایە. ئەو جەنگ لەدژی جەنگ ڕادەگەیەنێ و مرۆڤەکان بە بەرپرسی هەموو ئەو کارو رەفتارانە دەزانێ کە ئەنجامیان دەدات. نە خواو نە قەزاو قەدەر. فەیلەسوفێک کە پێیوایە مرۆڤ لە کارو رەفتارو ئەندیشەکانیدا دەبێ و ناچارە رێگایەک بۆخۆی هەڵبژێرێ و بنەمای ئازادیی مرۆڤیش هەر لەو ((ناچار بوون))ەدا دەبینێ.

بەڵێ هەر ئەو بوو کە دەبوو بۆ دەربڕینی دیدو ئەندیشە فەلسەفییەکانی خۆی، پەنا بباتە بەر ئەدەبیات و ژیانی خۆی چ بەر لەجەنگی دووەمی جیهانی و چ دوای جەنگ بۆ نووسین تەرخان بکات، بەچەشنێک کە ئەگەر نوسین و بەرهەمەکانی سارتەر لەبەرچاو بگرین دەبینین کە رۆمانی بەناوبانگی (هێڵنج _ le nausee)ای لەساڵی1938نووسیوەو(دیوار) لەساڵی 1939 و دوای ئەوەش(پرسی خەیاڵ) لەساڵی 1940 دەنوسێ، یان یەکەمین نمایشنامەی کە بەناوی (باریونا)یەو دوای ئەویش (مێشەکان _ les mouches)و (بوون و نەبوون)ی لە ساڵی 1943 نوسیون، واتە بەرهەمەکانی زیاتر لە سەردەمی جەنگدا نوسراون. ئەگەرچی ئەو بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی لەژێر کۆت و بەندی فاشیزمی هیتلەری، جلی سەربازی دەپۆشێ و دەچێتە بەرەکانی شەڕو بەدیل دەگیرێ و دوای راکردنی لە ئۆردگای دیلەکان دەچێتەوە ریزی بزاڤی بەرگریی فەرەنساو تەڤلی ریزەکانی خەباتگێڕانی کۆمۆنیست دەبێ. بەوەش دەبێتە یەکەمین کەس لەنێو نووسەرانی دوای جەنگ، تەنانەت ساڵەکانی جەنگیش لە نوسین و بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوەی هزرو دیدگاکانی نایوەستێنێ.

ژان پۆل سارتەر ساڵانی پێش جەنگ زیاتر فەیلەسوف بوو ئەوەندە ئارەزوی لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان نەبووە: (لەسیاسەت دوور بووم و لەهەر چەشنە پابەندبوونێک خۆم دەبوارد..)، بەڵام سارتەر دوای جەنگ بڵاوکراوەی چەپگەرایی (سەردەمی مۆدێرن) بڵاودەکاتەوە، بڵاوکراوەیەک کە وەک (لۆمۆند) بەیەکێک لە بەناوبانگترین و بەخوێنەرترین بڵاوکراوە دەژمێردرێ لە مێژووی چاپەمەنی فەرەنسادا. بڵاوکراوەیەک کە تێڕوانینە فەلسەفییەکانی ئەوی بڵاودەکردەوە و لەبواری بوونگەرایی باس و مشتومڕی گەرمی دەهێنایە گۆڕێ. شایانی باسە ئەو قوتابخانە فکرییە دوای جەنگی یەکەمی جیهان لەئەڵمانیا برەوی سەندو دواتر گەیشتە فەرەنسا و ئیتاڵیا. ناوەڕۆکی فەلسەفی ئەو ڕێبازە هزریە خۆی لەو نارەزایەتیانەدا دەبینێ کە مرۆڤ بەدەستیانەوە گرفتارە.

نوسەرانی ئەو قوتابخانەیە کار لەسەر شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بوون دەکەن، چونکە بەبڕوای ئەوان (بوون) پێشەنگی ماهیەتە. ئەوان دەڵێن مرۆڤ لەناو شتە پووچ و بێهوودەکاندا ژیان دەباتە سەرو دڵبەستەو گیرۆدەی هیچە. دەڵێن مرۆڤ لەژیانی خۆیدا ئارامی و ئامانجێکی نییە، هەوڵ و خۆماندوکردنی بەردەوامی لەپێناوی هیچە، بەڵام ئەو مرۆڤەی کە بەهیچ شتێکەوە پابەند نییە، بەخۆی و ژینگەی خۆیەوە دەتوانێ خۆی خۆی پێبگەیەنێ.

هەر لەمیانی ئەو بڵاوکراوەیەو وتارەکانی دیکەیەوە بوو کە کەوتە رەخنەگرتن و ریسواکردنی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی ئازادی و دیکتاتۆریەت و زەبروزەنگی سۆڤیەتی جاران، بەتوندی رەخنەی گرت لە دەستدرێژیی لەشکری سۆڤیەت بۆ سەر هەنگاریا لەساڵی 1956و داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا لەساڵی 1968 لەلایەن ئەو لەشکرەوە، وەکو (ئاندرێ ژید)

نوسەری رۆمانی (خوانەکانی زەوی) کە کەسێکی کۆمۆنیست بوو یەکێک لە سنایشکاران و لایەنگرانی سۆڤیەت بوو کە دوای سەفەری خۆی بۆ ئەو وڵاتە لەساڵی 1936 لەو باوەڕەی خۆی پاشگەز بۆوە و کتێبی (گەڕانەوە)ی نوسی و تیایدا باسی فشارو زەبروزەنگ و بەرتەسککردنەوەی ئازادیە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیە تاقەت پڕوکێنەکانی ئەو سەردەمە دەکات، یان نوسەرانی تری وەک ئارتور کستلەر کە (خەونی حەوت ساڵە)ی بۆ لەقاودانی کارو رەفتارەکانی رێبەرانی بەلشەڤیک نوسی، یاخود وەک لویی فیشەر کە ئەویش کۆمۆنیست بوو لایەنگری سۆڤیەتیش بوو، بەڵام دواجار ناچاربوو (تزارە سورەکان) بنوسێ و بەتوندی رەخنە لەو قۆناغە رەشەی دەسەڵاتدارێتیی سۆڤیەت بگرێ. شایانی باسە کە سارتەریش، وەکو ئازادیخوازانی تری جیهان داکۆکیی لەئازادیی دەربڕین دەکردو لەهەموو جێگایەک و لە پشتیوانیکردن و داکۆکیی لەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەو بڵاوکراوە چەپگەرا توندڕەوەکاندا کەسێکی چالاک بوو، بەڵام رۆمانی (هێڵنج) کە سارتەری گەیاندە ترۆپکی ناوبانگ، رۆمانێکە کە ناوەڕۆک و بابەتەکەی بەهیچ شێوەیەک خوێنەر ماندو ناکاو هیچ ئاڵۆزی و ناڕۆشنیەک لە چەمک و دەربڕینە فەلسەفییەکانی ئەو رۆمانە بەدی ناکرێت.

کارەکتەری سەرەکی یا گێڕەرەوەی رۆمانەکە (ئانتۆنی رۆکانتن ـ A. Roquintin) کە لە ڕاستیدا خودی سارتەرە، رووداوەکان دەگێڕێتەوە. رۆمانەکە بە هەڵێنجانی رۆکانتن بەو مانایە دەست پێدەکات، کە پەیوەندیی ئەو و شتەکانی دەوروبەری پەیوەندیەکی ئاڵۆزە و ئەنجامەکەشی دۆزینەوەی رێچارەیەکی شیاوی قەڵەمڕەوی خەیاڵە، چونکە ئەو قەڵەمڕەوە لە بنەڕەتدا لەجیهانی ماتریالەوە جیایە.

سارتەر لەو بارەیەوە دەڵێ: (لە تەمەنی سی ساڵیدا توانیم لەڕێی ڕۆمانی «هێڵنج»ەوە ـ باوەڕم پێبکەن زۆر ڕاستگۆیانە ـ بوونی نالەبارو بەدی هاوڕەگەزەکانم بنوسم و بوونی خۆم تەبریە بکەم. من ڕۆکانتن بووم، لە کارەکتەری ئەودا، بەبێ خۆهەڵکێشان، تارو پودی خۆم نیشاندا، لە هەمانکاتدا خۆم بووم ئەو بژاردەیە، ئەو کەسەی دەردو ڕەنج و بوویەرە دۆزەخییەکان دەخاتەڕوو، میکرۆسکۆبی شووشەیی و پۆڵایین کە سەرم خستبووە سەر «شێرە» پرۆتۆ پلازمییەکانی خۆم. «لە کتێبی پەیڤەکان (بیرەوەریەکان) لاپەڕە 10–209».

ڕۆمانەکە بە مەزەندەی زۆرەوە ساڵی 1932 نوسراوە. کاتێک کە ئانتوان ڕۆکانتن لە سەرەفەرەکەی بۆ ئەوروپای ناوەڕاست و ئەفریقیاو خۆرهەڵاتی دوور گەڕاوەتەوەو ماوەی سێ ساڵ دەبێ لە شاری (بۆویلا ـ Bouyill) دەژی تا لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی لەبارەی مارکی دو ڕۆلیبۆن (M. D. Rollebon) تەواو بکات.

هەر لەو شارەیە کە هەڵدەستێ بە وێناکردنی دیمەنەکانی شەقامی تۆرن برید Tornebride لە بەرەبەیانی یەکێ لە ڕۆژانی یەکشەممە و دیداری دوبارەی لەگەڵ ئانی ـ sannyی خۆشەویستی پێشووی (بەدڵنیاییەوە هەمان سیمۆن دی بۆڤاری نوسەری فێمنیستی فەرەنسیە، کە سارتەر تا دواساتەکانی تەمەنی پەیوەندییێکی توندوتۆڵی لەگەڵیدا هەبوو)، هەروەها لەدەستدانی دوبارەی ئەو یان ریسوایی «زانستخوازی»، یاخود ئازاری (لوسی Lucie)ی خزمەتکاری هۆتێل کە مێردە گەنجە قۆزەکەی خۆی بەرەو نابوودی دەبات و ڕووداوەکانی دیکەی گەشتەکەی دەنووسێتەوە و بەگشتی ئاوا فەزایەکی چیرۆکی دەئافرێنێ کە هەم دڵگیرەو هەم زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەگەر بەباشی و بەوردی سەیر بکەین پەی بەوە دەبەین کە ئەو بۆ ئافراندنی

بەرهەمەکەی سوودی لە ڕووداوە زۆر سادەکانی ڕۆژانە وەرگرتووە و بەشارەزاییبەکی تەواوەوە ڕووداوو هەست و نەستەکانی خۆی و کەسانی ناو ڕۆمانەکەی وێنا کردون.

وەک نوسەرو وەرگێڕی ئێرانی و وەرگێڕی ئەو ڕۆمانە بۆ فارسی واتە «میر جەلالەدینی ئەعلەم) دەڵێ: ئانتوان ڕۆکانتنی قارەمانی ڕۆمانی هێڵنج کە بەتەنیا لەشاری بۆویلا دەژی، هەموو سەرقاڵبوونەکەی بریتییە لە »بوون»، بەڵام «بوونێک کە ئەو بیری لێدەکاتەوە، ئەو بوونەی لەکایە میتافیزیکیەکەیدا نییە، بەڵکو بوونی ئەم جیهانە بەرهەستە و ڕەنگدەرەوەی شوێنگەی کۆمەڵایەتیی تاک و پەیوەندییەکانی ئەوە بە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵەوە. دوو شت ڕۆکانتن ئازار دەدەن: یەکێکیان ئەوەی کە دەوری بە کۆمەڵێک «گەجەرو گوجەر» گیراوە و بە هەستو نەستی درۆزنانە و ئەندیشە و هزری کلێشەیی، کە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بوونە ناعەقڵانییە بەگشتی جۆرێک پشێوی و دڵتێکهەڵچوونی لێدەکەوێتەوە و ڕۆکانتن دەخاتە حاڵەتی «هێڵنجدانەوە». ڕۆکانتن  بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتووە کە مۆسیقا حاڵەتی وروژانی تیا دێنێتە ئاراو هەستی وروژان و خۆشی تیا دروست دەکات. دواجار داوی خولانەوەیەکی دەردناک تێدەگات کە بۆ خۆدەربازکردن لەجەنگی «بوون»ی نالەبارو پووچی خۆی دەبێ بەهاگەلێک بۆخۆی پەیدا بکات،  ڕووبەڕووبوونەوەیەکی «بوونی»ی تایبەت بۆخۆی هەڵبژێرێ، بۆ ئەمە ڕوودەکاتە ئەدەبیات و لەو بـوارەدا بەشێوەیەکی دیاریکراو ڕۆماننوسین هەڵدەبژێرێت، بەم شێوەیە ئومێدوارە کە واتایەکی بەهادار بەژیانی بێواتای پێشووی خۆی ببەخشێ».

لە ڕۆمانی «هێڵنج»دا کە یەکێک لە بەهادارترین بەرهەمە ئەدەبیەکانی سەردەمی ئێمەیە، دیدگا فەلسەفییەکانی سارتەر بەڕوونی ڕەنگیانداوەتەوە.

پرسگەلی وەک «بـوون و نەبوون»، «پووچی»، «شتە واقیعی و شتە ناواقیعییەکان»، «جیهانی خەیاڵ و فەنتازیا»، «شتی خەیاڵاوی»، «شتی ئامادەگی» و.... «هەبوون» واتە ئەو شتانەی بۆ ئێمە قابیلی دەرککردنن ئانوپۆو وێناو دیمەن و بوویەرەکانی رۆمانەکە پێکدەهێنن، کە بۆ تێگەیشتنیان پێویستە ئەو رۆمانە لانیکەم سێ جاران بەوردی بخوێنرێتەوە، بێگومان ناتوانین لەم چەند دێڕە کورتەدا دیدگاکانی سارتەر روونبکەینەوە، بەڵام لە کۆتاییدا و بە مەبەستی ئەوەی ئەو خوێنەرە هێژایانەی تا ئێستا ئەو رۆمانەیان نەگەیشتۆتە دەست وێنایەکیان لە بابەتو سوژەی رۆمانەکە هەبێ بە پێویستی دەبینم کە یەک دوو نموونە لە دەقی رۆمانەکە نەقڵ بکەم و کۆتایی بەم وتارە بێنم:

«وشەی پووچی ـ (Absurdity) ئێستا لەژێر نووکی قەڵەمەکەم لەدایک دەبێ، کەمێک پێشتر لەناو باخدا، نەمدۆزیەوە، بەڵام بەدواشیدا نەگەڕام، پێویستم پێ نەبوو: من بەبێ وشە بیردەکەمەوە، لەبارەی شتەکان، لەگەڵ شتەکان.

پووچی نەوێنایەکی لە مێشکمدا هەبوو نەنەوای دەنگێک، بەڵکو ئەو مارە مروودەی بەرپێیەکانم بوو، ئەو مارە دارینە. مار یان چڕنووک، یان ریشە یاخود پەنجەی کەرکەس، گرنگ نییە، بێئەوەی شتێک بەڕوونی باس بکەم دەمزانی کە کلیکی بوون، کلیلی هێڵنجەکانم , کلیلی ژیانی خۆم دۆزیوەتەوە. بەڕاستی، هەموو ئەو شتانەی دواتر توانیم تێیانبگەم، دەچنەوە سەر ئەو پووچیە بنەڕەتیەوە.

پووچی: هەمدیس وشەیەکی تر، من لەگەڵ وشەکاندا دەجەنگم. لەوێدا شتێکم هەڵکڕاندووە، بەڵام لێرە دەمەوێ خەسڵەتی رەهای ئەو پووچیە دیاری بکەم. جووڵەیەک، رووداوێک لە دنیای بچوکی رەنگینی

مرۆڤەکان هەرگیز بەشێوەیەکی ڕێژەیی پووچ نییە: بەنیسبەت ئەو ڕەوش و هەلومەرجەی تیایدان، بۆنمونە قسەکانی شێتێک بەنیسبەت ئەو مەوقیعیەتەی کە تیایەتی پووچن، بەڵام نەک بەنیسبەت شێتایەتیەکەی خۆیەوە».

«ئینجا دواتر لەپڕ، شتێک لەبەر چاوەکانمدا دەستی بەجوڵە کرد، جووڵەیەکی بچووک و نادیار، با خەریکبوو سەر لکی درەختەکانی دەلەراندەوە. پێمناخۆش نەبوو کە بینیم شتێک خەریکە دەجوڵـێ. دوای هەموو ئەو بوونە بێجووڵانەی کە وەک چاوی زەق لێیان دەڕوانیم، هەمەڕەنگێک بوو. هەر ئاوا کە لەرینەوەی لق و پۆپی درەختەکانم سەیر دەکرد، بەخۆمم گوت: جوڵەکان هەرگیز بە تەواوی بوونیان نییە، ئەوان لەنێو دوو بووندان خۆم ئامادەکرد کە ببینم داخۆ لە نەبوونەوە دێنە دەرەوە، بەرەبەرە پێدەگەن و دەپشکوون: سەرەنجام دەڕۆیشتم کە بوونەکان لە ڕێڕەوی هاتنەبووندا غافڵگیر بکەم».

***سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# سارتەر و ئازادی

ئامادەکردنی لە ئینگلیزییەوە:
شاسوار کەمال مەحمود

چەمکی ئازادی چەقی جەمسەری سیستەمی فکری سارتەرە بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها چەمکێکی زاڵی کارە سیاسیەکانیەتی، بە تایبەتی تێڕوانیی سارتەر بۆ ئازادی گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە بە درێژایی ژیانی. لێکۆڵەرەوان کۆک نین لەسەر ئەوەی ئایا بەردەوامی، یاخود گۆڕانی بنەڕەتی هەیە لە نێوان تێڕوانینی سارتەر، بۆ ئازادی لە کارە سەرەتاییەکانیدا لەگەڵ تێڕوانینی سارتەر بۆ ئازادی لە کارە کۆتاییەکانیدا، سەرەڕای ئەمەش کۆدەنگیەکی تەواو هەیە لەسەر ئەوەی کە تێڕوانینی سارتەر بۆ ئازادی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەرەو تێڕوانینی ماددیانەی ئازادی، بە پێچەوانەی تێڕوانینی زانستاینەی ئازادی کەلە کارە سەرەتاییەکانیدا زاڵبووە. بەپێی ئارگومێنتەکانی ناو کتێبی «بوون و نەبوون» ئازادی مرۆڤ بریتییە لە توانای هۆشیاری بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخی مادیانەی ئازادی (ل 563). دواتر بەتایبەتی لە کتێبی «ڕەخنە لە دیالێکتی عەقڵی» سارتەر تێڕوانی دەگۆڕێت و پێیوایە: مرۆڤ ئازادە ئەگەر تەنها پێدوایستیە سەرەتاییەکانی تێربوون(ل327). با وردتر سەیری ئەم دوو تێڕوانینە بکەین.

تێڕوانینی سەرەتای سارتەر بۆ ئازادی یەکسانە بە هۆشیاری مرۆڤ. سارتەر پێیوایە ئازادی مرۆڤ پێکدێت لە توانای هۆشیاری بۆ ڕاکردن لە ئێستا، بەو مانایەی هیچ مرۆڤێک توشی شکست نابێت لە هەوڵدانی بۆ ئەوەی

ئازاد بێت، لە وتارێکدا دەربارەی «دیاردەناسی زانستی» تێگەیشتنی سەرەکی سارتەر لەسەر بوونی مرۆڤ روون دەکاتەوە، لە وەڵامی پرسیاری (بوون بەمرۆڤ چی دەگەیەنێت؟)، سارتەر دەڵێت: مرۆڤ مادەیەکی بێگیان نییە، مرۆڤ هۆشیارە، لەبەرئەوە مرۆڤ ئازادە.

تێڕوانینی زانستییانەی ئازادی مشتومڕێکی زۆر لەسەرە و لەزۆر لاشەوە رەتکرایەوە، چونکە ئەم تێڕوانینە ئەو مانایە دەگرێتە خۆی کە مرۆڤ ئازادە لە هەر بارودۆخێکدا بێت، کارە سەرەتاییەکانی سارتەر ئەم تێڕوانینەیان لەخۆگرتبوو دەربارەی ئازادی. ئەو دەیوت فەڕەنسییەکان ئازادبوون تەنانەت لە ماوەی داگیرکاری ئەڵمانیا بۆ فەڕەنسا. سارتەر بە جۆشەوە باسی دەکرد کە تەنانەت زیندانییەکانیش ئازادن، چونکە توانای هۆشیارییان هەیە »بوون و نەبوون« ل 622. زیندانی، هەرچەندە زوڵمی لێکراوە، دەتوانێت هەڵبژێرێت کە چۆن رووبەڕووی ئەو زیندانی کردنەی ببێتەوە.زیندانی ئازادە، چونکە دەتوانێت کۆنتڕۆڵی کاردانەوەکەی بکات بەرامبەر زیندانی کردنی: دەتوانێت مل کەچ بێت یاخود بەرگری بکات، لەبەرئەوەی سنوری بابەتی نییە بۆ ئیرادە، ئەگەر تەنها بیر لە ئیرادەی هەڵاتن بکەمەوە ئەوا تەنها قفڵکانی زیندان رێگرن، لە نمونەیەکی هاوشێوەدا سارتەر پێیوایە چیاکان ئەوکاتە دەبنە سنور کە تاک بیەوێت سەرکەوێت بۆ ئەودیو، بەڵام نەیکات. ئەم بۆچوونەی سارتەر لەسەر ئاستی سیاسی و زانستی رووبەڕووی رەخنەی توند بووەوە.

ئەوەی جێگەی پرسیارە چۆن هاوسەنگی لەنێوان تێڕوانینی زانستایانەی ئازادی لە کارەکانی سەرەتاو تێڕوانینی ماددیانەی ئازادی لە کارەکانی کۆتای سارتەردا بکەین، زۆر خاڵ هەن ئاماژە بەم گۆڕانە دەکەن لە کارەکانی سارتەردا، لە کارەکانی کۆتاییدا سارتەر بەهیچ شێوەیەک باسی هۆشیاری نەکردووە، بۆ کارەکتەرایزکردنی بوونی مرۆڤ، لەبری ئەوە تێڕوانینی

مارکسییانەی بـەلاوە پەسەندبووە. زیاتر لـەوەش سارتە تەئکیدی لەسەر (بارودۆخ –Situation) کردۆتەوە لە راڤەکردنی سایکۆلۆژیا و هەڵبژاردنەکانی تاکدا، هەروەها رەخنەی لە هەموو بیروباوەڕێکی ئازادی «ناوەکی» گرتووە و روونی دەکاتەوە گۆڕانی هەڵوێست ناتەواوە بۆ ئازادی راستەقینە.

گۆڕانی هەڵوێستی سارتەر بەرەو چەمکی مادیانەی ئازادی راستەوخۆ پەیوەندی بە هۆلۆکۆست و جەنگی جیهانی دووەمەوە هەبوو.

کتێبی «دژە سامی و جو» راستەوخۆ دوای جەنگ چاپکرا، کە بە یەکێک لە کارە یەکەمینەکان دادەنرێت لەسەر شیکردنەوەی بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی ستەمکرد، لە راڤەکردنەکەیدا سارتەر هەمان ئەو میتۆدە دیالێکتانەی بەکارهێناوە کە لە پەیوەندی راستەقینە لەگەڵ ئەوانی تردا، بەکاری هێناوە لە کتێبی بوون و نەبوون دا، لە کتێبی دژە سامی و جودا سارتەر پێیوایە ستەم کردن بریتیە لە پەیوەندی نێوان سەردارو کۆیلە. ئەوکاتەی سەردار نکۆڵی لە ئازادی کۆیلەکان دەکات، دەبێتە پاشکۆی کۆیلەکان. ئەو پێیوایە پەیوەندی نامرۆڤانە دەبێتە هۆی نامۆبوون و لەدەستدانی ئازادی.

ئەم دیدە نوێیەی سارتەر دەربـارەی ئـازادی ناچاری کرد بەڕوونی رایبگەیەنێت کە مرۆڤ ئازادە لە هەندێک بارودۆخدا نەوەک لە هەموو بارودۆخێکدا.

لە کتێبی رەخنەدا سارتەر دەنوسێ (گرنگە بزانین کە کەسێک ناتوانێت ئازاد بێت لەکاتێکدا کەلەبچە کراوە)، هەروەها دەڵێت (کارێکی هەڵەیە وا تەفسیر بکرێت کە من وتومە مرۆڤ لە هەموو بارودۆخێکدا ئازادە). گریمانەی سەرەکی سارتەر لە کارە سیاسیەکانیدا بریتییە لەوەی ستەمکردن واتا لەدەستدانی ئازادی، لە کاتێکدا مرۆڤەکان ئازادی زانستی لەدەست نادەن، ئەوە لەداستانی ئازادی دەبێت جۆرێکی تر بێت لە ئازادی: ستەمکردن واتە دەستبەرداربوون لە ئازادی ماددی.

لە کتێبی دژە سامی و جودا سارتەر باس لە ستەم دەکات، پێیوایە ستەم کردن بەمانی ئەوە نییە، مرۆڤ خیاراتی لەبەردەمدا نەبێت، بەڵکو مرۆڤ ناچار دەکرێت خیاراتی خراپ و نامرۆژانە هەڵبژێرێت، بۆ نمونە جولەکەکان لە کۆمەڵگا دژە سامیەکاندا ناچار دەبن هەڵبژێرن لە نێوان سڕینەوەی خود، یاخود لاسایی کردنەوەی خود، هەروەها لە کتێبی رەخنەدا سارتەر باس لە گرێ بەستی کرێکاران دەکات، بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە هەبونی خیاراتەکان مانی ئەوە نییە ئازادی بوونی هەیە.

ئەو پێیوایە کاتێک کەسێکی بێ دەرامەت ناچار دەبێت کارێکی مووچە کەم قبوڵ بکات لە پێناوی تێرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیدا، ئەو مرۆڤە خیاراتی هەیە، بەڵام خیاراتەکان نامرۆڤانەن.

لەماوەی سیاسیدا بە شێوەیەکی گشتی سارتەر تێڕوانینی مادیانەی خۆی بۆ ئازادی پەرەپێداوە بە بەراوردکردنی مرۆڤی ئازاد و کۆیلە. سارتەر ئەو تێڕوانینەی لە هیگڵەوە وەرگرتبوو.

سارتەر باس لە کۆیلایەتی ئەمریکییەکان دەکات بۆ شتومەک. سارتەر هەمان رێچکەی هێگڵی گرتووە بۆ باسکردنی کۆیلایەتی وەک شێوەیەکی (رێزگرتنی یەکلایەن)ە ئەوکاتەی یەکێک زاڵ دەبێت بەسەر کەسێکی تردا لەرووی سایکۆلۆژیی و جەستەییەوە. سارتەر پێیوایە کۆیلە ئازد نییە، لەبەر ئەوەی لەلایەن سەردارەکەیەوە کۆنترۆڵکراوە.

ئازادی ماددی پێویستی بەوەیە مرۆڤ ئازاد بێت لە زوڵم و کۆنترۆڵ نەکرابێت لەلایەن کەسێکی ترەوە. سارتەر پێیوایە لە پەیوەندی سەردار و کۆیلەدا هەردوولا لێک ئاڵاون و پەیوەندییەکەیان شێواوە، هەردوولا لە (باوەڕێکی خراپ)دان و هیچان ئازاد نین و ئازادی تەواو پەیڕەو ناکەن. کەواتە هەردوولا: جەلادو قوربانی ئازاد نین، بەڵام قوربانی رووبەڕووی

زوڵمی جەستەییش دەبێتەوە.

دیدگای ماددیانەی سارتەر سەربەخۆیە لە هەر تێڕوانینێک بۆ سروشتی مرۆڤ. ئەو هەمیشە بوونی حەزە سروشتیەکانی رەت دەکردەوە. تێڕوانینی مادیانەی ئـازادی هەندێک پێداویستی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، لەوانە پێداویستیە باشەکان وەک (خۆراک، ئاو، حەوانەوە، پەروەردە)، هەروەها پێداویستیە سلبییەکان وەک (ئازادبوون لە کۆیلایەتی، هەژاری، جیاکاری، بەسەردا زاڵبوون)، لە کاتێکدا سارتەر بەوردی باس لە تێرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکات، هاوکات باس لە پێداویستی مرۆڤ دەکات بۆ رۆشنبیری و بەهای هاوبەشەکان. پۆختەی شیکردنەوەی سەرەوە بریتییە: دەتوانین بە کەسێک بڵێین ماددیانە ئازادە بە بۆچوونی سارتە، ئەگەر:

1. کەسێک ئاسایشی مادیانەی بەردەست بوو.

2. کەسێک زوڵمی لەسەر نەبێت.

3. کەسێک بواری هەبێت بەشداری بەها کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان بکات.

* نوێنەری ماکمیلان بۆ پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.

- ماکمیلان بۆ پەروەردە بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت، بە گۆڕینی پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابخانەکانی کوردستان لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە بۆ پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# ئازادی و بەرپرسیارێتی لە روانگەی سارتەر و هایدگەرەوە

هۆشمەند مەشایخی
وەرگێرانی لە فارسییەوە: دڵنیا رەحیم زادە

1. پێداگری سارتەر لە سەر پێویستی بەردەمی تاک لە هەر چەشنە ناوەڕۆک لە بوون و نەبوون، لە رەخنەی عەقڵی دیالیکتیکی کە جێی خۆی دەداتە بەردەوامی بزووتنەوە و دامەزراوە و لێکدانەوەی دەروونی وەک «کردەی دواکەوتووانە» و پێویستی هەڵوەشانەوەی ئەو. ئەو بوونەوەرێک دێنێتە ئاراوە تا رەتی بکاتەوەو هەموو سەرنجی خۆی لەسەر راستی مرۆڤایەتی کۆ دەکاتەوە.

2. هایدگەریش فەلسەفەی سارتەری شایستەی ناوی ئێگزیستانسیالیست زانیوە، چونکە خشتی یەکەمی ئەم فەلسەفەیە پێشخستنی essentia پێش لە existential دیت، (نامەیەک سەبارەت بە مرۆڤخوازی)، بەڵام لەو بڕوایەدایە کە سارتەر بوون و ناوەڕۆکی بە مانایەکی متافیزیکی تێگەیشتووە.

3. نەبوونی بنەمانی ئۆبژە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکان، یان دەگاتە خەمۆکی یان هەڵچوون لە بەرامبەر هەرچەشنە لێکدانەوەیەک.

سارتەر «هیچ» لە دڵی دەناسێت و ئەم بە هیچ زانینە دەکاتە بنەما بۆ بەرپرسیارەتی بێ مەرجی مرۆڤ، بەڵام هایدگر دەیزاینی سارتەر لە سوژەی ئەندێشەی دەوەرگیراو لە متافیزیکی مۆدێرن دەزانێت. لەو بڕوایەدایە کە «هیچ» (Das nicht) لە بووندایە.

لە نێوان ئەو فەیلەسوفانەی کە لە سەدەی بیستەم بە ئێگزیستانسیالیست ناسراون، ژان پۆل سارتەر یەکێک لەو کەسانەیە کە ئەم ناونیشانەی

وەرگرتووە و فەلسەفەی خۆی بە فەلسەفەیەکی هیومانیستی دەزانێت، ناویناوە ئێگزیستانسیالیزم. هاتنەدی لەسەر بنەمای ڕەزامەندی ئەو بەم ناونیشانە، ماناو ئامانجی فەلسەفەی ئەو زۆرتر روون دەکاتەوە.

سارتەر لە دیاردەناسینی هوسرێل، وەک ئامرازێک بۆ لێکدانەوەی ئێگزیستانسیالیزمی خۆی کەڵک وەردەگرێت، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە خۆی بە ناچار لە کردەوەکانی گۆڕانێک لە شێواز و ناوەڕۆکی دیاردەناسی هۆسرێل دەبینێت، لە راستیدا مەبەستی ئەو لە روو هێنان بۆ دیاردەناسی، وەک هۆسرێل کردنی فەلسەفە بە زانستێکی ورد نییە، ئەو بە هیچ شێوەیەک لە هەوڵی پێکهێنانی بوونیادێکی رەها بۆ زانستە خوێندکارییەکان نییە.

وەلانانی ئامانجە ئاشکراو بێ بیرکردنەوەو باوەڕەکان، جوڵەی دیاردە ناسانەی ئەو، لە بنەڕەتەوە جیاواز لە هۆسرێل چێ دەکات، هۆسرێل عەوداڵی بنەمایەکی رەها کە بتوانێت زانستە خوێندکارییەکان لە سەری بونیات بێنت، خۆی ناچار لە کردەی کەمکردنەوەکانی بەردەوام، دەدیت و سەرەنجام پاش بە ئاگاهاتن لە وێکچوونی گەڵاڵەکەی خۆی لەگەڵ فەلسەفەی گەشەی کانت ئۆلگوی، گەشەکردنی بە «کیشوەرێکی نوێ»ی ناوزەد کرد، کە دیاردەناسی لە کەناری ئەودا پاڵی خستووە.

ئەرکی خۆی لە روونکردنەوەی شێوازی رۆژژمێری جیهان بە شێوازی ئۆلگووی گەشەییەوە پێناسە کرد، بەڵام سارتەر کە نەیتوانی سۆلیپسیزمی سەرچاوەگرتوو لەم گۆڕانەی هاوتەریبی گەشە بۆ پاکانە هێنانەوە جیابکاتەوە، هەندێک چەمکی هۆسرێل بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی لێک داوە. بۆ وێنە «بەئامانج بوون» لە روانگەی ئەوەوە دەرخەری هاوخەباتی وشیارانەیە لەگەڵ جیهان. ئەو ئەم بڕیارەی هۆسرێل کە ئاگایی بەردەوام، زانیارییەکە کە لە شتێکی قبوڵ دەکات، بەڵام ئۆبژەی بەشێوەی پێویستی ئۆبژە بەئامانج

بوون، بە ئامانج نازانێت.

سارتەر چەمکی بەئامانج بوونی هۆسرێلی لەسەر بنەمای «بورهانی بوون»ی خۆی دادەنێت، چەمکێکە کە هۆسرێل بە لەبەرچاوگرتنی پاڵنەر و غایەتی دیاردەناسی ئەو بە پاساو دەزانێت. سەرەڕای سارتەر ئەم راستییە کە وشیاری بەردەوام زانیاریی لەشتێکە کە هۆکارێکە لەسەر بوونی راستەقینەی، لەسەروی ئازادییەوەیە. ئەو ئەم بوونە لەگەڵ بوونی زانی بەیەک دەزانێت. بنەڕەتی کاری هۆسرێل ژیانی وریایی رەها بوو، چونکە لەو بڕوایەدا بوو جیهان ئەو جۆرەی کە بۆ من بوونی هەیە، لە راستیدا جیهانێکی ئەولاتری ئەمە قبوڵ ناکرێت، لە ژیانی وریایی رەهاو لە رێگەی ئەوەوە رۆژمێر دەکرێت، لە بەرامبەردا سارتەر کەلە بە ئیدئالیست زانینی بۆچوونی هۆسرێل ناوەستێت و هەر بەم هۆیە ئەو بە شتێکی قبوڵ نەکراو دەزانێت، بە ژیانی مرۆڤی زیندوو، نە تەنیا لە وشیاری ئەو، دەکۆڵێتەوە.

سارتەر خۆی ئەو جۆرەی کە باوەڕی پێیەتی بوونی خۆبەخۆ بەپرسێکی راستەقینەو سەربەخۆ لە زانیاریی، بە ئیدائالیزمی نازانێت.

ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەو دەیانخاتەڕوو، سەرەنجام دەریدەخات کە بوون لە خۆیدا بە گشتی ناکرێ وەسف بکرێت، هەر وەسفێکیش لە بوون دەگاتە رەتی خودی بوونی، بوون.

ئایا بە پشت ڕاستکردنەوەی سەربەخۆی خۆبەخۆیی دەکرێ ئەو بەشێوەی دیاردەناسی وەسف بکرێت؟ بوونی خۆبەخۆیی بوون لە هیچ شتێکی دیکە جگەلە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو تەنیا هەیە: ناکرێ هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بوونی خۆبەخۆیی و خاڵە پێویستەکان دەستنیشان بکرێت. بوونی خۆبەخۆیی بۆ هەمیشە پاساوی بۆ نییە، زیادییە. لەوێدایە کە بەبێ هیچ مانایەک. سەبارەت بەم بوونە بێمانا، پووچ، بێهۆ، ناپێویست و

زیاد، تەنیا دەتوانین بڵێین کە هەیە. هەر ئەم «بێتوانایییە»یە کە دەریدەخات کە خۆبەخۆ دیارە. ئانتۆان روکانتێن، «پاڵەوان»ی رۆمانی «رشانەوە»، دوورخراوە لە جیهانی پەیوەندییە باوەکان و لەم رووەوەیە، بێ توانا لە بەدواداچوونی ئاڵۆزییەکانی مرۆڤ لە شمەکی دەوروبەری خۆی، ئەوان بە پووچ و بێ مانا دەدۆزێتەوە.

شیکردنەوەی خۆی سەبارەت بە «خۆبەخۆیی»، سارتەر بە ئاماژە بەداهێنانی هۆسرێل لە بواری وشیارییەوە دەست پێدەکات. هەروا کە تێپەڕی، لای هۆسرێل وشیاری ئەو جاڵجاڵووکەیە نییە کە شتەکان پێکەوە دەخوات و ئەوان دەکات بە بەشێک لە بوونی خۆی. وشیاری بەرەو شتێک جگە لە خۆی گەشە دەکات.

سارتەر لێکدانەوەی خۆی لە مەبەستی ئەنجام، دەکاتە پێشەکی بۆ وەسفی لەخۆییەوە، وەک رەتکردنەوەی راستەقینەیەک کە لەگەڵ خۆی، نەبوونی دێنێتە جیهان. راستەقینەی مرۆڤی، «دابڕانێکی هیچ ساز» لە پەیوەندی لەگەڵ خۆی و جیهان دێنێتە دی. خۆبەخۆ رەهەندێکە لە بوون کە ئەگەری بەردەوامی هیچ سازی یان رەتکردنەوەی ئەوەی کە بوون بنەمایەتی، پێک دێنێت. خۆبەخۆیی ئەوەیە کە هەیە و ئەوە نییە کە هەیە. لە مرۆڤدا بوون پێش لە ناوەڕۆکە.

مرۆڤ مەحکومە بە ئـازادی و جگەلە ئـازادی هیچ سنورێک بۆ ئازادی ئەو نییە، چونکە مرۆڤ ئازاد نییە کە ئازاد نەبێت. هەر هەوڵێک بۆ شاردنەوەی ئازادی هەوڵێکە بۆ یەکسان کردنی مرۆڤ لەگەڵ لەخۆوە کارکردن. ئەم جۆرە کارکردەنە لەخۆوە هەروەک گوتەزایەکی بوون ناسی لە فەلسەفەی سارتەر روون دەبێتەوە. ئەو بوونی لەخۆوە لە بەرێکەوتبوونی لەخۆوە دەزانێت: مەترسییەک لە کەمینی مرۆڤدایە، داوێک لە سەر رێی

دانراوە، چونکە بەشتێک بوون و خاوەن ناوەرۆک بوون، مرۆڤ بوونی تایبەتی خۆی وەلا دەنێت.

مرۆڤ بوونی مرۆڤ لە گرەوی رەتکردنەوەی بێ مەرج و کۆت و بەندایە، بەڵام مرۆڤێک کە لە هەر چەشنە ناوەڕۆکێک دەکات، هیچ کات ئەوەی کە هەیە نییە، چۆن دەتوانێت بە شتێک پابەند بێت؟ سارتەر چۆن لێکدانەوەی تایبەتی خۆی لە ئازادی لەسەر بنەمای بەرپرسایەتی رەهای مرۆڤ دادەنێت؟ هەر پاساوێکی مرۆڤەکان بۆ لابردنی بەرپرسایەتی لەسەر شانی خۆیان لە سەر جەبر و ناچاری بنیات نراوە. ئەوان وەهاقسە دەکەن کە گۆیا مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازاد، لە هەمانکاتدا ناچارە: مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادە، بەڵام هەندێک پاڵنەر و سۆز هەن کە مرۆڤ زاڵییەکی بە سەریانەوە نییە، هەر ئەمانەشن کە ئەو سنوردا دەکەنەوە: لە لایەکی دیکەوە ئەنجام و بەهاکانیش لە کۆمەڵێک خاڵن کە لەوەپێشین بوون و پێدراون کە مرۆڤ لە دیاریکردنیاندا رۆڵێکی نییە. بەڵام سارتەر بە وەلانانی هەموو ئەم خالانە لەسەر ئازادی رەهای مرۆڤ پێداگری دەکات. ئەو بە زانینی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پێکاتوو لە بەشە جۆراوجۆرە جیاوازەکان، مرۆڤ لەو رەهەندەوە کە مرۆڤە راستەقینەیەکی ساکار دێنێتە ئەژمار کە شتێک، جگەلە نەبوون و عەدەم نییە، من بە هەستکردن بە مەترسی رادەکەم و هەڵدێم و گیانی خۆم رزگار دەکەم: ترس کردەیەک لە مندا، کە هیچ زاڵییەکم بە سەریدا نییە، پاراستنی ژیانیشم ئەنجامێکە، کە لە دیاریکردنی ئەو، من هیچ رۆڵێکم نەبووە، بەڵام سارتەر بەهێنانە گۆڕی نەترسان و رانەکردن، بەپێی توانایی خۆی بنەمای کۆمەڵێک پاساو لەو چەشنە سست دەکات، زۆرن ئەو کەسانەی کە لەکاتی مەترسیدا راناکەن، تەنانەت گیانی خۆشیان دەدۆڕێنن. هەروەک ئەو کەسانەی ئاوا ئازادانە، مانەوەو مردنیان

هەڵبژارد. کەسی پێشوتر ترسان و رایکردنی هەڵبژاردووە. هەر هەوڵێک بۆ هاوردەکردنی تۆخمەکانی لەخۆییەوە لە راستەقینەی مرۆڤ و پڕکردنەوەی ئەو، بە مەبەستی رەتکردنەوەی ئەگەرە جۆراوجۆرەکان و پاساوی ئەگەرێک بە سروشتی لە قەڵەمدانی ئەو ئەنجام دەگرێت.

پێداگری سارتەر لە سەر پێویستی پێشهاتی بەردەمی تاک لە هەر چەشنە ناوەڕۆکێک لە بوون و نەبوون، لە رەخنەی عەقڵی دیالیکتیکیدا جێی خۆی دەداتێ بە گەشەی بزووتنەوە و دامەزراوە و لێدانەوەی دامەزراوەیی، وەک «کردەی دواکەوتووانە»، هەروەها پێویستی لەناوچوونیشی. فەلسەفەی سارتەر فەلسەفەیەکی سەرانسەر ئانارشیستییە. ئەو بوونی لەخۆڕا دێنێتە گۆڕێ تا رەتیکاتەوەو هەموو سەرنجی خۆی دەخاتە سەر راستەقینە بوونی مرۆڤ. پاش بوون و نەبوون، بوونی لەخۆڕایی بە فۆڕمێکی تر ــبیرهێنەرەوەی «بون بوون» و «بوون بە کاڵایی» لای مارکسە هەروەک راستەقینەی مرۆڤی بەکاڵابوو، دەردەکەوێت.

هایدگەریش فەلسەفەی سارتەری شایستەی ناوی ئێگزیستانسیالیست زانیوە، چونکە خشتی یەکەمی ئەم فەلسەفەیە پێشخستنی (essential) پێش لە (existential)ە (نامەیەک سەبارەت بە مرۆڤخوازی)، بەڵام لەو بڕوایەدایە کە سارتەر بوون و ناوەرۆکی بە مانایەکی متافیزیکی تێگەیشتووە.

میتافیزیک لە کاتی ئەفلاتونەوە ناوەرۆکی خستۆتە پێش بوونەوە. گەرچی سارتەر ئەم گریمانەیەی ژێرەو ژوور کردووە، بەڵام ژێرەو ژوورکردنی پرسی میتافیزیکی دیسانەوە پرسێکی میتافیزیکییە. پرسی سارتەر، میتافیزیک لە فەرامۆشییەکی راستەقینەی بوون، هاوڕێیەتی دەکات. هۆسرێل لە ئیدەی دیاردەناسیدا دەڵێت جیاوازی نێوان بوون و ناوەڕۆک بە مانای هیچ شتێکی دیکە نییە جگە لەمەی کە بوون، لە دوو رەهەند لە پێکەوەلکانی پێکهاتووە.

هەر ئەم ئەندێشەیە بە فۆڕمێکی دیکە لە فەلسەفەی هایدگەر دەردەکەوێت و لێکدانەوەی تایبەتی ئەو لە دیاردەناسی پێکدێنێت. میتافیزیک لەسەر بوونراو و جیاییدانان لە نێوان بوون و ناوەرۆک بنەڕەتی ئەم جیاکردنەوەی فەرامۆش کردووە. میتافیزیک ناوەڕۆکی مرۆڤ نەک لە ژێر تریفەی بوون و نەک لە وەڵامدانەوە بە بانگەوازی ئەو، بەڵکوو هەروەک بوونراوێک لە نێوان باقی بوونراوەکانی دیکە. ئەگەرچی جیاواز لەوانیش__ بیردەکرایەوە. لە روانگەی هایدگرەوە ناوەڕۆکی مرۆڤ لە (existens) ئەو دا شاراوەیە. لێرەدا مەبەست وەستانەوەی بوون و ناوەڕۆک لەبەرامبەر یەکدا کە دوو دیارییەکی میتافیزیکی بوونن نییە، ئەم رستەیە هەڵگری بەیانێکی گشتی سەبارەت بە دازاین نییە، بەڵکو زۆرتر بەدوای نیشاندانی ئەمەیە کە مرۆڤ ناوەڕۆکی خۆی بەجۆرێک کە ئەوێ (Da) واتە گۆڕەپان بۆ هاتنەڕووناکایی بوون دەکاتەوە. شێوەی بوونی مرۆڤ بەجۆرێکە کە لە دەرەوەی بوونی خود (Ex) دەروونی راستی بوون، وەستاوە (istens) تا وەها وەستانێک ناوەرۆکی بوونی خۆی بپارێزێت.

هایدگر ئیدیعا دەکات کە ئامانجی ئەو بیرکردنەوە بە راستی بوونە. ئەو لێکدانەوەیەکی تەکنیکی ئەندێشە کە رەگەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەفلاتون و ئەرەستو، قبووڵ ناکات، چونکە سەرەڕای ئەندێشەی راستییانەی ئەو، بیرکردنەوە بە بوونە، بەم مانایە کە سەر بەبوونە و گوێ دەسپێرێتە بوون، بەڵام ئەندێشە لە چوارچێوەی میتافیزیک کە لە ناوەڕۆکی راستیانەی خۆی دوور دەکەوێتەو رێگەی فەناو تیاچوون دەپێوێت و زیانە بە دابینکردنی متمانەیی خۆی بۆ وەها قۆناغێکی پەروەردەیی و هەر بەم پێیە وەک سەرقاڵییەکی مامۆستایانە و دواترەکان وەک سەرقاڵییەکی کولتوری قەرەبوو دەکاتەوە. بەرەبەرە فەلەسەفە بوو بە هونەری راگەیاندن، بەکەڵک وەرگرتن

لە هۆکارە سەرەکییەکان: ئیتر بیر ناکەنەوە، بەڵکو بە فەلسەفەوە سەرقاڵن. لە یاری کێبەرکێدا، وەک سەرقاڵیگەلێک وەک ئیزمە جیاوازکان پێشکەشی بواری گشتی دەکرێن و تێدەکۆشن پێش یەکتر بکەوەن. ئەندێشە جێی خۆی دەدات بەجوڵە لە مەودای درێژایی و پانتایی سیستمە میتافیزیکییەکان بەپێی یاسا لۆژیکییەکان. وەڵامدانەوە بە بانگەوازی بوون، پێویستی تێپەڕاندنی وتەی عەقڵانییە، چونکە لوگۆس یان شێوەی بیرکردنەوە چەمک و ئەرگۆمێنتێکی نوێی بەکەڵک، جگەلە بیرکردنەوە بە شتێکی سەرتر لە بوونراوەکان نایاتْ. زمانێک کە ماڵی بوونە، ئەم زمانە وێرانە کە لە ژێر دەسەڵاتی میتافیزیکی مۆدێرن زەینە ئاڵۆزکاوەکاندایە، نییە، بەڵکو زمانێکە کە بوون پێی دەخاوێتْ و بیرمەندان و شاعیران قەرەوڵ و پاسەوانانی ئەون. لای هایدگەر ئەوەی بنەمایە نەک مرۆڤ بەڵکوو بوونە. هایدگر لە بەرامبەر ئیگزیستانیسیالیزمی سارتەر کە حوکمەکەی ئەو بەمجۆرە کورتْ دەکاتەوە: «ئێمە رێک لە گۆڕەپانێکداین کە تێیدا تەنها مرۆڤەکان بوونیان هەیە» لەو بڕوایەدایە: «ئێمە رێک لە گۆڕەپانێکداین کە تێیدا بە گشتی بوون، بوونی هەیە.» ئایا دەکرێ هەر کام لەم دوو قەوارە جیاوازە لە قەوارەیەکی گشتگیردا بگونجێنین و جیاوازی ئەوان لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە ببینین؟ رەنگە بتوانین لەنێوان ئەم دوو جیاوازییە و جیاوازی وردە بورژواەزی فەرانسەوی و ئاڵمانی رێژەیەک دابنێین. چینی ناسراو بەوردە بورژاوا لە فەرەنسا لە سەرەوەختی گۆڕانە مێژووییەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە پاڵ باقی چینە پێشڕەو پێشەنگەکان وەستا، لە ساڵی (1789)شان بەشانی چینی مامناوەند لە ئارمانجەکانی شۆڕش بەرگری کرد، لە (1830) وێڕای بورژوازی پیشەسازی و پرۆلیتاریای دژی بورژوازی دارایی جەنگاوە و هەر بەم هۆیەش لە پاش (1848) ئەگەر چی تاقانە چینی

شۆڕشگێڕی بە تەنیا جێهێڵاو بە لێکدانەوەی مارکس گەڕایەوە پشت سندوقی دوکانە بچوکەکەی خۆی، بەڵام لە بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی چەسپاو و سەلماوی بورژوازی پیشەسازی رووی نەکردەوە بەها نەریتی و کلاسیکەکانی خۆی: ئەزمونەکانی شۆڕشی وردەبـورژوازی ئەوی لە مەیل بەور بەها نەریتی و کلاسیکەکانی پارێزراو هێشتەوە، لە لایەکی دیکەوە لە ئەڵمانیا تا سەرەتای سەدەی بیستەم چینێکی مامناوەندی بەهێز پێک نایاتْ و چەسپاوی بورژوازی بە هەوڵەکانی لە سەرەوە دێتە دی. چینی مامناوەند بۆ گەیشتن بە بەهاکانی خۆی ناچار لە هەوڵی شۆڕشگێڕانە نەبووە و پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ چینەکانی دیکەی نەبووە. وتەبێژانی ئەم چینە کە فۆڕمی ژیان، کردوویانە بە دیارکەر، زۆربەیان نەیاری گۆڕانکارییەکانی بەرهەمی شۆڕشن و ئەوان لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدە مەیلی شۆڕشگێڕی دەیانگرێت. بە بینینی رووداوە مێژووییەکان، ئەم گریمانەیە لە بەرێزیاندا کەم بۆتەوە و تەنانەت هەندێ جار بۆتە دژی خۆشی. لەمبارەیەوە هێگل نموونەیەکی ئاشکرایە. هەر بەم پێیە چینە زیانمەندەکانی سەلماوی بورژوازی، ئەو چینانەی کە فۆڕمی ژیانی خۆیان لە هەر لایەکەوە لە مەترسی و لە ژێر هەڕەشەدا دەبینێ، دژکردەوەی کۆنەپارێزانەی خۆی نیشاندەداتْ و بەرگری لە بەها نەریتییەکان دەکاتْ - شۆڕشێک کە هاوار و خەباتی بۆ دەکرد شۆڕشێکی کۆنەپارێزانەیە. لەوەها بستێنێکدایە کە بانگەوازی هایدگر بۆ گەڕانەوە بۆ چاوگەکانی فەلسەفە و رەسەنی ئەڵمانی بە پاکی ویستگە دەستْ لێنەدراوەکان، بەر لەهەر شتێک ئاوێنەیی، هەروەها ستایشی ئەو لە نیشتمان، جەماوەر، بنەماڵەی بەرهەم هێن و .. مانا دەبەخشێتْ. وردە بورژوازی ئەڵمانی کە هێشتا رۆژگـاری دەسەڵاتی بەها نەریتییەکانی بیر ماوە، خوازیاری

تێکشاندنی هەموو قەوارەکانی ئێستاو روو هێنان بەرەو پاکی و خۆشی جارانە. ئەم داواکارییە لای هایدگەر دەبێتە فۆڕمی نەیارانە لەگەڵ سیستمە میتافیزیکییەکان و دژایەتی لەگەڵ بەهاکان.

هایدگر روونی دەکاتەوە کە فەلەسەفەیەک کە بە دژی بەهاکان قسە دەکات، هیچ شتێک بەبێ بایەخ و بەها راناگەیەنێت و دژایەتی لەگەل ئەندێشەیەک بەپرسێکی ئاسایی کە ناگاتە ئەنجامی رەتکردنەوەیەکی لێبڕاوانە و پرسێکی نیگەتیڤانە. وردە بورژوازی ئەڵمانی لە دۆخی ئێستای خۆی بێزارە: لە ناونجی بوونی خۆییەوە زاڵە هاتووە و یادی ویستگەی وەرزێرانەی خۆیدایە و گەڕانەوە بۆ رەچەڵەک و سەرچاوەی خۆی ئارەزووە.

هایدگەر دەڵێت دژایەتی لەگەڵ هیومانیزم و بەهیچ شێوەیەک پێویستی بە بەرگری لە نامرۆڤی نییە، بەڵکو ئاسۆی تر دەخاتەڕوو (دەبینین کە ئەم ئاسۆیانە تا رادەیەک بنەمای مرۆڤانەیان هەیە). بەم جۆرەیە کە فەلسەفەی هایدگر بەزاری چینی کلاسیک و نەریتی زیانمەند لە مۆدێرنیتە شیرینە، بەڵام وردە بورژوازی فەرەنسیی لە سایەی پێشینەی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە بەها نەریتییەکان بێزارە.

ئەم بێزارییە لای سارتەر دەبێتە رشانەوە لە وونی لەخۆڕاییەوە. فەلسەفەی ئافراندن و تێکشاندنی، یان بە واتایەکی وردتر ئافراندن بۆ تێکشاندنە کە گرنگی هەیە. ئەم واتایە ئارمانجی چینێکە کە شێوەی ژیانی خۆی لەکیس چوون دەبینێت وێڕای ئەمانەش هیچ شێوازێکی دڵخوازیش بۆ خۆی وێنا ناکات. نەبوونی بنەمای ئۆبژێکتیڤ بۆ هێنانە دی ئاواتەکان، یان دەگاتە ئەنجامی خەمۆکی، یان دەبێتە هەڵچوون و شۆڕش لە بەرامبەر هەرچەشنە دیاریکردنێک.

سارتەر «هیچ» لە جەرگەی دازاین دەچەقێنێت و ئەم بەهیچ زانینەش

دەکاتە بنەما بۆ بەرپرسایەتی بێکۆت و مەرجی مرۆڤ، بەڵام هایدگەر کە دازاین سارتەر بە سوژەیەک لە ئەندێشەیەکی ئابلۆقەدراوی میتافیزیک دەزانێت، لەو بڕوایەدایە کە هیچ (Das nicht) لە بووندایە، بە بیرکردنەوە و تێفکرین لە بوون، بیر لە ئەندێشە و هیچ دەکەینەوە.

«لێی گەڕێ با ببێت» هایدگەر لە نیگای یەکەم چەمکێکی رۆژهەڵاتی ئەخاتە ڕوو. ئەندێشە هیچ کاریگەرییەک دانانێت. تەنیا بوونی ناوەڕۆکەکەی خۆشحاڵ دەکات، وەک بێ ئازاری شوانێک. مرۆڤ شوانی بوونە، بەڵام نە بەم مانایە کە مرۆڤ بوون شوانی دەکات، بوون، مەڕەکانی ئەم شوانە نین. بوون ئەوی بە کرێ گرتووە تا شوانی مەڕەکان بێت، بەم مانایە مرۆڤ شوانی بوونە، ئەو شوانی بوونراوەکان دەکات. «لێی گەڕێ با ببێت» سیخورمە ئەم هێزە هێمنەیە، چونکە بوون شوێنی مشتومڕە: توڕەییش وەک شەفا ناوەڕۆکەکەی خۆی لە بووندا دەکاتەوە.

مرۆڤ شەفا بوو لەبەر رووناکی بوون، تەنیا مرۆڤ شەفابوو نییە، (ئەفسەرێکی SS نمونەیەکی تەواوی وەها مرۆڤێکە)، چونکە لە بووندا سەرچاوەی هەموو دوژمنایەتییەکانیش شاراوەیە. وەڵامی مرۆڤ بە بانگەوازی بوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە «لێی گەڕێ با ببێت»ێکی فەرماندەرانەی بوون، زمانی ئەو دێنێتە گۆ. ئەو هێزە هێمنە، هێمنی خۆی لەکیس دەدات و هەر بینا مەڕەکانیش بسپێرێتە ئاگر، بەڵام مرۆڤ لەم دوژمنایەتییە بەرپرسایەتییەکی نییە، چونکە «تەنیا بوونە کە سەرەتا بە شەفا، چوونە سەرەوە بەرەو رەحمەت دەبەخشێت، بە توڕەییش بازدانەکەی بەرەو وێرانی دەبات.» کەوانەی چوونە سەرەوە و هاتنە خوارەوەی شێوازی هایدگەر بەم جۆرە کامڵ دەبێت.

# سارتەرو ئارۆن
# چارەنوسە پێکەوە گرێدراوەکان


رافائێل ئانتۆڤێن

وەرگێرانی لە فارسییەوە: نژلە خالید

سارتەرو ئارۆن، ئەم دوو نوسەرە فەرەنسییە، هەردوکیان لە سەدەی بیستەم تێپەڕیون، لەگەڵ درەوشانەوەیان، لێهاتوویی و هەندێجار هەڵەکانیان کاریگەری لەسەر ئەم سەدەیە هەبووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەندێشە، کردەو بەرهەمەکانی ژان پۆل سارتەرو ریمۆن ئارۆن، دەبینین کە لەگەڵ دوو روانگەی جیاواز بۆ جیهان بەرەوڕووین. دوو روانگە لە تێکەڵ بوونێک: دوو شاهیدی پابەندی سەردەمی خۆیان. ئەم نوسراوە بە گشتی لەسەر هەڵوێست و فەلسەفەی ئەم دوو فەیلەسوفە ورد دەبێتەوە.

«هـاوڕێ بچکۆلەکەی من، بۆچی ئەوەندە لە قسەی قۆڕو گاڵتە دەترسی؟» ئەمە پرسیارێکە کە سارتەر لەگەڵ ئارۆن دەیهێنێتە گۆڕێ و رەنگە لەودیویەوە بتوانیین لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو فەیلەفسوفە تێبگەین: دوو مرۆڤ کە بە رادەی پێویست لەگەڵ یەک جیاوازیان بووە تا ساڵەکانی (1920)، بوونە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکتر، بەڵام ئەم جیاوازییە، وەها بوو کە لە جیهانی دوو جەمسەری پاش ساڵی (1974)، بووە هۆی لێکدابڕانی ئەم دوانە، چونکە لەم دوو ساڵەدا، هەر کام لەم دوانە ناچار بوون رۆژهەڵات، یان رۆژئاوا هەڵبژێرن.

بەڵام سارتەر، ئەم پرسیارەی تەنانەت لە ماوەی ساڵەکانی شەڕی سارد، کە لە چاوپێکەوتن و وتووێژ لەگەڵ هاوپۆلیەکانی پێشوودا خۆی دەبوارد، هەروا بە پێداگرییەوە، دەیهێنا ئاراوە.

دوو گەنج، یەکەم لە پەیمانگای (ئێکۆل نورمال)(1) لەگەڵ یەکتر ئاشنا بوون. لەم ڕێکەوتەدا واتە ساڵی 1924 کۆلێژەکەی ئەوان بەهۆی ئامادەبوونی ئەم دوانە و نوسەرو فەیلەسوفەکانی دیکەی داهاتوو، وەک «ژۆرژ کانگیلم» (2)، «پۆلی نیزان» (3) و «دانییێل لۆگش» (4) سەردەمێکی تایبەتی بە خۆیەوە بینی. لەم سەردەمەدا بۆ هاوڕێیەتی نێوان ژان پۆل سارتەر و ریمۆن ئارۆن، پێویستی بە ڕێکەوتن نەبوو. ئەو هاوڕێیانە تەنیا لە بواری نەفرەت لە دەسەڵاتداران، ڕەهەندی هاوبەشیان هەبوو و ڕوانگەکانی تریان هیچ هاوشێوەییەکیان لەگەڵ یەکتر نەبوو: لەو سەردەمەدا، مامۆستای داهاتووی ئەندێشەی ڕاستی میانەڕەو، یەکەمی پۆلەکە و لایەنگری «بەشی فەرەنسیی ئەنتەرناسیۆنالی کرێکاری چەپی ناکۆمۆنیست» (5) بوو،

لە کاتێکدا کە سارتەر ڕۆڵی کەسێکی دەنواند کە خاوەنی ڕێبازێکی سیاسی نەبوو. ئارۆن بەرهەمەکانی «ئالێن» (6)ی دەخوێندەوە و سارتەر سەرقاڵی خوێندنەوەی «ستاندال» (7) بوو. ئارۆن هەستابوو بە دژایەتی کردنی شەڕو سارتەر خەریکی دڵداری بوو، بەڵام ئەوان بەڵێنیان دابوو کە لە پەیوەندی  لەگەڵ یەکتر  هەم شەفاف و هەم وەفادار بن و ڕۆڵەکانیان بە باشی دابەشکرد بوو.

ئـارۆن لە «بیرەوەرییەکان»یدا (8) دەنوسێت: «مـن باشترین بەردەنگی ئەو بووم. ئەو هەموو هەفتە، هەموو مانگێک، بۆچوونێکی نوێی هەبوو کە پێیدەبەخشیم و منیش دەربـارەی ئەو بۆچوونە نوێیە باسم دەکرد، ئەو ئەندێشەکانی بڵاودەکردەوە و من سەبارەت بەوان باسم دەکرد... ئەندێشەیەکی تاقی دەکردەوە، دەیهێنایە ئاراوە و کاتێک یەکیان نەدەگرتەوە بۆ من جێی سەرنج نەبوو، دەچووە سەروکاری ئەندێشەیەکی تر، هەندێجار، کاتێک کە لە سەخلەتیدا دەمایەوە، توڕە دەبوو...» ئایا

ئارۆن رەخنەگری سارتەر بوو؟ «گەورە پیاوی» بیرمەند(9)؟ پرسەکە ئەمەیە کە پاش سەرهەڵدانی ناخۆشی لێکدابڕانی ئەو دوانە، پاش جەنگی جیهانی دووەم، ئارۆن هەروا بە هەموو وردەکارییەکانییەوە بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەو رەخنە جنون ئامێزەکانی، نوسراوەکانی سارتەر.

ئەو بەم جوڵەیە بە تەنهایی، وتووێژە وەفادارانەکانی درێژەپێدا کە سارتەر زۆر لەمێژ بوو، بە ئەنقەست جنێوی کردبووە جێنشینی. سارتەر لە جێگایەک لە «ژان کو» (10)ی پرسی: «دەتانەوێت پێتان بڵێم، ئارۆن بە ڕاستی کێ بوو؟ ئیدیعا کارێکی سەرکەوتن کە بێهوودە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە و تەنها لەگەڵ کەسانێک هەڵسووکەوت دەکات کە بە کەم ئەندام و نەزان و نەفامیان بزانێت.»

لەم روانگەیەوە، هەروا کە ئارۆن زۆرجاران ئاماژەی پێداوە، سارتەر لە ئاستی یاسادا واتە پەیوەندییەکی»پەیوەندییەکی دوو لایەنە» کە ئارۆن وەک بەرزترین یاسای ئەخلاقی دەزانێت، نەبوو. هاوڕێیەتی دەروونە ئازادەکان و فەرمانڕەوایی رەهای ئازادیخوازی، بەڵام نەیانتوانی بە سەر پێویستییەکانی سەردەمدا زاڵ بن. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لە رۆژانی جەنگی سارد، هەر نەیارییەک، بەر لە هەموو شتێک بەهێرش ئەژمار دەکرا: ئەم دوو مرۆڤە گەورەیە پاش ساڵی 1947 لەگەڵ یەک پەیوەندییەکیان نەبوو، جگەلە 26ی ژوئەنی ساڵی 1979 لە کۆشکی ئیلیزە (کۆشکی سەرۆک کۆماری فەرەنسا) و لەپاڵ روناکبیرانی تردا کە بە بیانووی «پەناخوازی بەلەمسواری [رۆژهەڵاتی باشوری ئاسیا]» (11) کۆببوونەوە. وێنەی ئارۆن و سارتەر لەکاتی تەوقەکردن و گوشینی دەستی یەکتردا، زۆر بەخێرایی لە هەموو جیهان بڵاوبۆوە.

سیاسەت ئەگەرچی جیاکەرەوەی ئەم دوو هاوڕێ دێرینە بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مشتومڕی ئەم دوو دەستەبژێرە کردە پرسێک بە پانتایی هەموو جیهانی دەگیرا لەگەڵ جەنگ.

**یەکیان ڕاست و ئەویتر چەپ**

ئارۆن بەپێی وتەیەکی جوانی خۆی، بەهۆی «ئەوەی کە بەردەوام لەجیاتی کەسێک کە دەسەڵات دەکات دادەنێت»، خستنە پێشەوەی ڕاستەقینە پێش ئەو شتانەی کە ئەوانی تر لایان خۆشە، زۆر بەکەمی توشی هەڵەبوو. ئەو بە پێچەوانەی ئەو مامۆستایانەی کە لەرووی ساکارییەوە، یان روو هەڵماڵدراوییەوە ئیدیعای پیاوچاکیان دەکرد، یان شەرافەتی تەواو سەرەڕای بێزاری و قین لە «ماکیاڤلی» (12)، ئەو و روانگەکانی بەوانە دەوتەوە.

هەروا، بۆ مرۆڤێک کە لە پێغەمبەران بیزاربوو، هیچ کات پرسە جۆراوجۆرەکان، لە مەترسی ئاشتیخوازی ساڵەکانی (1930) بگرە، تا رەخنەی بەرنامە هاوبەشەکانی چەپ، هەڕەشەی سۆڤییەت، یان پێویستی سەربەخۆیی ئەلجەزائیر، نەفی و حاشایان لێنەکرد.

سەبارەت بە سارتەر ناکرێ ئەم دادوەرییەمان هەبێت، سارتەرێک کە وێڕای لەقاودانی چەوسانەوە و ماپەپووچکردنی، لە دیموکراسی و سیستمی پەرلەمانی بێزار بوو و وەها لە رژێمەکانی بلۆکی رۆژهەڵات پشتیوانی دەکرد بە جۆرێک کە لە ساڵی (1954) دا رایگەیاند کە لە یەکێتی سۆڤیەت «ئـازادی رەخنە، هەمەگیرە» و وەک کەسێکی ژیر ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئەم وڵاتە لە دە ساڵی داهاتوو پێش رۆژئاوا دەکەوێت، ئەم ئیدیعایە ئەگەرچی پەیوەست بە سەردەمێکە کە هێشتا بە نیازی لایەنگری لە کاسترۆ و دواتر مائۆیزم و پشتیوانی لە توندوتیژی

بۆ وەدەستهێنانی «دادپەروەری جەماوەری»، لە حیزبی کۆمۆنیست خۆی نەکشاندبۆوە... بەڵام سارتەر، جگە لە ئەمانە هەڵکەوتەیەکی فرە رەهەند بوو: لە نوسەری رۆمانەوە بگرە تا درامانوس، بیۆگراف نووس، مێژوونوس، فەیلەسوف، نوسەری سیناریۆ، نوسەری کورتە چیرۆکەکان، بێژەری رادیۆ، لایەنگری گروپە سیاسییەکان، بەڕێوەبەری گۆڤار، دامەزرێنەری رۆژنامە و تەنانەت لە سەردەمێکی کورتدا بەڕێوەبەری حیزبێکی سیاسی بوو. سارتەر هەڵکەوتەیەکە کە شێنی سەردەمی خۆی دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا کە ئارۆن، سەرەڕای نووسەری، تەنیا مامۆستایەکی گەورە بوو. ئەو کە روانگەکانی بەردەوام لەسەر سەرەندی (فیلتەر)ی عەقلانییەتەوە تێی دەپەڕاند، هەرگیز سەردەمی خۆی رەت نەکردەوە. ئارۆن، ئەم پیاوە زانکۆییە و نۆرماڵە کە «ئەو رووناکبیرانەی کە گومان و وەهمیان پەروەردە دەکرد، لەوانەی کە هێماکانیان ریشەکێش دەکرد»و جیا دەکردەوە. بێگومان لەچاو سارتەر، کەمتر سەرنجراکێش بووە. سارتەر «. وەک ئەوەی بڵێت پەندەکەی پێشنییان راست بوو کە دەیگوت: هەڵە لەگەڵ سارتەر باشترە تا بەرحەق بوون لەگەڵ ئارۆن». هەر بۆیە یەکیان بەرەو پاوانخوازی و کۆنەپارێزی و ئەوی تریان بەرەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی؟ یەکیان بەرەو راست و ئەویتر بەرەو چەپ؟ یەکیان وەیلانی حەقیقەت و راستی بوو و ئەویتریان بەرەو باشە؟ یەکیان بەدوای بیروباوەڕەوەیە و ئەویتریان بەرەو بەرپرسایەتی و بەڵێن؟ رۆیشتن. هەر دووی ئەوان بەڵام، لەو کلێشانەی کە بۆیان دروستکرا بوو، نەدەگونجان.

لە سەرەتادا ئارۆن، مارکسی لە «تۆکڤیل»(13) پێ باشتر بوو. سارتەر «مالارمێ«(14)ی پێش مائۆ دەخست. ئارۆنی میانەڕەو بەردەوام لە سازش و ئاشتبوونەوە لەگەڵ باوەڕەکانی دووری دەکرد، لە کاتێکدا سارتەر

تێکۆشا ئازادی و کۆمۆنیزم پێکەوە ئاشت بکاتەوە، تا ئەو ئاستەی بۆنمونە پاش رەخنە توندەکان لە چاپەمەنییەکانی کۆمۆنیزمی، لەسەر هاتنە سەر شانۆنامەی خۆی، واتەی «دەستە چەپەڵەکان» پێشگیری کرد چاپەمەنییەکانی کۆمۆنیزم ئەم شانۆنامەیان بە ناواخنێک پڕ لە پڕوپاگەندەی دوژمنکارانە دژی یەکێتی سۆڤیەت لە قەڵەمدا.

ئارۆن ئەم سەروتارنووسەی رۆژنامەی فیگارۆ، لایەنگری ئەلجەزاییری دوڕگەیی، واتە سەربەخۆ بوو لە حاڵێکدا سارتەری نەیاری چەوسانەوە، لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە دەیانویست لەژێر باری دەسەڵاتی سۆڤیەت رزگارییان بێت، بە توندی بەرامبەریان دەوەستایەوە. ئارۆن، «ئەم تەماشاچییە بە بەڵێنە» هەر لەدوای شکستی ژوئەنی (1940)(15) لە زومرەی یەکەمینی ئەو کەسانە بوو کە بەرەو لەندەن بەڕێکەوت، لە کاتێکدا سارتەر تا ئەو ئاستە بەرەنگاریی فەرامۆش کردبوو کە («لە ماوەی داگیرکردن، من نوسەرێک بووم کە بەرەنگادەبوومەوە، نەک بەرگریکارێکی نوسەر»). سارتەری ئاشتی خوازو و ئاشتی دۆست، هەستا بە ستایشی توندوتیژی، لە کاتێکدا کە ئارۆنی مشتومڕخواز، زیاتر لە هەر شتێک هۆگری وتەکەی هیرۆدۆت بوو:»هیچ مرۆڤێک ئەوەندە شێت نییە، کە شەڕی لە ئاشتی پێ باشتر بێت.»

ئـارۆن داواکـاری ئـەوەی بەرز دەبـووەوە کە ئەم رستەیە لەسەر شمشێرێک کە وەک هێمای ئەندامێتی لە ئاکادێمیای فەرەنسا، کە لە (4) ی نوڤەمبەری ساڵی (1963) پێشکەشی کرابوو، هەڵبکەندرێ. ژەنەراڵ دیگۆل، بەپێی وتەی خۆی بە مانای تەواوی وشە لە ئارۆن بێزار بوو. (هەرچەند ئارۆن بۆ داوای لێبوردن لە وتارێکی دوژمنکارانەدا کە نوسیبوو، چەند ساڵێک ئەندامی «ئار. پی. ئێف» (16) بوو.) هەر ئەم دیگۆلە، بەڵام سارتەر ئەم دوژمنەی ئارۆنی لەگەڵ ڤۆڵتێر هەڵدەسەنگاند و ستایشی

دەکرد. (دیگۆل لەساڵی 1968)، سەبارەت بە سارتەر وتی: «کەی ڤۆڵتێر لە زنیدان بکرێت؟» سەرئەنجام دەبێت ئەوەشی پێ زیادبکرێت کە سارتەر پاش ساڵی (1945) بەردەوام خاوەنی متمانەی بڕواپێکراوی روناکبیرێک بوو، بەڵام ئارۆن، ئەم بیرمەندە گەورەیە و خاوەنی دۆکتۆرای فەخری زۆرێک لە زانسنگاکان، ساڵانێکی زۆر لە بەرەی خۆیدا، لە چاو سارتەر لە تەنیاییدا مایەوە.

بەڵام جیاوازی راستەقینە کە بووە هۆی ئەوەی کە ئارۆن بە هەموو راستی و جێبڕوایی خۆی لە بەرامبەر سارتەری روو هەڵماڵدراو، لە مۆد کەوتوو بنوێنێت و سارتەر هەمیشەیی بێنەوە، ئەمەیە کە سارتەر نوسەر بوو. ئارۆن ئەمەی نەدەزانی: لە سەردەمی گەنجێتی دا، لە ساڵێکدا کە سارتەر یەکەمین کورتە چیرۆکی خۆی بڵاوکردەوە و دەچوو بەرەوە ئەوەی کە دەست بکات بە نوسینی رۆمان، مامۆستا لە بڕوانامەی ئارۆندا نوسیبووی: «بە رادەی پێویست ئەدەبی نییە!».

مێشکی بێوێنەی ئارۆن نەدەگەیشتە رۆحی شێتی سارتەر. نوسەرەکان مافی دەرکردنی بڕیارو حوکمی سەرەتاییان هەیە و فەیلەسوفەکان، نا!. سارتەری ئێزیستانسیالیزم سەرئەنجام بەهۆی هونەرەکەیەوە نەک بەهۆی دوروشمە توندڕەوانەکانی__ توانی شتەکان بکاتە وشە...«بۆچی ئەوەندە لە قسەی قوڕو گاڵتە دەترسی؟» و ئارۆن ساڵانێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چاوەڕوان بوو، کاتێک کە «بێرنار هانری لێڤی» (17) لە ساڵی 1976 لە ئارۆنی پرسی کە کام یەک لەوان (ژان پۆل سارتەر، ریمۆن ئارۆن) زۆرتر کاریگەرییان لەسەر سەردەمی خۆیان داناوە؟ پیرەپیاوە بە ئەزمونەکە بەبێ وەستان لە بەرامبەر هاوڕێ بچکۆلە کۆنەکەی، خۆی دا دواو و وتی:» من لە ترسان توشی شەلەلی ببووم. من هەم لە فەلسەفە و هەم لە سیاسەتدا لە فانتازیا دەترسام.

هەر بۆیەشە کە دەبێت من وەک لێکۆڵەر، یان رەخنەگرێک ئەژمار بکرێم. رەخنەگران و لێکۆڵەران رەنگە لە سەردەمی ژیانیاندا کاریگەربن، بەڵام بەرهەمەکانیان بە هۆی ئەوەی کە بەستراوەتەوە بە هەلومەرجێکی دیاری کراو، زووتر لەو کەسانە لە ناودەچێت کە جەربەزەی فانتازیایا هەبووە.» دەبینین کە لە نێوان ئەم دووانەدا یەکێک خاوەنی جوانکارییە و ئەویتریان خاوەنی داهێنان!

* ئەم دەقـە کە لە گۆڤاری «لیر» لە ئاپریلی ساڵی (2005)دا بڵاوکرایەوە، لە کتێبی کاتالۆگی پێشانگای کتێبخانەی نەتەوەیی فەرەنسا لە ژێر سەردێڕی «سارتەر وتوویژ و بینراوەکان»دا هاتووە. ئەم کتێبە لە مانگی مارسی (2005) لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی گالیمار لە تۆیی (292) لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە و یەکێک لەو کتێبانەیە کە بە بۆنەی سەدەمین ساڵوەگەڕی لەدایک بوونی ژان پۆل سارتەر لە فەرەنسا بڵاوکرایەوە. بیرتان دەخەمەوە کە ژان پۆل سارتەر، لە (21)ی ژوئەنی ساڵی (1905) لە پاریس چاوی بە ژین پشکوت، لە ساڵی (1980) ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ریمۆن ئارۆنیش لە ساڵی (1905) لە دایکبوو، ساڵی (1983) ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

فەیلەسووفی هاوچەرخ و گەنجی فەرەنسایی Raphaël Enthoven**

1– Ecole normale

2– Georges Canguilhem (19041995–)

3–Paul Nizan (19051940–)

4–Daniel Lagache (19031972–)

5–SFIO : Section Française de l›Internationale Ouvrière ئەم حیزبە ساڵی 1095 پێک هات، بەڵام پاش پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی

فەرەنسا لە ساڵی 1920 پێگەی و بەهای خۆی لە دەست

(6–Alain : Emile–Auguste Chartier (1868 – 1951

1842–Stendhal (Henri Beyle) 1783 7–

8–Mémoires

9–Sur– moi & en–soi سارتەر خۆی دانی بەوە دا ناوە کە بەهۆی ئەوەی کە لە «لە منداڵیدا باوکی نەبووە» بۆتە هۆی ئەوەی کە «گەورە پیاوی» نەبێت

10–Jean Cau (19251993–)

11–boat people

12– Machiavel Pierre Cohen–Bacrie, (14691527–)

13–Tocqueville–Alexis de Tocqueville(18051859–)

14–Stéphane Mallarmé (18421898–)

15– La France Libre ئارۆن لەم کاتەدا لە لەندەن دەستی کرد بە نووسینی کۆمەڵێک وتار کرد لە گۆڤاری «فەرانسەی ئازاد» (لافرانس لیبر)

16–RPF Rassemblement Du Peuple Français ئەم حیزبە ئیتر بەم ناوەوە بوونی نییە و جێی خۆیداوە بە حیزبە دەستە راستییەکان.

17–Bernard– Henri Lévy(1949– ) فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسایی

# لەبارەی ژان پۆل سارتەرو رۆمانی هەمیشە زیندووی «هێڵێج»ەوە

م. نەبی عەزیمی
وەرگێرانی لە فارسییەوە: رێباز مستەفا

**ئاماژە:**

کاتێک سیستمە تۆتالیتارکانی لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، ئەو واتایانەی پێشووی هزری سیاسی، کە بۆ پێناسەکردن و شیکردنەوەی حکومەتە دیکتاتۆریەکانی چەشنی کەونار کەڵکیان لێ وەردەگیرا، کارامەیی خۆیانیان بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردە تازەیە لەدەستدا. هۆکارگەلێکی لە چەشنی لافی دەسەڵاتی بێ سنور، بەرینبوونەوەی زاڵیەتیی دەوڵەت بەسەر تێکڕای هەرێمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت تاکەکەسیدا، شێوە نوێیەکانی بەڕێوەبردنی تیرۆری پەتی و ڕەهەندە سامناکەکانی دژایەتیکردنی مرۆڤ لە فاشیسم، ناسیۆنال سوسیالیزم و ستالینیزمدا، توێژەران، سۆسیۆلۆژان و مێژوونوسانی رووبەڕووی ئەم پێویستیە کردەوە کە دەبێ ئەم چەشنە رژیمانە لە جۆرەکانی رابردووی سیستمە بڕیاردەرانە، سەرەڕۆ و سەرکوتکەرەکان جیا بکرێنەوە.

لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم و لە ناوەڕاستەکانی دەیەی پەنجای سەدەی بیستەم بەملاوە، هزرڤانان و توێژەرانی هزری سیاسی هەوڵێکی و رێکوپێکیان بۆ ئەم مەبەستە دەستپێکرد. هانا ئارێنت، بەهۆی کتێبی «توخمەکان و ئاخێزگەکانی دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتاری، کارل یوئاخیم فریدریش، بەهۆی کتێبی «دیکتاتۆریی تۆتالیتاری»، لەم بوارەدا رێخۆشکەر بوون.

فاکتەری قوتبوونەوەی تیۆری تۆتالیتاریزم، سەرەڕای گەنگەشە خوڵقێنی، جگەلە کارابوون یان ناکارابوونی ئەم تیۆرە، ئەوەبوو کە هەوڵیدەدا بەپێی هەڵسەنگاندنگەلێکی هاوبەش، دیاردەگەلێکی لە چەشنی ناسیۆنال سۆسیالیسم (لە ئەڵمانیا)، ستالینیزم (لە یەکیەتیی سۆڤیەت) و فاشیزم (لە ئیتالیا) لە چوارچێوەی واتایەکی روون و ئاشکرادا جیابکاتەوە، لە رووگەی هۆکارو رەوتی سەرهەڵدانیانەوە، بنەماو تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی ناوەکییان و پێگەی جیهانییان بخاتە بەر توێژینەوە. ئەم نوسینە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر واتای تۆتالیتاریزم، تایبەتمەندیە پێکهاتەییەکان و کارکردەکانی.

**پێشینەی چەمکی تۆتالیتاریزم:**

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، رژیمگەلێک لە ئەوروپا سەریان هەڵدا کە بە سەرنجدان لە بێسنوریی لافی دەسەڵاتداریەتی و نواندنی دەسەڵات (اعمال قدرت) لەلایەن ئەم رژیمانەوە، چیتر نەدەکرا بەهۆی چەمکگەلێکی لە چەشنی تیرانیس (Tyrannis، جباریت)، سەرەڕۆیی (Despotie)، ئاتۆکراسی (Autokratie، خودکامگی)، حکومەتی رەهاییخواز (Absolutismus) و هەیمەنەخوازی (Autoritarismus) راڤە بکرێن و لێک بدرێنەوە. فاشیزمی مۆسۆلینی، کۆمۆنیزمی ستالینی و ناسیۆنال سوسیالیزم هیتلەری لەم چەشنە رژیمانە بوون.

سیاسەتڤانی لیبراڵی ئیتاڵی، جیۆڤانی ئامێندۆلا یەکەمین کەس بوو کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا پەیڤی «تۆتالیتار»ی بۆ وەسفکردنی رژیمی مۆسۆلینی بەکارهێنا و باسی «سیستمی تەواویەتخواز»ی (sistema totalitario) هێنایە ئاراوە، بە باوەڕی ئەو لەو کاتەوە کە دیموکراسیە جەماوەرییەکان بزاڤی سەرکەوتووانەی خۆیان لە ئەوروپا دەستپێکردوە، نەیارو دژە بەرە سەرسەختەکانیان، لە بەرەی راست و چەپەوە، لە

چوارچێوەی بزاڤە تۆتالیتارەکاندا هاتوونەتە مەیدان. ئەم بزاڤانە رووەکەی تری دراوی رەوتی دیموکراتیزەبوونن لە ئەوروپادا.(1)

شایانی باسە کە مۆسۆلینی بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە پلارێکی لەم چەشنی نەدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانە لە کۆبوونەوەیەکدا کە ساڵی (1925) گیرا، لەرێگای ئەم رستانەوە تێگەیشتنی تۆتالیتاری خۆی لە دەوڵەت دەربڕی: «نابێ هیچ شتێک لە دەرەوەی دەوڵەت، یان لە بەرامبەر دەوڵەتدا بێت، هەموو شتێک بۆ دەوڵەت!».

هەر لەو ساڵانەدا باسەکانی پەیوەندیدار بە دەوڵەتی تۆتالیتار لە ئیتالیاوە بەرەو ئەڵمانیا بڵاوبوونەوە. لەم وڵاتەشدا بیرمەندان و یاساناسانێک هەبوون کە خوازیاری دەوڵەتی تۆتالیتار بوون، ناسراوترینیان کارل شمیت، یاسا ناسی ئاڵمانی بوو.

کارل شمیت لە کۆتاییەکانی دەیەی بیستەمدا، واتای دەوڵەتی تۆتالیتاری لە شیکردنەوەی نەریتی لیبراڵی هەڵێنجاند، بە باوەڕی شمیت هەر بەو جۆرەی کە دەوڵەتی لیبراڵ لە هەوێنی دەوڵەتی رەهاییخوازەوە سەریهەڵدا، ئەم دەوڵەتەش دەبێ بەشێوەیەکی دیالێکتیکی لە هەوێنی دەوڵەتی لیبڕاڵەوە سەر هەڵبدات.

کارل شمیت لە ماناگەلێکی جۆراوجۆردا کەڵک لە وتەزای دەوڵەتی تۆتالیتار وەردەگرێت، ئەگەر دەوڵەت سەرەتا دەوڵەتی بێ توانای تۆتالیتار بوو، لە کۆمەڵگە و ئابوریدا بەشێوەیەکی جیدی ئاوڕی لێ نەدەدرایەوە، بە تێپەڕینی کات روخساری ناسراوی دەوڵەتێکی بەهێزی خاوەن تەواویەتی بە خۆیەوە گرت.

کارل شمیت کە یەکێک لە رەخنەگرانی جیددی کۆماری وایمار و ئەو فرەییخوازیە بوو کە لەم کۆمارەدا رەچاو دەکرا، بە چاوێکی رەخنەگرانەوە

لە ئێکرای ئەو گۆڕانکاریە سیاسی کۆمەڵایەتییانەی دەڕوانیەوە، کە لە دوای شۆڕشی فەرەنسا لە ئەوروپادا پێکهاتبوون، بە باوەڕی ئەو شۆڕشی فەرەنسا لەرزگاربوون و جیابوونەوەی کۆمەڵگە لەدەوڵەتدا کۆتایی پێهات، پشێوی خستە ناو کارکردنی دەوڵەت و گرنگایەتی دەوڵەتی لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا داشکاند. ئەمە کوێرە ڕێگایەکە کەلە ئاکامدا ئازادبوونی خۆپەرستی لێکەوتەوە و هێزەکان، دەستەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانی توشی چەند پارچەیی کرد، لە روانگەی شمیتدا ئەم رەوتە، بێجگەلە جەنگی نێوخۆیی، ئاکامێکی دیکەی بەدوادا نایەت.

دەوڵـەت بەهۆی فرەییەکی بێ سنور، کە لە پارتە سیاسییەکان، پارلەمان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پێکهاتووە، بووە بە رێکخراوێکی سیاسی و یاسایی کە وێنەیەکی راستینە لە جەنگێکی نێوخۆیی نیشان دەدات، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت دژایەتیە ئاشتیهەڵنەگرە کۆمەڵایەتییەکان کۆنترۆڵ و چارەسەر بکات. لەم رووەوە، دەوڵەت خەریکە دەپوکێتەوە و بە پوکانەوەی خۆی نەتەوەش رووەو نشێوی پووکانەوە گلێر دەکاتەوە. ئەو پێیوایە، تەنیا بە مەرجێک دەتوانین لە چارەنوسێکی لەم چەشنە رزگارمان بێت کە دەوڵـەت، جارێکی دیکە، کارکردی تەکووزیخوڵقێنی خۆی لە کۆمەڵگە بسێنێتەوە، لە بەرامبەر کۆمەڵگە و ئاشتیهەڵنەگریەکان و رکابەریە ناوەکیەکانیدا ببێتەوە بە دەوڵەتی تۆتالیتار.

شمیت واتای ئەمری سیاسی بە پێشمەرجی واتای دەوڵەت دەزانی. ئەو پێیوابوو کە تەنیا لە ئێپەڕگەی ئەمری سیاسیەوە دەتوانین و تەزای دەوڵەت لێک بدەینەوە، بەڵام واتای ئەمری سیاسی شتێک نییە، جگە لە توانست و ئیرادەی بڕیاردان و کرداری رادیکاڵ لە پەیوەندیەکانی مرۆڤەکان و گروپە مرۆییەکاندا لەسەر بنەمای نموونەی «دۆست و دوژمن».

لای کارل شمیت، جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن نمونەیەکە کە واتا بە هەڵسەنگێنەر دەزانێت، نەک بە پێناسە یان روونکەرەوەی نێوئاخنەکەی. هەروەکی لە ئەمری مۆراڵیدا چاکە لە خراپەو لە ئەمری ستاتیکیشدا جوان و ناشرین لێک جیا دەکرێنەوە، جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن لە ئەمری سیاسیدا هەڵسەنگێنەرێکی سەربەخۆیە.(2)

بە هاتنەسەرکاری ئادۆڵف هیتلەر، سەرئەنجام دەوڵەتی تۆتالیتار لە ئاڵمانیادا دامـەزرا. هانس کوهن، مێژووناسی ئەڵمانی، یەکێک لە یەکەمین توێژەران و رەخنەگرانی سەرەتایی سیستمە تۆتالیتارکان بوو. ئەو کە ناچار بوو کۆچ بکات بۆ ئەمەریکا، لە کتێبی «دیکتاتۆری لە جیهانی مۆدێرندا» (ساڵی 1935) نوسی: «دیکتاتۆریەکان، بەو جۆرەی کە لە دوای جەنگی جیهانی لە روسیا، ئیتاڵیا، ئەڵماندا سەریان هەڵداوە، خاڵگەلێکی هاوبەشی ئەوتۆیان لەگەڵ فۆرمە نەریتیەکانی دیسپۆتیزم و ئاتۆکراسیدا نییە، دیکتاتۆریە مۆدێرنەکان، بە بەراورد لەگەڵ سەرەڕۆکانی رابردوو، دەسەڵاتێکی بێ سنورتر دەنوێنن، لە کاتێکدا کە دیکتاتۆریەکانی پێشوو، پتر لە هەر شتێک، پشتیان بە نەریتە تیۆکراتییەکان (دین سەرووەرانە)، یان سوپا دەبەست، دیکتاتۆریە مۆدێرنەکان بەبێ پشتیوانیی جیهانبینیەکی نوێی مەسیحیی و بەبێ تێکنیکە تازەکانی پڕوپاگەندە، کە بتوانن بەم شێوەیە ئاراستە بەبیروڕای گشتی ببەخشن، بیچمیان نەدەگرت.»(3)

کوهن لە توێژینەوەکانی خۆیدا ئاماژە بەخاڵێکی گرنگی دیکەش دەکات، بە باوەڕی ئەو هاوشێوەی دیسپۆتیزم ناتوانێت لە جیهانی مۆدێرندا درێژە بە ژیانی خۆی بدات، چونکە شۆڕشی فەرەنسا، لە دوای خۆی دیموکراسی وەک لێڕوانینێکی رۆحی بۆ جەماوەری خەڵک بە دیاری هێنا، ئەوانی سەبارەت بە مافەکانی خۆیان بۆ گرتنەدەستی چارەنوسی وڵاتەکەیان

وشیار کردەوە. بەم پێیە دەبێ بڵێین دیکتاتۆریە ئەمڕۆییەکان بزاڤگەلێکی پۆست دیموکراتین. کوهن ئایدیۆلۆژیای مەسیحیی و تێکنۆلۆژیای مۆدێرنی ڕێنوێنیکردنی جەماوەری بە تایبەتمەندیی دیکتاتۆریەکانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، روسیا دەزانی، کە لە باری مێژووییەوە دیکتاتۆریگەلێکی تازە بوون.

بەم پێیە دەتوانین دەوڵەتی تۆتالیتار، لە پلەی یەکەمدا، لە چەشنی دەوڵەتە دیموکراتییەکان، پاشان لە چەشنی دیکتاتۆریە هەیمەنەخوازەکان و چەشنەکانی پێشووی ئاتۆکراسی جیا بکەینەوە. ڕژێمی تەواویەتخواز هاوکات هەم ئەنتی دێمۆکراتیە، هەم شێوەدیموکراتی و هەمیش پۆست دیموکراتی. سیستمی تۆتالیتار سیستمێکە کە هەوڵدەدات شاریڤانان (هاوڵاتیان) بخاتە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی بەرتەسکەوە و لەو چوارچێوەیەدا بیچمیان پێ بدات، لە ڕێگای کۆنترۆڵێکی توندەوە چاودێریان بکات، ناچاریان بکات زاڵیەتیەکەی قەبوڵبکەن و بەسیجیان بکات.

توێژەرانێکی دیکەش کەوتوونەتە شوێن بیرۆکەکانی کوهن. یەکێک لەم توێژەرانە کارڵتۆن هیس، مێژوناسی ئەمریکی بوو. ئەو لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لە کۆبوونەوەیەکدا (ساڵی 1939، سیمپۆزیۆمی) باسی لە تۆتالیتاریزم لە مێژووی شارستانیەتی خۆرئاوادا کرد و وتی، دیاردەکانی دیکتاتۆری، دیسپۆتیزم و ئاتۆکراسی بەهیچ شێوەیەک لەمێژووی خۆرئاوادا تازە نین، بەڵام چەشنێکی نوێ لە دیکتاتۆری پێکهاتووە کە لە ناو جەماوەرەوە سەری هەڵداوەو جەماوەر پشتیوانی لێ دەکەن. کارڵتۆن ئەم دیکتاتۆریە نوێیەی بە سیستمێکی تۆتالیتار ناودێر کرد، کە کەم ڕەنگبوونەوەی دین، روخانی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان و ئاوابوونی ڕێوڕەسم و نەریتەکان بوونەتە هۆی پێکهاتنی. پرسی سیکیۆلاریزەبوون، لیبراڵیزەبوون و دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگە، هەروەها شۆڕشی پیشەسازی ئەو پێکهاتانەیان

ئێکدا کە هاوسەنگیان لە کۆمەڵگەدا پێک دەهێنا، بواریان بۆ سەرهەڵدانی سیستمی تۆتالیتاری رەخساند.

«هیس»، سەرەڕای رەگەزی پشتیوانیی جەماوەری لە سیستمە تۆتالیتارەکان، پاوانکردنی تەواوو یەکجارەکی دەسەڵاتیش بە یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی دیکتاتۆریە تۆتالیتارکان دەزانێت، بەباوەڕی ئەو تۆتالیتاریزم خرۆشانێکە بەدژی کۆی کولتووری مێژوویی خۆرئاوا. ئەم سیستمە خرۆشانێکە بەدژی میانەرەوی و هاوسەنگیی یونانی کلاسیک، تەکوزیی یاسامەندی رۆمای کەونار، دلۆڤانی و لێبوردەیی و ئاشتیخوازیی عیسای مەسیح، کەلەپووری دەوڵەمەندی سەدەکانی ناوەڕاست و لە ئاکامیشدا، بەدژی رۆشنگەری ئاوەز و مرۆڤتەوەریی سەدەی هەژدەیەم و دیموکراسیی لیبراڵی سەدەی نۆزدەیەم.

سیستمی تۆتالیتار هەموو ئەم تۆخمە بناژۆییانەی کولتووری مێژوویی خۆرئاوا دەخاتە گۆشەیەک و دەست دەداتە شەڕێکی مەرگهێن بە دژی هەموو ئەو دەستانەی کە خوازیاری پاراستنی ئەم بایەخانەن. (4)

**تایبەتمەندیە پێکهاتەییەکانی سیستمی تۆتالیتار**

مۆدێلگەلێکی جۆراوجۆر بۆ لێکدانەوەی دیاردەی تۆتالیتاریزم و تایبەتمەندیە دیاریکەرەکانی لە ئارادان. لەم نێوەدا دەتوانین ئاماژە بەو مۆدێلانە بکەین، کە هانا ئارێنت، کارل یوئاخیم فریدریش، پیتەر گراف کلیمانزاگ و کارل پوپەر بە مەبەستی لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە، پێشکەشیان کردووە. ئەم وتارە گرنگی بە دوو مۆدێلی یەکەم دەدات.

هزرڤانی ئاڵمانی، هانا ئارێنت لە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی خۆیدا، «تۆخم و ئاخێزگەکانی دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتاری»، تۆتالیتاریزم بە

لێکەوتەی قەیرانێکی قوڵ لە جیهانی مۆدێرندا دەزانێت، کە لەگەڵ خۆیدا بیچمی بە چەشنێکی تەواو نوێ لە دەوڵەت داوە، بە باوەڕی ئارێنت پتر لە هەموو شتێک بەهۆی دوو تایبەتمەندیەوە دەتوانین ئەم دەوڵەتە دەستنیشان بکەین: ئایدیۆلۆژیا و تیرۆر. لۆژیکی هزری ئایدیۆلۆژیایی بنەمای رەفتاریی دەوڵەتی تۆتالیتار پێکدێنێت و تیرۆریش سروشتەکەی.

ئارێنت رژیمی ناسیۆنال سوسیالیستی ئەڵمان و سیستمی سۆڤیەت (هەتا مردنی ستالین لە ساڵی 1953دا) بە نموونەی وەدیهاتووی دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار دەزانێت. ئەو ئەم دوو رژیمە بە دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار دەقەبڵێنێت.

تێزی ناوەندیی ئارێنت دەڵێت کە رژیمی تۆتالیتار نایەوێت تەنیا دەسەڵات و حکومەت بەدەستەوە بگرێت، بەڵکو بۆشگا (فەزا)ی ئەمری سیاسی بە یەکجاری خاپوور دەکات. لەم روویەوە بەهرەو توانایی مرۆڤ بۆ نواندنی کرداری هاوبەش دەرەتانی دەرکەوتنی نابێت.

ئارێنت دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار بە ئاوابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی دەنرخێنێت و، رۆڵی بۆرۆکراسی لە دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار بە کەلەپوری دیسپۆتیزم لەقەڵەم دەدات، بە باوەڕی ئەو لە دوایین حکومەتە سەرەڕۆکانی ئەوروپای بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا، واتە لە ئەڵمانیا، مەجارستان و روسیای تێزاریدا، حکومەتگەلێکی رەهاییخواز لە فۆرمی بۆرۆکراتیدا پێک هاتبوون کە دەسەڵاتەکانی، نە بەهۆی یاساوە و نە لە رێگای خەڵکەوە، سنوردار نەدەکرایەوە.

ئارێنت لە رێگای زاڵیەتیی بۆرۆکراسیەوە، لە لەکارکەوتنی دەسەڵاتی یاسادانان و لەناوچوونی دابەشینی دەسەڵاتە دەوڵەتیەکان تێ دەگەیشت.

به باوەڕی ئارێنت، تایبەتمەندیی بزاڤە تۆتالیتارەکان کۆیلایەتی و

گوێلەمشتیی ڕاستینەی ئالیگرانیانە. سەکەماتی و لاتولەواکان، لایەنە دەرکراو و پەراوێزنشینە کۆمەڵایەتییەکان و دەستەو باندە خراپەکارو بێ ئاکارەکان ڕۆڵێکی جێی سەرنج لە بزاڤە تۆتالیتارەکاندا دەگێڕن. دەستەیەک لە ئیلیتە فکری و هونەریەکان، لانیکەم لە قۆناخێکدا، بەهۆی حکومەتە تۆتالیتارکانەوە شوناسی خۆیان دیاری دەکەن. ئارێنت باس لە یەکیەتیی کاتی «ئیلیتەکان و سەکەماتییەکان» دەکات، بەڵام وەبیرمان دێنێتەوە کە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەرژەوەندییەکانی هیچکام لەم دوو دەستە بە هاتنەسەرکاری دەسەڵاتداریەتی تۆتالیتار دەستەبەر نابن.

لە ڕوانگەی ئارێنتدا، تیرۆر سروشتی دەسەڵاتداریەتی تۆتالیتارو لەهەنگاوگەلێکدا خۆی دەنوێنێت کە بەمەبەستی ترساندنی بندەستەکان بەڕێوە دەچێت، هەروەها لەو خراپەکاریە توندئاژۆییانەدا کە پەیڕەوی لە تەکوزیەکی «کارخانەیی» دەکەن. ئەم هێماگەلە لە ژوورەکانی گازی «ڕایخی سێیەم» و ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی یەکیەتیی سۆڤیەتدا وەدی هاتن. ڕێکخستنی ئیداریی کوشتنی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان بە جۆرێک بەڕێوە دەچێت کە هیچ کەس هەست بە «گوناه و هەڵە» ناکات، چونکە سیاسەتڤانی خەڵک بە شێوەیەک پلانی بۆ داڕشتوون کە هەموو ئەو کەسانەی لەم کوشتارەدا بەشدارن، بێ گوناهن. کوژراوەکان بێ گوناهن، چونکە هیچ گوناهێکیان بە دژی ڕژیم نەکردووە. بکوژەکانیش بێگوناهن، چونکە بە پێی هاندەرە جینایەتکارانەکان نەجوڵاونەتەوە، بەڵکو «مافی کوشتن»یان بووە، بۆ هانا ئارێنت، هەستی تۆڵەسەندنەوە، کینەو هەوڵدان بۆ مڵکدارێتی دەتوانن هاندەرگەلێکی جینایەتکارانە بن، بەڵام ئەمانە هاندەرە دیاریکەرەکانی کوشتنی بەکۆمەڵی دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار نین. کوشتنی بەکۆمەڵی سیستمی تۆتالیتار پتر ئاکامی ئایدیۆلۆژیایەکە کە «لافی لێکدانەوەی تەواوی جیهان» لێدەدات.

ئەم ئایدیۆلۆژیایە کارێک دەکات کە لایەنگرە باوەڕمەندەکانی، بەبێ ئەوەی سەرنج لە راستییەکان بدەن، بەشوێن ئامانجگەلێکی یوتوپیاییدا بڕۆن. هەر کەسێک لە بەرامبەر ئەم ئامانجە یوتوپیاییەدا راوەستێت دەبێتە لەمپەرێک لە بەردەم رەوتی مێژوودا و دەبێ بەبێ لێبوردەیی، وەکو شتێکی زیادی و بێ کەڵک، لەنێو ببرێت.

ئارێنت لە کۆتاییدا جەختدەکاتەوە کە دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار لەناکاو بەرئاوەژوو دەبێتەوە، نەک لە رەوتێکی درێژماوەدا، ئالیگرانی نکۆڵی لە بەشداریی خۆیان لە جینایەتەکان، تەنانەت لەوەش دەکەن کەسەر بەو بزاڤەش بووبێتن(5).

کارل یوئاخیم فریدریش، یەکێکی تر لە توێژەرانی واتای تۆتالیتاریزم، دیکتاتۆریی تۆتالیتار بە خاوەن شەش خاسیەتی، یان تایبەتمەندیی بناژۆیی دەزانێت:

1. دیکتاتۆریی تۆتالیتاری ئایدیۆلۆژیایەکی داڕێـژراوی هەیە کە لیزگەیەکی فێرکاری بۆ هەموو رووبەرەکانی ژیان و بوونی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، لایەنیکەم بە شێوەیەکی ناچالاکانە، دەبێ مل بۆ ئەم ئایدیۆلۆژیایە راکێشن.

ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەسەر بنەمای ئاخافتن لە بارودۆخێکی ئارمانجی کۆتایی بۆ مرۆڤایەتی راوەستاوە، بە سروشت وەرگرتن لە رێبازە دینییەکان، پەیام و خواستێکی «هەزارەیی» دەسەپێنێت. ئەم ئایدیۆلۆژیایە دژبەری بنەمایی ئەو کۆمەڵگانەیە کە هەن و دەخوازێت بەمەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ، جیهان داگیر بکات.

2. دیکتاتۆریە تۆتالیتارەکان خاوەن حیزبێکی جەماوەریی تاکانەن، کە بە زۆریی دیکتاتۆرێک لە لوتکەی دەسەڵاتی ئەم حیزبە دایە. ئەم حیزبە لە

ژنان و پیاوانێک پێک هاتووە کە ئەوپەڕی دە لە سەدی حەشیمەتی کۆمەڵگە پێک دێنن و بەبێ کەمترین گومان و بچوکترین پرسیارێک، باوەڕیان بە ئایدیۆلۆژیای حیزب هەیە. ئەم حیزبە بە شێوازێکی هیرارشی ڕێکخراوە و تایبەتمەندیەکەی ئەوەیە کە یان لە سەرەوەی دەوڵەتەوەیە، یان ئەوەی کە لە دەوڵەتدا تواوەتەوە.

3. سیستمێکی تیرۆری ڕۆحی و فیزیکی کە لە کۆنترۆڵی حیزب و پۆلیسی نهێنی دایە. ئەم سیستمە نەک تەنیا دوژمنە ناسراوەکانی ڕێبەرو حیزب، بەڵکو ئەو دەستە و چینانەی خەڵک کە بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە هەڵبژێردراون لە ناو دەبات. سیستمی تیرۆر بۆ ئەم ئامانجە بە چەشنێکی تەکووزیدار کەڵک لە زانیاری مۆدێرن، بە تایبەتی دەروونناسیی زانستی وەردەگرێت.

4. دیکتاتۆریی تۆتالیتار بە یارمەتی تێکنۆلۆژیا کۆنترۆڵی راگەیەنە گشتیە کاریگەرەکان، لە چەشنی چاپەمەنییەکان و رادیۆو سینەما بە تەواوەتی لە دەستی حیزبی دەوڵەتدا پاوان دەکات.

5. دیکتاتۆریی تۆتالیتاری بە یارمەتی تێکنۆلۆژیا بە تەواوەتی بەکارهێنانی کارئێکەری ئامێرە جەنگییەکان پاوان دەکات.

6. دیکتاتۆریی تۆتالیتار، بە یارمەتی هاوئاهەنگی بۆرۆکراتیک، چاودێری و ڕێنوێنیکەرێکی ناوەندی بە سەر گشت ئابوری و هەموو کەرتە یاساییە سەربەخۆکاندا زاڵ دەکات(6).

لە روانگەی ئەم توێژەرەوە دیارە کە ناتوانین هەموو تایبەتمەندییەکانی سیستمی تۆتالیتار لەم خاسیەتانەدا بەدی بکەین. بۆ وێنە دەتوانین خاسیەتی کۆنترۆڵی دەزگای دادوەری و دادگاکانیش بخەینە ریزی ئەم پێڕستەی سەرەوە. ئەگەرچی ئەم خاسیەتەی گەنگەشە هەڵدەگرێت و لێڕوانینگەلێکی

پارادۆکسیکاڵ و دژوار لەم بارەوە لە ئارادان، بەڵام بە کورتی دەتوانین بڵێین، تایبەتمەندیە شەش فاقەکان، هێڵە بنەواشەییەکان و دەمارە سەرەکییەکانی دیکتاتۆریی تۆتالیتاری دیاری دەکەن.

بەڵگەنەویستە کە سیستمە تۆتالیتارەکان روخساری جۆراوجۆر بەخۆیانەوە دەگرن، بۆ وێنە رۆڵی حزبی کۆمۆنیست لە سەردەمی رێبەرایەتیی ستالیندا بەرچاو نەبوو، بەڵام لە دوای مردنی گرنگایەتیەکی زێدەتری وەدەستهێنا. یان لە ئەڵمانیای هیتلەردا گرنگایەتیی حزبی ناسیۆنال سوسیالیست پتر لە دەوڵەت بوو، لە کاتێکدا کە لە ئیتاەیا دۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە بوو و هاوسەنگیی هێزەکان نەیدەهێشت مۆسۆلینی پێکهاتەو دامەزراوەکانی دەوڵەت بە یەکجاری بکاتە دوماڵەکان (شتگەلێکی زیادی)ی حیزبی فاشیستی «یەکێتیی خەباتکارانی ئیتاڵیا».

ئەو شتەی لەم تایبەتمەندیەدا گرنگە ئەوەیە کە رژیمی تۆتالیتار لە باری مێژووییەوە وەکو دیاردەیەکی نوێ چاوی لێدەکرێت. ئەم رژیمە ئەگەرچی لەگەڵ رژیمە ئاتۆکراسییەکانی رابــردوودا هاوبەشیگەلێکی هەیە، بەڵام زۆرێک لە خاسمانیە شەش فاقەکانی لەرژێمە ئاتۆکراسیەکانی رابردوودا نابینرێن. نە سەرەڕۆییەکانی خۆرهەڵاتی دونیا، نە حکومەتە رەهاییخوازەکانی ئەوروپای مۆدێرن، نە ئیمپراتۆریی رۆما، نە حکومەتە تیرانیسیەکانی یونانی کەونار، نە تیرانیسەکانی دەوڵەت شارەکانی سەردەمی رێنێسانسی ئیتاڵیا، نە دیکتاتۆریە بناپارتییەکان یاخود دیکتاتۆریە مۆدێرنەکان، خاوەن هەموو ئەم تایبەتمەندیانە نەبوون. بۆ وێنە زۆرێک لە رژیمە دیکتاتۆرەکان دواتر هەوڵیاندا سیستمێکی پۆلیسی نهێنی رێک بخەن، بەڵام هیچکام لەم رێکخراوانە، لە باری رەهەند و ئاستەکانی تیرۆر و تۆقاندن و بەدواداچوونەوە، نەیانتوانی بگەنە ئاستی «گەشتاپو» لە ئەڵمانیا یان GPU

(دواتر MWD و سەرئەنجام KGB) لە یەکی ێ تیی سۆڤیەتدا.

**ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا:**

ئایدیۆلۆژیاو بە تایبەتی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار هەمیشە خاوەن ناوەرۆکێک بووە، کە دڵنیاییەکی باوەڕمەندانە (ئیمانی)ی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکان لە ڕێبازێکی فەرمی پێکهاتوون کە بەپێی «پەیامێکی مێژوویی» بونیات نراوە. ئەوان خاوەن توخمگەلێکی یۆتۆپیایی بەهێزن، باوەڕییان بە بیرۆکەیەک هەیە کە ئامانجەکەی بریتییە لە وەدیهێنانی بەهەشت لەسەر زەویدا. ئەم جیهانبینیە یوتوپیاییە بارێکی ئایینی بە ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار دەبەخشێت، جۆش و خرۆشێک لە نێو ئالیگرانیدا پێکدێنێت. ئەم جۆش و خرۆشە ئالیگران بانگهێشتی لە خۆبوردەیی دەکات. دەتوانین ئەم حاڵەتە ڕۆحیە لە کەسانێکدا بەدی بکەین کە ئیمانیان بە « ئەمری ترانسدێنتاڵ» هەیە و سروشی لێ وەردەگرن.

هانا ئارێنت بزاڤە تۆتالیتارەکان بە بزاڤگەلێکی لایەنگرو نوێنەری ڕێبازێکی نهێنیی ئیزۆتریک دەزانێت، کە ئەندامەکانیان پێیانوایە دەبێ خاوەن زانایيەکی تایبەت بین هەتا لەم ڕێبازە تێبگەین، بە بۆچوونی ئەو کاری دەستەگەلێکی لەم چەشنە ئەوەیە کە پەرە بە پرەنسیپی «خۆیی» و «ناخۆیی» بدەن.

ڕژیمی هیتلەری ئەم پرەنسیپەی لە ئاستێکی ئێجگار بەریندا هێنایە رووبەری کۆمەڵگە. سەرەتا جوولەکەکانی بە «ناخۆیی» وەسفکرد و بەم شێوە دەستی پێکرد، پاشان هەنگاوێک چووە پێشەوە و بۆرۆکراسیەکی پێچاوپێچی دامەزراند کە کارەکەی بریتی بوو لە یارمەتیدانی هەشتا ملیۆن ئاڵمانی، هەتا بزانن ئایا خوێنی جوو لە دەمارەکانی باپیرانیاندا بووە، یان نا.

هەر ئەڵمانییەک کە سەربەرزانە لەم «رێوڕەسم»ە دەهاتە دەرێ، پێی وابوو کە سەر بە دەستەی «خۆییەکان»ە، لە بەرامبەر دەستەیەکی فانتازیی «ناخۆیی»دا راوەستاوە. ئارێنت ئەوەش دەڵێت کە بزاڤی بێلشویکەکانیش ئەم پرەنسیپەیان لە «پاکسازیە ستالینییەکان»دا رەچاو کرد. هەر کەسێک لەم پاکسازیانە رزگاری بووایە، پێیوابوو سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە ناو «دەستەی خۆییەکان»

(7). بزاڤە تۆتالیتارەکان پێویستداری یۆتۆپیان. ئەوان گرنگی بە تەکوزیەکی فانتازی دەدەن کە لەخۆیانەوە دروستیان کردووە، نەک بەپێی واقعیەت. بە یارمەتیی تۆخمە دڵخوازە جیهانیەکان بیرۆکەیەک سەبارەت بە جیهان دادەڕێژن کە پەیوەندیەکی لەگەڵ جیهانی ئەزمونیدا نییە، یەکێک لەم بیرۆکانە، تیۆری پیلانە.

بەڵگەنەویستە کە ئەم بیرۆکانە تەمەنێکی درێژیان نییە، سەرئەنجام واقعیەت ئەم خەونانە تێکدەشکێنێت. حیزبە سیاسیە تۆتالیتارکان ئەو بەرنامە ئاوەزگەرایانە بایکۆت دەکەن کە واقعبینانەیە، بەڵام رەخنەگرانە لەو بارودۆخە دەڕواننەوە کە هەیە، بەرنامەگەلێکی دژەئاوەزی ئایدیۆلۆژیایی دەکەنە جێنشینی ئەو بەرنامە ئاوەزگەرایانە.

لەم بەرنامانەدا ئیمان بۆتە جێنشینی ئاوەز و بەڵێنی و پەیمانی ئیزۆتریک لە جێی زانین و هەڵسەنگاندن دانراوە، لە سیستمە تۆتالیتارەکاندا کاتێک باس لە «بەناوەکیبوون»، یاخود «بنەجێبوون»ی ئایدیۆلۆژیا دەکرێت، مەبەست ئەوەیە کە زۆرێـک لە مرۆڤەکان لەناو حزب و دەرەوەی حیزبدا خوویان بە بیرکردنەوە، قسەکردن و هەڵسوکەوت لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیادا گرتووە.

ئایدیۆلۆژیا کە فاکتەری بەهێزیی بزاڤە تۆتالیتارییەکانە، تەنیا دەست و

پێکان نابەستێنەوە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک مێشکەکان بەدیل دەگرێت. «زانایی و دیرایەت»ێک کەوا بڕیارە لە ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاردا کۆتایی پێبێت، تەنیا پەرە بەجۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە دەدات.

مرۆڤێک کە دیلی ئایدیۆلۆژیایە تەنانەت ئامادەیە، لە خزمەتی «پێکهاتەی بەرزتر»دا، مل بۆ «داڕشتنی بەرزتر» راکێشێت و جینایەتیش بکات. هەر لەم راستادایە کە هانس ئیشپەربێر، بیرمەندی ئەلمانی، لە توێکاریی وردبینانەی دەروونناسانەی کۆمەڵناسانەی چەمکی تیرانیسدا دەڵێت: «حکومەتی تیرانیس لەرێگای تیرانیسێکەوە کە لە لوتکەی دەسەڵات دایە ناتوانێت درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، بەڵکو پتر لە رێگای فەرمانبەران و قوربانیگەلێکی بێ ئەژمارەوە کە ئەوییان کردۆتە تیرانیس ئەم کارە دەکات» (8). لەوێوە کە ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار خاوەن هەقانیەت نییە، بۆیە لافی هەقیقەتی رەها دەکاتە بنەمای هەقانیەتی خۆی. لەم رووەوە بە شێوەیەکی پێویست چەقبەستوویانەیە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە خۆی بە نوێنەری پەیامێکی مێژوویی دەزانێت ، لە رێگای شۆردنەوەی مێشک و پڕوپاگەندەوە، پەیامێکی لەم چەشنە دەکاتە پـەژارەی سەرەکیی شوێنکەوتووان و فەرمانبەرانی پێشەوا و رێبەر. بەم پێیە لابردنی دژایەتیە شیمانەییەکانی نێوان «ئاگایی» و «رەفتار» و پێکهێنانی یەکپارچەیی لە نێوان «ئیرادەی رێبەری» و «ئیرادەی خەڵک»دا، بە یەکەمین ئەرکی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار دەقەبڵێنرێت. تەنیا لەم رێگاوەیە کە کاری پاساودانەوەی مانەوەی دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار، لە رەهەندگەلێکەوە کە پێویستە، دەلوێت و دەستەبەر دەبێت. تەنیا کاتێک کە تاک و گروپ بە شێوەیەکی تەواو و کامڵ بەهۆی رێبەرەوە شوناسی خۆیان دیاری بکەن و هەڵسوکەوتێک بگرنە پێش کە لەگەڵ فەرمانەکانی رێبەردا بگونجێت، دەتوانین چاوەڕوانی سەرکەوتنمان لە بەرنامەیەکی لەم چەشنە

هەبێت، بەهۆی نێوبژیوانیی کارکردنێکی لەم چەشنە دەتوانین نمایشی دەسەڵات و زاڵیەتیی رەها بەسەر خەڵکدا بکەینە جێنشینی دەسەڵاتی راستینەی خەڵک.

ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار پێویستی بە مەکیاژێکی «زانستی»یش هەیە، هەتا کاراییەکی زێدەتری هەبێت. ئەم کارە بە بەراورد لەگەڵ کۆمۆنیزمدا، بەشێوەیەکی ناجیدیتر لە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنال سۆسیالیزمدا بەڕێوە دەچوو. لە ناسیۆنال سۆسیالیزمدا باس لە تیۆرگەلێکی زانستی سەبارەت بە رەگەزی بەرزتر یان نزمتر دەکرا، لە کۆمۆنیسمدا لە «جیهانبینی و سوسیالیسمی زانستی» دەدوان. کارکردی تیۆرگەلێکی زانستی لەم چەشنە لە ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاردا بریتیی بوو لە پێکهێنان و بنەجێکردنی نمونەی فکریی «دۆست دوژمن». ئەم بیرکردنەوەیە لە لایەکەوە دەبێ نموونەیەک بێت بۆ لایەنگریی سیاسی، لەلایەکی دیکەشەوە لە خزمەت بەئیزۆتریک کردنی بزاڤە تۆتالیتارکاندا. ئاخافتن لەسەر رەگەزی بەرزتر، پێویستیە سروشتییەکان، سروشتی تایبەت و دوژمنی چینایەتی بەم مانایە دێت کە رێگا بۆ دروستکردنی ئۆردوگاکانی مەرگ، ژوورەکانی گاز، نەخۆشخانە دەروونییەکان و دوورگەکانی گولاگ خۆش دەکرێت، بەڵام ئەم ئایدیۆلۆژیایە هەر بەوە قەناعەت ناکات کە تەنیا لافی ئەوە لێبدات کە هەقیقەتی رەهای پێیە، یان خۆی بەهەڵگری پەیامێکی مێژوویی بزانێت. ئەمە ئەرکی رێبەریی بزاڤی تۆتالیتار کە لەخۆبردووانە و بە کەڵکوەرگرتن لە تێکڕای ئەو کەرەستانەی لەبەردەستدان، هەوڵ بۆ دەستەبەرکردن و ناساندنی ئامانجەکانی خۆی بدات.

سەرەڕای پڕوپاگەندە و هاندان، ستراتیژیی «پاراستن»یش بۆ وەدیهێنانی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار کەڵکی لێ وەردەگیرێت. پاراستن بە مانای تێکنیکێکی تایبەتی شۆردنەوەی مێشک دێت، کە تەنیا ئەو کەسانە بە خاوەن بەهرەی

دۆزینەوەی هەقیقەتی مێژوویی کۆمەڵایەتی دەزانێت کە سەر بە دەستەیەکی تایبەت بن، بۆ وێنە کەسێک کە سەر بە رەگەزی ئاریایی یان ئەندامی پێشەنگی پرۆلیتاریا بێت. دیارە ئەم بەهرە تاکەکەسیە لەرێگای هەوڵ و بەرپرسایەتی تاکەکەسیەوە وەدەست نایەت، بەڵکو تەنیا بەیارمەتی و نێوبژیوانی ئیلیتەکان و حیزبی تۆتالیتار شکۆفا دەبێت. رێبەرو حیزب تاکانە گارانتیکاری هەقیقەتن و لە ئاکامیشدا هەر ئەوانن کە دیاری دەکەن چ کەسێک بەهرەی گەیشتن بە هەقیقەتی مێژوویی کۆمەڵایەتی هەیە. هەموو ئەم کارکردنانەی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار لە ئاکامدا لێک گرێ دەدرێن، لە نمونەی فکریی «دۆست دوژمن»دا کۆتاییان پێ دێت، هەتا لە ئەنجامدا ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار پێکبێنن و لە دیکتاتۆریی تۆتالیتاردا کەڵکی لێوەربگیرێت. لەم رووەوە لە زۆرێک لەو توێژینەوانەدا کە سەبارەت بە بزاڤە تۆتالیتارەکان دەکرێن، نمونەی فکریی دۆست دوژمن وەکو تۆخمی پێکهێنەری هەر سیستمێکی تۆتالیتار قوت دەبێتەوە. ئەم نمونە فکریە جێگەو پێگەیەکی ناوەندی هەیە، چونکە نەک تەنیا لایەنگریی سیاسی بۆ ئەندامانی بزاڤی تۆتالیتار ئاساندەکاتەوە، بەڵکو ستراتیژیی «پاراستن» و «شوناسدۆزی»، بەشێوەیەکی باشتر، لە زەینی تاکدا جێگیر دەکات. ئاکامی ئەم وەجۆش و خرۆشهێنان، چوارچێوەسازی و وێنەکێشانی رەش و سپیە رادیکاڵیزەبوونی هەست و خواست و هزری تاکەکەسە، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی لەم چەشنە، کەڵک وەرگرتن لە هەموو کەرەستە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان و تەنانەت دەستێوەردانی هەرێمی تاکەکەسی، بە کارێکی رەوا دەزانرێت. بەم پێیە دەتوانین جارێکی دیکەش وەبیری بێنینەوە کە نموونەی فکریی «دۆست دوژمن»، بە ئاشکرا، بە یەکێک لە تایبەتمەندیە پێکهاتەیی و ساماندەرەکانی دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتار لەقەڵەم دەدرێت.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە ئامانجی ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتار تەنیا بەدواداچوون و سەرکوتی نەیاران نییە، بەڵکو دەخوازێت بە تەواوەتی ئەم نەیارە لەناو ببات، چونکە نەیار تەنیا دوژمنێک نییە، کە دەبێ بەسەریدا سەربکەویت، بەڵکو زیاتر«بنەمایەکی هەڕەشەکەر»ە. پاساودانەوە و تەنانەت پێویستی بە تەواوەتیی لەناوبردنی نەیارەکان، لە لافێکەوە سەرچاوە دەگرێت کە نکۆڵی لەرەوتی بوون و بایەخی ژیانی دەکات. کەواتە رژیمی تۆتالیتار تەنیا لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا رانەوەستاوە، بەڵکو ستوونەکەی تری ئەم رژیمە، تیرۆرە.

**ئاستەکانی تیرۆری سیاسی:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تێکڕای سیستمە تۆتالیتارەکان، بەکارهێنانی بەربڵاوی توندوتیژیە. ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە گوزارشت لە بەربڵاویی سامناکی سەرکوت و تیرۆری سیاسی لە سیستمە تۆتالیتارەکاندا دەکەن: پۆلیسی نهێنی کە بە توندی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە، گرتوخانە کاتیەکان، ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی، قۆڵبەستکردنی بێبنەما، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی تاکەکان بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، بەدواداچوون، سەرکوت و کوشتنی گروپە گەورە کۆمەڵایەتیەکان، کەمینە ئایینی و ئەتنیکیەکان و نەیاران و جیابیران، نەبوونی دادگەی ئاشکرا، نەبوونی مافی داکۆکی لەخۆکردن و دەرکردنی حوکمی قورس و نادادپەروەرانە بۆ تۆمەتباران. دەبێ ئەوەش بڵێین کە رەهەندە بەرینەکانی ئەم چەشنە تیرۆرە لە مێژوودا بێ وێنەیە.

سەرەتا بزانین تیرۆری سیاسی چییە؟ تیرۆری سیاسی بریتیە لە بەکارهێنانی بەرفراوانی توندوتیژی بەدژی تاکەکەسەکان، گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن

ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسیەوە. دیارە تیرۆر لە سیستمە ناتۆتالیتارەکانیشدا بەدی دەکرێت، سیستمگەلێکی نادیموکراتی، کە بە دەربڕینێک کە هانا ئارێنت سەبارەت بە دەسەڵاتداریەتیی تەواویەتخواز پێشکەشی دەکات، لە ڕێگای «لۆژیکی هزری ئایدیۆلۆژیایی»ەوە دەسنیشان ناکرێن، لەلایەکی دیکەوە دەکرێت ڕژێمگەلێکی دیکەش وێنا بکەین کە خاوەن تایبەتمەندییەکانی ڕژێمێکی تەواویەتخواز بن و بەبێ ئەم چەشنە لە تیرۆری سیاسی، بکەونە ریزی ڕژێمە هەیمەنەخوازەکان (ئاتۆریتەر)، نەک ڕژێمە تۆتالیتارکان (تۆتالیتار). دیارە مەبەستمان ئەوە نییە، کە دەتوانین چاوەڕوانی ئەو ئازادیە سیاسیانە لەم ڕژێمانە بکەین کە شاریڤانێکی (هاوڵاتیەکی) کۆمەڵگەی دێمۆکراتی هەیەتی، بەڵام لە ڕژیمە هەیمەنەخوازەکاندا، سەرەڕای ئەوەی کە سنورگەلێک بۆ دەسەڵاتی سەربەخۆیانەی پۆلیس دانـراوە، کۆمەڵێک گارانتیی سنورداری یاساییش لە ئارا دان، هەر ئەمەش ئاسایشێکی ڕێژەیی بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە توشی یاساشکێنی نابن، بە دەربڕینێکی دیکە لە سیستمە هەیمەنەخوازەکاندا مادام شاریڤانێک ڕژیمی نەبردبێتە ژێر پرسیار، دەتوانێت بژی بەبێ ئەوەی کە لە بەدواداچوونی دەوڵەت بترسێت.

ڕژێمێک کە خـاوەن ئەم تایبەتمەندیانەیە، دەتوانێت تەنانەت پێکهاتەگەلێکی دەسەڵاتی تاک سەروەرانە و باوەڕگەلێکی ئایدیۆلۆژیاییشی هەبێت، لە رەوشێکی لەم چەشنەدا دەتوانین لە«سیستمە تۆتالیتار بێ تیرۆرەکان» بدوێین، بۆ وێنە لە دەیەکانی کۆتایی تەمەنی ڕژیمی سۆڤیەتدا، ئاستەکانی تیرۆر لەم سیستمەدا بە رادەی سەردەمی دەسەڵاتداریی ستالین نەبوو. بەم پێیە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە، داخۆ دەتوانین لە نێوان چەشنە جۆراوجۆرەکانی تیرۆردا جیاوازی دابنێین، ئایا تیرۆر قۆناخگەلێکی جۆراوجۆری هەیە؟

«خوان لینس»، توێژەری ئەڵمانی سپانیایی، کە توێژینەوە گەلێکی بەربڵاوی لە بارەی شێوەکانی حکومەت و جۆرەکانی دەوڵەت کردووە، ئەم تایبەتمەندیانە بۆ پرسی توندوتیژی لە رژیمە تۆتالیتارکاندا دەستنیشاندەکات:

1. ئاستە بێ وێنەکانی تیرۆر لەم رژێمانەدا.

2. بەکارهێنانی تیرۆر بە دژی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی لە بەر رەفتارێکی دیاریکراو تاوانێکیان بە سەردا سەپابێت.

3. تەنانەت گوێنەدان بە بەدواداچوونگەلێکی یاسایی رووکەشیانە، دادگا رووکارییەکان و نەلوانی ئەوەی کە تۆمەتبار بەجۆرێک داکۆکی لەخۆی بکات.

4. هەقانیەتی مۆراڵیی دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان.

5. بەرفراوانبوونەوەی تیرۆر بۆ ئەندامانی گروپی ئیلیتەکان.

6. بەرفراوانبوونەوەی رادەی گوشارو بە دواداچـوون بۆ ئەندامانی بنەماڵەی تۆمەتباران.

7. پێداگرتن لەسەر ویستە دەروونییەکان و تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتییەکانی تۆمەتباران، نەک هەڵسوکەوتەکانیان.

8. بەکارهێنانی رێکخراوەکانی دەوڵـەت، یان حیزب لەجێی ئەو رەگەزانەی بەناو کۆنترۆڵ ناکرێن و گەورەیی و پێچاوپێچی ئەم رێکخراوانە.

9. بەردەوامی و هەندێکجار زۆربوونی تیرۆر لە دوای سەقامگیرکردنی بنەماکانی هەیمەنەی رژێم.

10. لە ئاکامیشدا ئەم راستیەی کە سیاسەتی سەرکوتکەرانە تەنانەت هەڕەشە لە رێبەریی هێزە چەکدارەکان دەکات(9).

رێژەی تیرۆر لە سیستمە تۆتالیتارکاندا لە ئاستێک دایە کە باوەڕی پێ ناکرێت. دیارە ناتوانین باس لە رێژەیەکی دیاریکراو لەم بوارەدا بکەین، بەڵام مەزندەگەلێک لەلایەن توێژەرانەوە روو کراوە کە گومانێکی ئەوتۆ

ناهێڵنەوە، بۆ وێنە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی کۆنکوسێ و مەدودف، رێژەی ئەو کەسانەی تا کۆتایی سییەکان لەلایەن رژێمی ستالینەوە لەسێدارە دراون، لە دەوروبەری یەک ملیۆن کەس دایە. رێژەی ئەو کەسانەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا لە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی دان، هەتا ساڵی (1940)، لە نێوان شەش تا دوازدە ملیۆن کەسدا مەزندە کراوە، ئەگەر بە پارێزەوە نێونجی ئەم ئەژمارە بگرینە بەرچاو، رێژەی قوربانیانی ئۆردوگاکانی ستالینی، لە مەودای نێوان ساڵەکانی (1936 ـ 1950) دا، دوازدە ملیۆن کەس بووە. کۆنکوسێ بە زیادکردنی رێژەی لەسێدارەدراوان و قوربانیانی کۆچ پێکردنی بەزۆرەملی و بەهاوبەشکردنی ئەم قوربانیانە، بەرێژەی نزیک بە (20) ملیۆن قوربانی دەگاتە لە قۆناغی دەسەڵاتداریی ستالیندا(10)

ئەم رێژەیە بۆ قۆناغی سەقامگیربوونی رژێمی کۆمۆنیستی لە چیندا زۆر کەمتر بوو. مایۆتسەدون لە فێبریەی ساڵی (1967)دا رایگەیاند «کە لە دەوروبـەری هەشت سەد هەزار کەس لە «دوژمنانی گەل» کوژراون. توێژینەوەکانی تر رێژەی قوربانیان لە چیندا لە نێوان یەک تا سێ ملیۆن کەسدا مەزندە کردووە.

راتینگلەر تەنیا رێژەی قوربانیانی جووی رژێمی نازی بەپتر لە چوار ملیۆن کەس مەزندە دەکات. ئەم رێژەیە بۆ تێکڕای قوربانیانی جولەکە دەگاتە شەش ملیۆن کەس. لە ئەڵمانیای نازیدا، سەرەڕای جووەکان و نەیارانی سیاسی، کولیەکان، ئەندامانی گروپە ئایینیەکان، هۆمۆسێکسواڵەکان، هەروەها کەم ئەندامان و دواکەوتوانی مێشکیی لە ریزی قوربانیانی تیرۆردا بوون، لە ئیتاڵیا لەگەڵ ئەوەدا کە سیستمی تەواویەتخواز بە تەواوەتی بەسەر وڵاتدا زاڵ بوو، ئاستەکانی قوربانیانی تیرۆر زۆر بەرین نەبوون. دادگاکانی مۆسۆلینی بە گشتی پێنج هەزار و شەش سەد کەسیان رەوانەی گۆڕستان کرد. (11)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تیرۆر لە سیستمی تۆتالیتاردا بێ مافی تەواوی تۆمەتباران و پێشێلکرانی دادپـەروەری بوو. ویشینسکی دادوەری گشتیی یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی (1935)دا نوسی: «یاسای داڕێژراو پەیڕەوی لە یاسای شۆڕش دەکات، دژایەتی و نەیاریگەلێک دەکرێت لە نێوان بڕشتی یاسا و شۆڕشدا پێک بێت. لە رەوشێکی لەم چەشنەدا دەبێ سیاسەتی حیزب بکەینە جێنشینی لێکدانەوە یاساییە وێناکراوەکان.» (12)

یەکێکی دی لە تایبەتمەندییەکانی تیرۆری سیستمی تۆتالیتار ئەوەیە، کە تیرۆر هەتا ئاستی ئیلیتە دەسەڵاتدارەکانیش پەل دەهاوێژێت.

ستالین جگە لە زۆرینەی هەرە زۆری رێبەرانی حیزبی بێلشویک، بەگشتی سی و پێنج هەزار ئەفسەری پایەبەرزی ئەرتەشی سوری لە سێدارەدا، یان ئەوەی کە رەوانەی بەندیخانەی کردن.

لە ناو ئەمانەدا چاومان بە ناوی سێ مارشال و چـوارده ژەنراڵ دەکەوێت.

هیتلەریش بیست ژەنراڵی ئەرتەشەکەی خۆی لەناو برد. دیارە دەبێ ئەم خاڵە رەچاو بکەین کە هیتلەر لەدوای ئەوەی کە دەسەڵاتی لە ئاڵمانیادا بەدەستەوە گرت، پاکسازیکردنی لە نێو گروپی زرەبەتی خۆیەوە (SA) دەست پێکرد، لە ژوئەنی 934دا لە هێرشێکی لەناکاوی شەوانەدا کە بە «شەوی درێژ» ناسراوە، (77) کەس لە رێبەرانی ئەم گروپە قۆڵبەست کران و لەسێدارە دران.

**هەڵسەنگاندنی تیۆری تەواوە تیخوازی:**

چەمکی تۆتالیتاری، کە دەربــڕی چەشنێکی تــازە لە حکومەتە دیکتاتۆرییەکانە لە مێژوودا، لە باسەکانی سیاسەتناسی لە دەیەی پەنجای سەدەی رابردوودا، چەمکێکی پەسەندکراو بوو، بە دەسپێکردنی دەیەی

شەست، روانگە گەلێکی پێک تر دژ سەبارەت بە ڕەخنەکاری و هەڵسەنگاندنی تیۆری تۆتالیتاری هاتنە ئاراوە. ئەو روانگانە، بە گشتی لەو گۆڕانکارییانەوە سەرچاوەیان دەگرت، کە لە دوای مردنی ستالین و لە ئاکامی چاکسازییەکانی خرۆشۆف لە یەکێتی سۆڤیەتدا روویاندا.

لە ئاماژەیەکی گشتیدا دەتوانین بڵێین کە دوو نموونەی بەڵگەمەندانە بە دژی تیۆری تۆتالیتاری و کارایی زانستیی ئەم تیۆرە هاتوونە گۆڕ، کە دیارە لایەنگەلێکی هاوبەشیشیان پێکەوە هەبوو.

یەکەم بەڵگاندنێک کە کێشەگەلێکی مێتۆدیانەیان لەم تیۆرەدا بەدی کرد و ئەویتر، بەڵگاندنگەلێک کە قامکیان لەسەر دژایەتییە نێوەرۆکیەکان دادەنا، هەر لە ئاخێزگەی مێژووییەوە هەتا دەرکەوتە جۆراوجۆرەکان و خەیاڵە ئارمانجییەکانی سیستمی تۆتالیتار. تەنیا بە ئاماژەیەک دەبێ بڵێین کە ڕەخنەگرانی مێتۆدیکی تیۆری تۆتالیتاری، لە بنەمادا مێتۆدی واتاسازی بەگوێرەی چەشنە ئایدیالەکان لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بە ناکارامە دەزانن و تەنیا تیۆری تۆتالیتاری رەخنەکاری ناکەن. (13)

ڕەخنەکانی تر ئاماژەیان بە کارایی راڤەی زانستیانەی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی سیاسییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە دوای مردنی ستالین دەکرد،

لە پاش ئەم رووداوە ئەم پرسیارو گومانە هاتە ئـاراوە، کە ئایا چەمکی تۆتالیتاری چەمکێکی داخراوو چەقبەستوو نییە، کە لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان خافڵ دەبێت؟

یەکێکی تر لەرەخنەکان گرنگی بە پێشمەرجە مێژووییەکان و بەتایبەتی بـەراوردی تۆتالیتاریستە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتردا دەدات. تیۆری تەۆتالیتاری لەم روویەوە بە ناکارامە دەنرخا کە فاشیزم لە ئیتاڵیای مۆسۆلینیدا جیاوازیگەلێکی بەرچاوی لەگەڵ ناسیۆنال سوسیالیزمی ئەڵمانی هیتلەری

و کۆمۆنیزمی ستالینیدا هەبوو. بەو شێوەیەی کە باسیدەکرا، فاشیزم لە ئیتاڵیا هیچکات بە کەماڵی ناسیۆنال سۆسیالیسم لە ئەڵمانیادا نەگەیشت، بۆ وێنە ئەگەرچی بەهۆی هاندان و گوشاری هیتلەر، هەنگاوگەلێک بە دژی جووەکان لە ئیتاڵیادا پەرەیان ئەسەند، بەڵام کارەساتی هۆلۆکاست لەم وڵاتەدا رووی نەدا.

### تێبینی کۆتایی:

بەپێی تیۆری تۆتالیتاریسم، کاتێک دەتوانین باس لە دیکتاتۆری، یان دەسەڵاتداریەتی تۆتالیتار بکەین کە بزاڤێکی شۆڕشگێڕانە، یاخود شێوە شۆڕشگێڕانە، بە رێبەریی تاک یان کەمینەیەک، بە شێوەیەکی تۆتالیتارە دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرێت و دەسەڵاتێکی سیاسیی بێ سنور و کۆنترۆڵ نەکراوی هەبێت. ئیلیتەکانی ئەم بزاڤە لە حزبێکی بەتوندی سانترالیزەکراو، شێوە سەربازی و تۆتالیتاردا رێکخراون و پلە سەرەکییەکانی دەزگا دەوڵەتیەکان، لە بۆرۆکراسیەوە هەتا ئەرتەش و دەزگای دادوەری و ئابووریيان لە ئەستۆیە.

دەسەڵاتداریەتی تۆتالیتار دەسەڵاتەکان لێک جیاناکاتەوە و جەستەی دەوڵـەت دەکاتە دەزگایەکی چڕکراوەی بۆرۆکراتی، کە رێنوێنیکردنی سیستمی تۆتالیتاری لە ئەستۆیە، بەبێ هیچ ئاستەنگێک دەست لە هەموو رووبەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەرێمی تاکەکەسی، چ بنەماڵە، شوێنی کار، ئەنجومەنەکان و چ ناوەندەکانی کاتی و پشوو و پشووی هاوینی و ...وەردەدات. ئەم دەزگایە تێکڕای ئەم بیاڤانە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی پلان بۆدانراوی خۆیەوە، دزە دەکاتە ناو هەموویان و هیچ بۆشگایەکی کراوە ناهێڵێتەوە، بەم چەشنە دەوڵەت و رێکخراو (تەکووزی، نەزم)ی سیاسی

له کۆمەڵگەدا بە تەواوەتی تێکەل بە یەکتر دەبن و دەبنە یەک. ئازادیی حیزبەکان، راگەیاندن و دەربڕین بە تەواوەتی لەنێو دەبرێن، راگەیەنە گشتیەکان پاوان دەکرێن و پڕوپاگەندە و پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژیا باڵ بەسەر هەموو شوێنێکدا دەکێشێت و بۆشگاکان دەخاتە ژێر زاڵیەتیی خۆیەوە. هەموو ئەنجومەن و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت ئەوانەی کە سیاسی نین، دەبنە کاناڵگەلێک کە بە دەوری دەسەڵاتی سیاسیدا دەسوڕێنەوە. کارکردی ئەم کاناڵانە بریتیە لە دەسڕۆیشتوویی سیاسیی بەتەواوی مانا لە کۆمەڵگەدا، یەکسانسازیی تاکەکان و کردنی کۆمەڵگە بە کۆیەکی پێکهاتوو لە یەکسانەکان.

ئەم یەکسانسازیە بە یارمەتیی ئایدیۆلۆژیایەکی داڕێژراو بەڕێوە دەچێت کە خاوەن تۆخمگەلێکی یوتوپیاییە و بەڵێنی داهاتوویەکی رووناک دەدات.

تیرۆری بەرفراوان و سامناک یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سیستمی تۆتالیتارە.

ئەرکی پۆلیسی نهێنی و رێکخراوە ئەمنییەکان ئەوەیە کە کۆنترۆڵی تەواو وەختی کۆمەڵگە بەدەستەوە بگرن، هەر دەنگێکی دژبەر لە گەرووودا بخنکێنن و هەموو نەیارە سیاسییەکان بە تەواوەتی لەناو ببەن. قۆڵبەستکردنی بێ بنەما، ئازاردان، ئەشکەنجە و کوشتنی تاکەکان، گروپە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت چینەکان، بەشێک لە بەرنامەیەکی رێکخراوی دەسەڵاتداریەتی تەواویەتخوازن بۆ پێکهێنانی بۆشگایەکی پۆلیسی لە کۆمەڵگەدا و ترساندنی شاریڤانان. ئەو کارانەی کە لە سەر بنەمای تیرۆر راوەستاون ئاستێکی بەرین و ئێجگار بەرفراوان بەخۆیانەوە دەگرن.

**ژێدەرەکان:**

Giovanni Amendola, zitiert nach: Eckhard Jesse: Die Totalitarismusforschung im Streit der Meinungen, Bonn 1996, S. 12.

Carl Schmitt: Der Begriff des Politischen, Munchen 1963, S. 26 ff.

Hans Kohn: Dictatorship in the Modern World, zitiert nach: Uwe Bacjes: Totalitarismus– Ein Phanomen des 20. Jahrhunderts? , Bonn 1996, S. 309.

Zitiert nach: Uwe Backes, a. a. O., S. 310.

Hanna Arendt: Elemente und Ursprunge totaler Herrschaft, Munchen 2006, S. 944 ff.

C. J. Friedrich/Z. Brzenzinsi: Die allgemeine Merkmale der totalitaren Diktatur, Bonn 1996, S. 230231–.

Hannah Arendt, a. a. O., S. 792 ff.

Manes Sperber Zur Analyse der Tyrannis, Garz 2006, S. 16.

Juhan J. Linz: Typen politischer Regime und die Achtung der Menschenrechte, Bonn 1996, S. 517.

Juan J. Linz, a. a. O., S. 518.

Juan J. Linz, a. a. O., S. 518.

Juan J. Linz, a. a. O., S. 519.

Hans–Joachim Lieber: Zur Theorie totalitarer Herrschaft, Bonn 1993, S. 888 ff.

# ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی بونگەرایی لە ئەدەبی سارتەردا...

**لە عەرەبییەوە: غەفور ساڵح عەبدوڵا**

فەیلەسوف و ئەدیبی فەرەنسی سارتەر سەر بە مەزهەبی بونگەرایيە، لە بیست و یەکی حوزەیرانی (1905) لەدایکبووە، باوکی سارتەر ژان پاتیست ئەفسەری دەریایی فەرەنسی بوو، ئان ماری ئاشفیوەر کچە مامی بیرمەندی لاهوتی بەناوبانگ دکتۆر ئەلبێرت ئاشڤیتزەز بوو، باوکی دوای ساڵێک لەدایکبوونی دەمرێت.

سارتەر ساڵی (1941) گروپی شۆسیالیزم و ئازادی دامەزراند، لە رێگەیەوە هەوڵیدا پەیوەندی بکات بە حزبی شیوعی فەرەنسییەوە بێئەوەی هەستی پێبکات، لەگەڵ کۆتای ساڵی (1946)دا سارتەر هێشتا دەستی نەکردبوو بەکاری سیاسی، دەڵێ «زۆرترین مەزەندەکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن کە ئەو هەر لەسەرەتای جەنگەوە رادەیەکی سەرسوڕهێنەری ئەنجامدابوو، ناوی کەوتبووە سەر هەموو زارێک، سەرپەرشتی رۆژنامەیەکی پێشەنگی دەکرد لەفەرەنسادا بەناوی (سەردەمە نوێیەکان) کۆمەڵەیەک هەڵبژاردە لە دەوری رۆژنامەکە بەیەک گەیشتن، بوونگەرایش کەوتە سەر هەموو زارێک ئەوەبوو بابەتە فکرییەکان وەکو مەسەلەی پابەندبوون (ئیلتیزام) بوونە جێگای گفتوگۆی گەرم و گوڕ، هەر لە سەردەمی رزگاربوونەوە دوو رۆمانی دەرکرد، دوو شانۆگەریشی نمایشکران و دەرهێنانی شانۆگەری سێیەمیشی ئامادەکرا، دەیان نوسینی رۆژنامەوانی لەسەر ئەمەریکا نوسی، سەرەڕای چەندین نوسینی درێژ بۆ رۆژنامەکە، کتێبێکی بەناوی (دژایەتیکردنی

سامیەکان) بڵاودەکردەوە، کتێبێکی دیکەی لەبارەی ژیانی (بۆدلێر)ەوە، پاشان موحازەرەکان دەربـارەی بونگەرایی بەو پێیەی نوسەرێکی پابەند (مولتەزیم)ە سەرکەوتنی مەزنی هەبوو، چونکە رەخنەی لە رێ لادانەکانی بۆدلێر گرت و داوای لە نوسەرانی دیکە لەڕیزەکانی چەپدا کاربکەن و هەڵوێستێکی ئازایانەی وەرگرت لەسەر کەیسی دژایەتیکردنی سامیەکان، کە تا ئێستاش دەسەڵات قەدەغەی دەکات، هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ بیرمەند و روناکبیرە کۆمۆنیستەکان، بۆئەوەی باسی بیروباوەڕی خۆیان بکەن، سارتە هەستی بەوەکرد بوو کە ئەو زیاتر قسەدەکات لەوەی کە کاربکات، بۆیە دەبوو درەنگ و زوو حکوم بەسەریدا بدرێت تابانگێشت بکرێت، بۆ (ئیشکردن، رەنج، تێکۆشان، هاوکاری) بۆیە کاری سیاسی بەلایەوە رێگایەک بوو، بۆ تەواوکردنی گەشتەکەی لەگەڵ سیمۆن دی بوڤوار و ریمۆند ئارون ساڵی (1933) دەستیپێکردبوون.

لەساڵی (1964) خەڵاتی نۆبڵی پێدرا، وەلێ رەتیکردەوەو بەهاکەشی دوسەدو پەنجا هەزار کرۆنی سویدی بوو، پارەکەشی گەڕایەوە بۆ دامەزراوی خەڵاتی نۆبڵ، ئەمەش لەبەر دوو بنەما رەتی کردەوە: کەسایەتی و بابەتی، وتی «رەتکردنەوەم بۆکاری نۆبڵ کارێکی سەرپێی نەبوو، بگرە بەو هۆیەوە بوو، کە هەمیشە تەشریفاتە فەرحییەکانم رەتکردوەتەوە، ئەم بیرۆکەیش لەو بۆچونەوە هاتووە، کە ئەمە ئەرکی نوسەرە، چونکە هەموو شێوە جودایەک کە ناکرێت نوسەر قەبوڵی بکات، خوێنەرەکان دەخاتە ژێر فشاری بیروباوەڕ نەخواستراوەکانیەوە، بەڵام لەبارەی هۆکاری بابەتیەوە بۆئەم رەتکردنەوەیە دەڵێ «تەنها جەنگی لەبار ئێستا لە روناکبیریدا جەنگی پێکەوە ژیان ئاشتیانەیە لەنێوان دوو کەلتوردا یەکێکیان کەلتوری رۆژهەڵات و ئەویدیکە کەلتەری رۆژئاواو رووبەڕوونەوە دەبێ لەنێون خەڵک و کەلتورەکان ئەنجام بدرێت،

بەبێ دەست تێوەردانی رژێم و دامەزراوەکان، بەچاکی دەزانم کە خەڵاتی نۆبڵ خەڵاتێکی ئەدەبی نییە، کە رۆژئاوا دەیبەخشێت، بەڵام بەگوێرەی ئەوەی کە مرۆڤ دروست دەکات، بەڵام لە هەنوکەدا بابەتیانە وا دیارە وەکو بڵێی تایبەتە بە نەسەرە رۆژئاواکان و یاخیبووەکانی رۆژهەڵات...) لەبارەی فەلسەفەی بونگەراییشەوە.. کە وشکە لاتینییە (Existentia) هاتووە بەواتای بونگەرایی بەربڵاوترین فەلسەفەی هاوچەرخی بۆرژوازییە، بوونگەرایی لە ماوەیەکدا سەریهەڵدا کە سەرمایەداری کەوتبووە ناو تەنگژەگشتییەکەی خۆیەوە، کاتێک هات راستگۆترین دەربڕین بوو لە گیانی رەشبینی و کەوتن کە باو بوو لە ئایدۆلۆژیای هاوچەرخی بۆرژوازیدا، لە کەسە دیارەکانی ئەم فەلسەفەیەش، مارتن هایدگەر، کارل یاسپرز لە ئەڵمانیا، گابریل مارسێل، ژان پۆل سارتەر، ئەلبێر کامۆ لە فەرەنسا، ئابانیانۆ لە ئیتاڵیاو باریت لە ئەمەریکا، فەلسەفەی بوونگەرایی میارتگری شەعی بیروباوەڕەکانی (برگسۆن و نیچە)ن میتۆدەکەی لە فینۆمینۆلۆژیای (هۆسرێڵ)ەوە وەرگرتووە..

فەلسەفەی بوونگەرایی لە ئەڵمانیادا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەریهەڵدا، کە ئەوسا کەش و هەوای سیاسی و رۆحی کە تێیدا پەروەردە بوو، خەمۆکس و رقێکی زۆر بوو دوای شکستەکە، کە توشی دامەزراوە سەربازییەکانی ئەڵمانیا هات، ئەو ترسەش بەرامبەر هەڵکشانی رژێمی پرۆلیتاریا لە روسیا  هەڵکشانی شۆرشگێڕی لە ئەڵمانیادا، هەروەها ئاواتە نادیارەش بۆ تۆڵەکردنەوەو تێوروژانی شێتانە لە نێوەندە فاشیزمەکاندا کە دەستی کردبوو بەکۆکردنەوەی هێزەکانی خۆی و خۆی ئامادەکرد، بۆ پەلاماردان تەوژمی بوونگەرایی فەرەنسایی گرتەوە لە کاتی داگیرکرنی لەلایەن نازیەکانەوەو بەشێوەیەکی بەربڵاو بەتایبەتی دوای جەنگ بڵاوەی کرد، نوسینی بونگەراییەکانی فەرەنسا وەکو فەلسەفەو ئەدەب دەربڕین

بوو لە ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی ڕۆژانی جەنگ و دوای جەنگیش، هەوەها نەزعەی تاکەکەسی شێواوی بۆرژوازی، ڕسوایی شکست و زەلیل بوونی نەتەوەیی و ڕسواییەکانی داگیرکردنی نازی لەلایەک، تۆقینی بۆرژوازیەی فەرەنسی و ڕوناکبیرەکانی لە بەرامبەر هەڵکشانی بزوتنەوەی میلیدا لەلایەکی دیکە، لەپشتی بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی بوونگەرایی لە فەرەنسادا، بەتایبەتی لەناو نێوەندە بۆرژوا ڕوناکبیریەکاندا دوای جەنگی دووەم بوونگەرایی لە هەموو جیهان وەکو مۆدەیەکی بڵاوبووەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بیرمەندەکانی بوونگەرایی هەندێ مەسەلەیان خستەڕوو کە سەدایەکی بەربڵاوی هەبوو لە دڵ و دەروونی جەماوەرێکی پان و بەرینی خەڵکدا، بەتایبەتی ئەو ونبوانەی ناو هەزار لۆغانەی کۆمەڵگەی بۆرژوازیی و ناکۆکییەکانی بوونگەراخواوەکان (وجودییەکان) ئەو کێشانەیان دەخستەڕوو کە پەیوەندبوون بەواتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە، هەروەها چارەنوسی مرۆڤ و گرفتەکانی هەڵبژاردن و بەرپرسیاریەتی خودی لەمرۆڤ کە خۆی بەستەوە بەهێزە پێشکەوتن خوازەکانەوە لەناو کۆمەڵگەداو پڕ چەک لە مارکسیزمی لینیزم، یان نزیکبوو لێی کە بە ئاسانی دەتوانێت بەئاسانی وەڵامی ڕوون بداتەوە، بۆ ئەو پرسیارە ژیانییە گرنگانە، بەڵام هەڵوێستەکە دەگۆڕدرێت بەشێوەیەکی ڕیشەیی لەلای توێژە بۆرژوازەکان، کە نزیکبوونەوەی کۆتایی کۆنترۆڵی خۆی چاک دەکات، هەروەها لەلای ئەو تاکانەی کە هێشتا ڕێگای خۆیان نەدۆزیوەتەوە، گینگڵ دەدەن بە ونبویی لەنێوان هێزە ناکۆکە جیاجیاکاندا.

ئەو توێژە خەڵکەی دەرونی پڕە لە وەهمەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و پڕوپوچییەکانی، کە لە هەمانکاتیشدا ئاگای لەنزیکبوونەوەی کۆتایی ئەم کۆمەڵگەیە هەیە، بە پلەی یەکەم بونگەرایی بە تایبەتی ئاراستەی ئەم توێژە

کراوە... سارتەر دەڵێ «دوو فەلسەفەی بوونگەرایی هەیە، نەک یەک فەلسەفە، دوو جۆر لە بوونگەراخوازەکان پیادەی دەکەن، نەک جۆرێک لەوانە، لێرەدا بوونگەراخوازەکان مەسیحییەکان هەن لەسەرویانەوە «گاریل مارسیل» و «یاسپرز» هەردووکیشیان دوو مەسیحی کاسۆلیکین و دڵسۆزن بۆ کاسۆلییەتەکەی خۆیان، هەروەها بونگەراخوازانی خوانەناسیش هەر لە سەرویانەوە «هادیگەر»و بوونگەرا هەرەنسییەکان و من «سارتەر»، بەگشتی هەموو بوونگەراکان ئەگەر مەسیحی بن یان خوانەناس، هەموویان بڕوایان بەوە هەیە کە «بوون» دەکەوێتە پێش»ماهیەت»ەوە، یان خودیەتی یەکەم دەستپێدەکات.

– دیارترین ئەو بیروباوەڕانەی کە فەلسەفەی وجودیەتی لەسەر دامەزراوە»

یەکەم: بوون دەکەوێتە پێش ماهیەت:

بیری سەرەکی کە سارتەر بۆ بوونگەرایی دایناوە ئەوەیە کە دەڵێت «بوون دەکەوێت پێش ماهیەت» واتە ئەوەی کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، بۆ نمونە مرۆڤ یەکەم بوونیەوە هیچ شتێک نییە، ناشتوانرێت بە سنورێک سنورداری بکەین.

لەبەرئەوە هیچ سروشتێکی مرۆڤایەتی نییە، بگرە مرۆڤ وەکو خۆی تەسەوری خۆی دەکات، هەروەها وەکو خۆی دەیەوێت دوای بوونی هەست بەخۆی دەکات، هەروەکو خۆی دەیەوێت دوای ئەو راپەڕینە بەرەو بوونگەرایی (مرۆڤ خۆی دروست دەکات).

سارتەر ئەم چەمکە لە کتێبی «بوونگەرایی مەزهەبێکی مرۆڤایەتییە» ئەوە روونەدەکاتەوە کە دەڵێ «ئێستا ئەوە واتای چییە، کە دەڵێین بوون پێش ماهیەتە؟ «مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ یەکەمجارهەبووە، پاشان

خۆی دەناسێت، ئێکەڵ بە جیهانی دەرەوە دەبێت و خەسڵەتەکانی ئەو وەردەگرێت، شتگەلێک بۆخۆی هەڵدەبژێرێت کە ئەوان دیاریدەکەن، ئەگەر مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیدا خەسڵەتی دیاریکراوی نەبووبێت، چونکە ئەو بە هیچ دەستپێکردووە، کە دەستپێکردووە هیچ نەبووە، ئەویش نابێت هیچ جگە دوای ئەوڕ نەبێت، ناشبێت هیچ جگەلە ئەوە نەبێت کە خۆی دیاریکردووە، «هەروەها دەڵێ» مرۆڤ هیچ نییە، جگە لەوەی کە خۆی خۆی دروستکردووە»، ئەمیش یەکەم بیروباوەڕەکانی بوونگەراییە، ئەمەش ئەوەیە کە خەڵکی ناوی لێدەنێن (خودیەتی خۆی)، ئەم وشەیەش بۆیە بەکاردەهێنن تا بەوە رەخنەمان لێبگرن، بەڵام تەنها مەبەستمان ئەوەیە کە مرۆڤ کەرامەتێکی هەیە گەورەترە لە کەرامەتی بەرد یان مێزێک، چونکە مەبەستمان ئەوەیە کە بڵێین مرۆڤ خۆی لە بنەڕەتدا هەیە، ئەوەی هەیە کە تا ئایندە درێژەی پێدەدات، چونکە پرۆژەیەو ژیانی خودیەتی خۆی هەیە، لەجیاتی ئەوەی ببێتە شتێک وەکو قەوزە. وشەی بوونگەرایی خۆی واتای ئەوەیە خۆبەدەستەوەدانی ئەوانەی کە باوەڕیان پێ هێناوە بۆ ئەولەویەتی بوون پێش ماهیەت، ژان پۆل سارتەر دەڵێت «بە زاراوەی فەلسەفی، هەموو شتێک ماهیەتی هەیەو زۆر کەسیش پێیانوایە کە ماهیەت یەکەمجار دێت و دواتر بوون دوای ئەوە دێت، بەڵام بوونگەرایی مەبەستی پێداچوونەوەی ئەوەیە، لەلای مرۆڤ و تەنها مرۆڤ بوونیش پێش ماهیەت دەکەوێت، ئەمەش بەسادەیی واتای ئەوەیە کە مرۆڤ یەکەمجار دەبێت، پاشان دەبێتە ئەم یان ئەوە»، ئەزمونی ئاماژەپێدەریشە بۆ چەمکی بوونگەرایی و نمایندە ئەوانەیە کە بڕوایان بەم مەزهەبە هێنا وەکە ئەوەی «کۆجیتۆ»، یان «من بیردەکەمەوە کەواتە هەم» بۆ ئەوانەی کە بڕوایان بە مەزهەبی دیکارت هەیە... ئەم چەمکەش بۆ بوون دەمانخاتە بەردەم کێشەیەکی دیکە

ئەویش دیدی بوونگەراخوازەکانە بۆ کۆجیتۆکەی دیکارت و چۆن کردیان بەبنەمای فەلسەفەکەیان، بەڵام کۆجیتۆ لەلای دیکارت و چۆن کردیان لەبنەمای فەلسەفەکەیان، بەڵام کۆجیتۆ لەلای دیکارت ئاماژەیە بۆ گەوهەری خودیی، کە بەبیرکردنەوەی ناوەوە دەناسرێت، کاتێک دیکارت دەڵێت «من بیردەکەمەوە کەواتە هەم» بەوەش دەیگوێزێتەوە لە من بیردەکەمەوە بۆ گەوهەری بۆ خودی بیرمەند خۆی و لە شتێکەوە دەچێت بۆ لێکۆڵینەوەی دەرون، هەروەکو لەتێڕامانی دووەم روون دەبێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی میتافیزیکییە کە باس لە رواڵەت دەکات لەلایەن گەوهەرەوە، ئەگەر «کانت» گەوهەری دەرونی رەتکردەوە، بۆیە کۆجیتۆی وەرگرت بۆ دەربڕین لەو وێنەیەی کە دیاردەکان لە یەک بیردا کۆدەکاتەوە کە من بیردەکەمەوە بەچەڤە دەکات، ئەم وێنەیەش مەبدەئێکی سەربەرزەو ئیشی بیرکردنەوەیە، واتە دۆزینەوەی تەوافوق لەنێوان وتارە پوچەکان و لەنێوان هەستێکی کوێرانەدا...

(من) (ئەنا) لەلای کانت مەبدەئی مەعریفەتە نەک مەبدەئی بوون، بەڵام سارتەر وتە بە گەوهەریەتی دەرون رەتدەکاتەوە، هەروەکو «دیکارت» کردی و وەستان لەلای رەواڵەتی وەزیفەی کۆجیتۆش رەتدەکاتەوە، ئەو بۆیە ئەوە رەتدەکاتەوە، چونکە کۆجیتۆ لەلای ئەو مەعریفەی کارایە واتە مەعریفە کەبوون، چونکە مەعریفە کردەیەک نییە، لەکردەکانی هۆش کە پەیوەندی کەپەیوەستە بە بابەتەوە، ئەویش شتێکی جیاواز نییە، لە بوون هەروەکو مەسەلەی فەلسەفەی تەقلیدی لەلای نوێخوازەکان، بگرە کردەوەی بوونە وەکو هۆشی مەعریفەت کۆجیتۆ بڕیاری هۆش دەدات، واتە منی (ئانا)ی ناسراو هۆشیش لەلای سارتەر بوون خۆیەتی و رواڵەتی یەکەمە بۆ بوون، کردەوەو مەمارەسەو هەستی کردەییە.

پێشەنگی من (ئانا) لە فەلسەفەی سارتەردا پێشەنگی ممارەسەیە، کاتێک سارتەر بڕیاری بوونی ئانا دەدات بڕیاری بوونێک دەدات، کە بوونی هۆشی ناسێنەرەیان ممارەسەکردنی مەعریفییە بەجۆرێک ئەم بوونە پێش ماهیەت دەکەوێت، یان ممارەسەکردنی مەعریفە پێشی پەیوەندیداربوونی سروشتی مەعریفە دەکەوێت، دەربارەی چەمکی بوون لە دیدی بوونگەراخوازانەوە، دکتۆر زەکەریا ئیبراهیم کورتە پێناسەیەک دەهێنێتەوەو دەڵێ «لە کتێبی «گرفتی ئازادی»: «جۆری ئەو بوونەی کە مرۆڤ پیادەی دەکات، بوون نییە بە واتای بوونایەتی (کەینوونە)، بگرە ئەو بوونەیە بە واتای بە بوونبوون (صیرورە)، بەڵام بوونبوونێک کە وەکو خوڵقێنەروایە».

دووەم: ئازادی و ئیرادەی هەڵبژاردن لە فەلسەفەی بوونگەرایدا

ئەگەر هەبووی دەبێت بوونی تایبەت بەخۆت بخوڵقێنی، دەتوانین بڵێین کە سەرجەم فەلسەفەی بوونگەرایی ئازادییە نەک ئازادی پوچگەرایی (عەبەسیەت)بگرە ئازادی وابەستەی بەرپرسیاریەت و پابەندبوونە، چونکە کاتێک سارتەر بڕیاردەدات، کە مرۆڤ ئازادبێت لە هەمانکاتدا ئەم ئازادییە نایەتەدی وەکو سارتەر پێیوایە_تەنها بە توانای خۆی نەبێت، بۆ ئەوەی کاراو کاریگەر بێت. ئەمەش نایەتەدی تەنها بەوەی مرۆڤ دەبێت خاوەنی ئیدارەیەکی ئازاد بێت و دواجاریش توانای ئازادی لە هەڵبژاردنی کردەوەکانیدا... سارتەر دەڵێت «مرۆڤ ئازادی کردەی هەیە، بەڵام دەبێ بەدرێژای کات هەڵبژێرێت، تەنانەت رێگرتنی وێنە لە وێنەکانی هەڵبژاردن، مرۆڤ لەرێگای هەڵبژاردنە پەیدەرپەیەکانەوە حەتمەن پابەند دەبێت، ئەم پابەندبوونەش سنور بۆ ئازادی داهاتووی دادەنێت، لەهەمانکاتدا هیچ پێوەرێکی موتڵەق نییە، کە هەڵبژاردنەکانی بۆ دیاری بکات. ئەوەشی کە تایبەتە بە مرۆڤ ئەوەیە (بوون) پێش (ماهیەت) دەکەوێت، بۆیە نمونەیەکی

پێشین نییە، کە مرۆڤ بەرەو هەڵبژاردنەکەی بەرێت و نە دەسەڵاتێک، یان بنەمایەک کە رەوشتەکانی بەسەریدا بسەپێنێت.

ئازادی خۆی دەرناخات جگەلە ئیشکردن نەبێت، ئەویش یەکێتی پێکدەهێنێت لەگەڵ کاردا، ئەویش بنەڕەتی پەیوەندییەکان و کارتێکردنە بەرامبەرەکانە کە بنەماکانی خۆیەتی کار پێکدەهێنن، ئازادی هەرگیز بۆخۆی بەس نییە، بەڵام بەوەی بەرهەمی دەهێنێت خۆی دەخاتەڕوو، ئەویش بریتییە لە پابەندبوون بەکاری هەنوکە بۆ بنیاتنانی ئایندە، ئایندەش نایەتەدی تەنها بە لە تێگەیشتن لە ئێیستا (هەنوکە) و دوای گۆڕینی نەبێت، بەو شێوەیە مرۆڤ فێری رێگای ئازادی خۆی دەبێت لە رێگای تێگەیشتنی لە شتەکان، بەڵام دوورترە لەوەی کە ببێتە شتێک لە شتەکان کاتێک سارتەر بڕیاردەدات، کە مرۆڤ ئازادە مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤ تووڕدراوەتە ئەم جیهانەوە بێئەوەی بتوانێت لەم دۆخە رزگاری ببێت کە خۆی تێیدا دەبینێتەوە.

مرۆڤ لێگەڕاوە بۆ خودی خۆی و بوونی خۆی خراوەتە بەردەستی ئازادییەکەی تەنها ئەو توانا حەدییەیە بۆ پێکهێنانی خۆی و هەڵبژاردنی شێوازی خۆی لە ژیاندا، کەواتە ژیانی مرۆڤایەتی تەنها هەڵبژاردنی خزدە، لە هەموو ساتێک لە ساتەکانی بوونماندا هیچ داواکارییەکیش نییە، بۆئەوەی مرۆڤ رزگاری بێت لەم زەرورەتە کە بەسەریدا سەپێنراوە، چەنک مرۆڤ ئازاد نییە لەوەی کە واز لە ئازادییەکەی خۆی بهێنێ، بۆیە وتەی «من هەم» بە تەواوی هاو واتای وتەکەمە «من ئازادم» چونکە ئازادی هەستکردنە بەبوونی خۆی، بەراستی مرۆڤ خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ و واهیمە دەکات، کە ئەو دیلی زەروڕەتەو ئێستاش دەبینین دەیەوێت واز لە شێوازەکەی خۆی بهێنێ لە ژیاندا بۆ ئەوەی ژیانی شتەکان بژێت، بەڵام مرۆڤ خۆی

لەم حاڵەتەدا خۆی ئەم ڕێبازە دەگرێت، بۆیە ئازادییەکەی بەرپرسە لەو شێوازە تایبەتەی کە بۆخۆی هەڵیبژاردووەو پێی ڕازیبوو بەپێی ئەوە بژی، تەنانەت مرۆڤ کاتێک دەیەوێت واز لە هەموو هەڵبژاردنێک بهێنێت جۆرێک لە هەڵبژاردن دەستەبەردەکات، چونکە هەڵنەبژاردن خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە هەڵبژاردن کەسیش ناتوانێت مومارەسەی ئازادییەکەی من بکات لەجیاتی خۆم، بگرە خۆم بەرپرسیارم لەخۆم و هیچ ڕێگایەکیش نییە، پاکانە هێنانەوە بۆ وازهێنان لە ئازادیەکەم، چونکە ئەو ئازادییە بە تەنها دەتوانێت دەربڕی بوونم بێت بەوپێیەی کە زیندەوەرێکی نامۆم و لە جیهان دابڕاوم هیچ ڕێگایەکیش نییە، کە لەتەواوەتی لەگەڵیدا یەکبگرمەوە، یان بەگشتی لەگەڵیدا یەکبگرێتەوە.

دەربارەی ئازادی تاک و پەیوەندی بەوەی دیکەوە سارتەر دەڵێت «ئازادی وەکو پێناسەیەک بۆ مرۆڤ لەسەر ئازادی ئەوانی دیکە ناوەستێت، دەیکەمە مەبەستی خۆم و تێکەڵ دەبم بەو مەبەستە کە ئازادی ئەوانی دیکەیە، بەڵام کاتێک پابەند دەبم بۆخۆمی داوا دەکەم وەکو چۆن بۆ ئەوانی دیکەی داوا دەکەم، پاشان کاتێک دان بەوەدا دەنێم بەحەقەت، مرۆڤ زیندەوەرێکە، کە بوونی پێش ماهیەتی دەکەوێت، بریا لەبەرئەوەی ئەو ئـازادە، ناتوانێت لە هەموو بارو زروفێکی جیاوازدا تەنها داوای ئازادییەکە بکات، دوجار ناتوانێت جگەلەوەی کە داوای ئازادی ئەوانی دیکە بکات، بۆیە من بەناوی ئیرادەی ئازادییەوە کە بەشێکە لە ئازادی خۆی، دەتوانم حوکمدان پێکبهێنم و دەربیکەم بەرامبەر بە هەموو کەسێک، کە خودی پێیدەڵێت کە واز لە بەرپرسیارێتی بوونی خۆی بهێنێ و شێوەکانی ئازادییەکەی بشارێتەوە، ئەم وتەیەش ئەو تۆمەتە خودیە ڕەتدەکاتەوە، کە هەندێک دەیلکێنن بە بوونگەراخوازەکانەوەو مەزهەبی بوونگەراییەوە،

بوونگەرایش نایەتەدی تەنها بە بوونی ئەویدیەکە نەبێ، چونکە بوونی ئەوی دیکە تەنها مەرجێک نییە بۆ بوونی من، بگرە مەرجێکی مەعریفییە کە بۆ بوونی خۆم پێکیدەهێنم.

**سێیەم: ئەویدیکە دۆزەخە ...**

وەکو سارتە دەیبینێ ناکرێت پەیوەندی گەوهەری لە نێوان خودەکاندا دروست ببێت، چونکە هەر خودێک پێیوایە کە خودەکانی دیکە «بابەتەکان» و بەکارهێنانیان تەنها ئامرازێکە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە تاکەکەسیەکان.

بێهودە هەندێک لە فەیلەسوف و شاعیرەکان دەربارەی «خۆشەویستی» و «هاوسۆزی» و «بەشداری ویژدانی» دەدوێن، چونکە خود ناتوانێت بچێتە ناخی خودەکانی دیکەوە، مەگەر تەنهابیانکەین بە «بابەتگەلی» موجەڕەد، چونکە خۆشەویستی لە کرۆکدا تەنها هەوڵدانە بۆ دەسنگیرکردنی ئازادی «ئەوی دیکە» و سارتەر دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ، قسەکردن لەبارەی خۆشەویستی، یان بەشداری، یان هاوسۆزی لەنێوان خودەکاندا جێگای نابێتەوە، چونکە ئامادەگی خود لەبەردەم ئەویدیکەدا وەکو کەوتنی ئەسڵی وایە، بۆیە یەکەم گوناه لەکاتێکدابوو کە لە جیهان دەرکەوتم کاتێک ئەوانی دیکەی لێبون.

«خود» لە دیدی بوونگەراییەوە ئەوەیەکە تاک بەتەنیا بژی و بگرە ئەو کراوەیە لەسەر ئەوانی دیکە، لێرەدا دەبینین بوونگەراییەکان بایەخ دەدەن بەکێشەی «بوون لەگەڵ ئەویدیکەدا» و پەیوەندیکردن بەوی دیکەوە، یان ئەوەی کە پێی دەوترێت «بوونی ئەوی دیکە» کە سارتەر ئەم زاراوەیەی بۆ داڕێژرا «ئەوانی دیکە دۆزەخن».

**چوارەم:**

**بوونی لە خودی خۆیدا، بوون بۆ خودی خۆی»هۆش» لەلای سارتەر**

بوونگەرایی هەڵوێستێکی دژ وەستاوە، ئەو تەوژمە فکرییەی کە درێژە پێدانی (دیکارت) بوو تا هیگڵ، کە دەستەوسان بوو لە راڤەکردنی «شت بۆ خودی خۆی»، ئەوەی سەلماند کە ئەوەی لە خودا بونی هەیە ناتوانرێت بە عەقڵ هەستی پێبکرێت» وەکو لە فەلسەفەی «کانت» هاتووە، لەکاتێکدا دەبینین کە بوونگەراکان وای دەبینن کە دەتوانرێت جیهان راڤە بکرێت لە رێگای زنجیرەیەک دیاردەوە لە ئاستیەوە بەدەرکەون، هەروەکو (سارتەر) لە کتێبی «بوون و نەبوون»دا ئاماژەی بەوەداوەو دەڵێ «بوون بەر ئەوەیە کە دەیهێنێتە بوونەوە»، لێرەشدا سارتەر لەرێگای فەلسەفەوە ئەوە رووندەکاتەوە جیاوازی لەنێوان هەردوو چەمکی «بوون لە خودی خۆیدا» و بوون بۆ خۆ خودی خۆی»... لێرەدا شتێکی سەربەخۆ هەیە لە فیکر، ئەم شتەش سارتەر ناوی دەنێت «ئەوەی لە خودی خۆیدا هەیە» لە یەکەمجاریشدا دەبێت» شتێک لەخودی خۆی» پڕە بەبوون ئەویش «کوتلە»یە کە بۆشایی تێدا نییە، دواجاریش بۆ خۆی «تاریکە»، واتە «لە خودی خۆیدا هۆشی نییە»، واتە «پڕ بەخودی خۆیەتی»، هەروەها «شتێک بۆ خودی خۆی» زیندەوەرێکی هۆشیار نییە، کە بتوانێت ببێتە ئەوەی کە نابێت و نەشبێتە ئەوەی کە دەبێت هەرشتێک لە خودی خۆیدا ئەوەی لە خۆی زیاتر نییە، بەڵام بەبێ واتا بە ناساندنی «هۆش» نەبێ لەسەری بەو جۆرە جیهان لەڕێگەی هۆشەوە دێتەدی و مەعقولیەتی خۆشی وەردەگرێت لەڕێگای «ئانا»وە، دەشبێتە پێکهاتەی بنەڕەتی خۆی «هەیە بۆ خودی خۆی»...

نەک «هەبێت لە خودی خۆیدا» هاوژیانی سارتەر «سیمۆ دی بۆڤۆار» لە بڕگەیەکی جوانی یەکەم رۆمانیدا «ژنە میوان» بە واتای ئەوەیە ئامادەبوونمان

بۆ جیهان ئەو جیهانە لە خەم هەڵدەسێنێت، وەکو بینیمان یەکێک لە بیروباوەڕە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی بوونگەرای ئەوەیە کە جیهان وشک و رەق و پوچگەرا «عەبەسی» هیچ واتا بوونێکی رەسەن وەرناگرێت، جگەلە بەهەشت کردنی نەبێت لەڕێگای هۆشی مرۆڤایەتییەوە نەبێ «ئەوەی بۆ خودی خۆیەتی» ژیان دەبوژێنێتەوە ئەوەی لە خودی خۆیدایە دوای ئەویش ئەوە دێت کە جیهان بە توندی یەکگرتوو نییە، بۆیە هەموو تاکێک هەستی پێدەکات، بە شێوازی تایبەتی خۆی دیاردەکانی راڤە دەکات.

ئەنجامی زمانەوانی ئەم هەڵوێستە فەلسەفییەش کە بڕوای رێژەیی هەیە شێوازێکی ئازادی ناڕاستەوخۆیە، واتە شتەکان و رووداوەکان پیشاندەدرێن نەک وەکو ئەوەی لە ئەسڵدا هەن، بەڵام بە شێوازی زانستی دیاردەکان «فینۆمینۆلۆژیا» واتە وەکو چۆن هەستی تایبەتی تاک درکی پێدەکات.

«ئەلبێرت یەس» بەراستی دەربارەی سارتەر دەڵێت «ئەوەی کە لەلای نوسەرێکی دیکە هەیە تەنها گێڕانەوەیەکی بابەتیانەیەو لەلای سارتەر شێوەی چێژ وەرگرتنێکی تاک وەردەگرێت و بەپێی هەستی ئادەمیزاد، کە هەریەکێک لەوان ئەزمونی خۆی دەژی جیاوازە، کەواتە بوون لەلای سارتەر بریتییە لە دوو بوون: بوون بۆ خۆی کە ئەویش هۆشەو بوون لە خودی خۆیدا کە بریتییە لە بابەتی دەرەکی بەخشش. پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو بوونەدا پەیوەندی جیابوونەوەو بەیەکگەیشتنە لە یەککاتدا، هۆش لەهەستکردنیدا بە بابەت جیاواز لەخۆی، بەڵام لێی جیانییە چونکە ئەو واتە بابەت دەکەوێتە بواری هەستکردنەوە، ئەم دیاردەیە سارتەر ناوی لێ دەنێت (سلبیەتی مرۆڤ) بۆ نمونە دەڵێم «من بەردێک دەبینم، بەڵام من ئەو بەردە نیم».

بەوشێوەیە سارتەر بڕیار دەدات، کە مرۆڤ دەلاقەیەکە لە بوون یان

درزێکە لە دیواری گشتی بووندا، چونکە ئەو دەبێتە هۆی یەکنەگرتنی ئەونی گەردون، ئەگەر تەسەوری بوونمان کرد لە رسنەیەکدا وەکو بەرێک، ئەوجا مرۆڤیش دەبێتە ئەو کرمەی کە ناوەوەی ئەو بەرە دەخواتەوە، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەیت کە مرۆڤ کرمەو هیچی نییە، جگەلەوەی کە کرم بێت، بگرە ناتوانێت لە واقعی مەسەلەکەدا، جگەلەوەی کە بوونی خۆی وەکو کرمێک پێ قبوڵ بێت.

**پێنجەم: بوونێک نییە، کە ناوی سروشتی ئادەمیزاد بێت.**

سارتەر ئەوە رەتدەکاتەوە کە لێرەدا بوونێک هەبێت بەناوی سروشتی ئادەمیزادەوە، یان «فیترەت» ئەمەش پشت بەستن بەوەی کە مرۆڤ هەیە، پاشان خۆی بڕیاری بوونی دەدات، سارتەر لە کتێبی «بوونگەرایی مەزهەبی مرۆڤایەتییدا»دەڵێ «سروشتی مرۆڤایەتی نییە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەموو سەردەمێک پەرە دەسێنێت بەگوێرەی یاسای دیالێکتیکی، ئادەمیزادەکانیش لە پێکهاتەی خۆیاندا پشت بەو سەردەمە دەبەستن کە تێیدان نەک بە سروشتی مرۆڤایەتی، هەروەها دەڵێ «لەم نمونانە پوچتر نییە، کەخێری خەڵکیان تێدانییە»، یان «ئەگەر رێزت لە نا کەسبەچەیەک گرت لێت یاخی دەبێت»، یان «خۆ گەورەگرتن بەسەر خەڵکی گەورەدا سەدەقەیە «لەم نمونە باوانە زیاتر نییە، کە هەمووی لەگەڵ بانگەشەکەماندا یەکدەگرنەوە بۆ یەک شت: کە بەرهەڵستی دەسەڵاتی هەبوو نەکەین و بەرەنگاری ئەو کەسانە نەبینەوە کە لەخۆمان بەهێزترن، خۆمان تێهەڵنەقورتێنین لەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و بواری ئێمە نییە، یان ئەو هەمووەی کە نارێکە لەگەڵ داب و نەریتی (بیدعە) و ئەو هەمووەی کە تاقیکردنەوە نەسەلماندووە ئەنجامی شکستە، منی تاقیکردنەوە ئاماژەم بەوەدا کە ئادەمیزاد بەگوێرەی سروشتی

خۆی حەزی لە کردەی ئادەمیزادە، پاشان دەبێت کە لێرەدا بنەمای چەسپاو تووندوتۆڵ هەبێت، بۆ رێگرتن لەوەی کە بیهێننەوەو بەربەست بێت لەنێوان ئەوان و ئەودا، ئەگینا ئاژاوە بەرپا دەبێت و ئسوڵەکان ون دەبن.

رەنگدانەوەی فەلسەفەی بوونگەرایی لە کارەکانی چان پۆل سارتەردا.

**یەکەم: شانۆنامەی (مێش)**

سارتەر نەیوستووە کارەکتەری رۆمانەکانی وەکو نێگەتیڤ بمێنێنەوەو رەخنەگرەکان خەسڵەتەکانیان شیبکەنەوەو هەڵسوکەوتەکانیان راڤە بکەن، بگرە چەند رۆمانێکی فەلسەفی پێشکەشکردوین، کە کارەکتەرەکان خۆیان پێچەوانەی راڤەکردنی واتای ئەو بۆچوونە دەکەن، کە لەگەڵ خۆیاندا هەڵیانگرتووە کارەکتەرەکانی رۆمان لەلای سارتەر بە خۆیان دەڵێن چیان دەوێت بیڵێن، هەرچەیەکیشیان بووێت لەلای ئەوی دیکە بیڵێن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەمانە وەکو بابەت نین، کە رۆماننوس لێرەو لەوێ بڵاویان بکاتەوە، بەڵکو بوەتە کارەکتەرێکی هۆشیارو خودی خۆی تێدەگات و رەوشتی خۆی رەخنە دەکات و دەیخاتە سەر هەڵسوکەوتەکانی بەو جۆرە لە توانامانداا دەبێت. کە بڵێین رۆمانی فەلسەفە چاوەرێی ئەوە نییە، کە رەخنەگران کارەکتەرەکانی بناسن یان ریزبەندیان بکەن بەژێر هەندێ شێوەی کەسایەتی گشتیدا، بگرە ئەم خۆی ئەم ئەرکە ئەنجامدەدات بۆ حسابی تایبەتی خۆی، بێئەوەی چاوەڕێ بکات لە هیچ رەخنەگرێک بێت و تەئویلی بکات یان راڤەی بکات یان شیبکاتەوە.

شانۆگەری «مێش» بابەتەکەی ئەفسانەیەکی کۆنی گریکیە «ئەلیکترا»ی سۆفۆکلێس و ئارەزووی ئەلیکترا بۆ تۆڵەکردنەوەی باوکە غەدر لێکراوەکەی «ئاگامەمنوو» کە بەلایەن دایکییەوە «کلیمسترا» و دۆستەکەی (ئیجست»

ئەو تۆڵەکرنەوەیەی کە نەیتوانی بەتەنها ئەنجامی بدات و چاوەڕێی «ئۆرست»ی برای بوو، پاڵەوانی شانۆگەریەکە، بۆئەوەی تۆڵەی باوکیان بکاتەوەو تۆڵە لەدایکیان بکاتەوە، کە غەدری لە باوکیان کردووەو شووی کرد بە «شیجست» دوای ئەوەی کە رێککەوتن کە «ئاگامەمنوون» بکوژن، سارتەر ویستی شانۆگەریەکە پۆشاکێکی بوونگەراییانەی لەبەربکات، پێموایە لەمەدا سەرکەوتووبوو.

«مێش» رەنگدەرەوەی چەندین بیروباوەڕی فەلسەفەی بوونگەرایی بوو و دەربڕی راستیش بوون لەوە، سەرەکیترین لەو بیروباوەڕانە ئیرادەی ئازادە کە کەسایەتی ئۆرست بەرجەستەی دەکات، روون بوەوە، کە ئیرادەی ئازادی ئۆرست سوربوونە بەهێزەکەی لە دوو هەڵوێستدا، یەکەم بە کوشتنی دایکی و مێردەکەی و دووەم خۆڕاگری دوای تاوانی کوشتنەکەو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەم تاوانە، بەپێچەوانەی «ئەلیکترا»وە کە پەشیمانی ئازادی دەدات، لە عەزیمەتی خاوی دەکاتەوە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بڕیار مادامی خەونی بە بەدیهێنانی دەبینی و هانی براکەی دەدات کە جێبەجێیبکات، ئەم ئیرادە ئـازادەش لە ئاستی وەڵامدانەوەی ئۆریست بۆ خواوەندی ژۆبیتەر رەنگدەداتەوە، کە سەرشانی ئەلیکترای بە پەشیمانی و حەسرەت گران کردووەو هەوڵیداوە ئیرادە ئازادەکەی لێ زەوت بکات، ئۆرست دوای ئەوەی کوشتنەکە ئەنجامدەدات وەڵامی ئەلیکترای دوودڵ و پەشیمان دەداتەوە، لەم وەڵامدانەوەیەشدا خەسڵتە سەرەکییەکانی بوونگەرایی بەدیاردەکەون ئەویش ئازادی و پابەندبوونە، ئازادی ئۆرست وایلێدەکات بەرپرسیارێتی کردەوەکەی لە ئەستۆ بگرێت، ئەگینا پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کە کردویەتی و بە ئیرادەی رەبەقی ئازادی خۆی لە بەرامیەریشدا ئیرادەی زەوتکراوی ئەلیکترای خوشکی دەردەکەوێت، کاتێک شەڕکەرەکان دەترسێنێت خۆی توشی پەشیمانی دەبێت.

ئۆرستْ: بەڵام ئازارەکەی لەخۆی دەردەچێتْ، هەر بەتەنیا ئەو خۆی دەتوانێتْ لێی رزگار بێنو خۆی ئازادە.

ئۆرستْ: کێ دەتوانێ بزانێتْ کە چیم دەوێ تەنها تۆ نەبێتْ؟ دەبێ لێبگەرێیتْ کەسێکی دیکە بڕیاربداتْ؟...

ئۆرستْ: تاوان کە ئەنجامدەرەکەی ناتوانێتْ بەرپرسیاریەتییەکەی لە ئەستۆ بگرێتْ، تاوانی کەس نییە وانییە؟ ئەم ئیرادە ئازادییە، هەروەها لە وەڵامەکەی بۆ ژۆبیتەری خواوەند دەردەکەوێتْ کە هەوڵیدا عەزیمەتی خاوکاتەوەو ئیرادەی زەوتْ بکاتْ و ئەویش لە رێگای ترس و نیگەرانی لە ناخی خۆیدا وەلی ئۆرستْ خاوەنی ئیرادە ئازادەکەی خۆیەتی و دەڵێ: ئۆرستْ: من تاوانبار نیم، ناشتوانیتْ زۆرم لێبکەیتْ بە بیرکردنەوە لە وەی کە دانی پێدا نانێم کە تاوان بێتْ...

ئۆرستْ: لەهیچ شتێک پەشیمان نیم...

ئۆرستْ: ئەم جیهانەی تۆ هەمووە بەشی ئەوە ناکاتْ کە گوناح بکەیت... ژۆبیتەر تۆ پادشای خواوەندیتْ، پادشای تاشەبەردو ئەستێرەکانیتْ، پادشای شەپۆلەکانی دەریایتْ، بەڵام پادشای ئادەمیزاد نیتْ...

ئۆرستْ: تۆ، بەڵام نابوو بە ئازادی بمخولْقێنی ئەگەر هەبێتْ واتای ئەوەیە، کە بوونی تایبەتی خۆتْ بخولْقێنی...

ئۆرستْ:مەحکوم بەوەم کە هیچ شەریعەتێکی دیکەم نەبێتْ، جگەلە شەریعەتەکەی خۆم نەبێتْ... ناتوانم جگەلە رێگام خوم بەولاوە بگرم... لەبەرئەوەی جۆبیتەر من مرۆڤم، هەموو مرۆڤێکیش لەسەریەتی رێگای خۆی بدۆزێتەوە...

ئۆرستْ: هەقی تۆم چییە؟ هەریەک لە ئێمە بەهاوشانی یەکدی شۆڕدەبینەوە، بەبێ ئەوەی بە یەک بگەین وەکوو دوو پاپۆڕ، تۆ خوایتی منیش

ئازادم، هەردووکمان لە تەنیایدا وەکو یەکین دڵتەنگیمان وەکو یەک وایە، کێ پێیوتی من لە پەشیمانی دەگەڕێم لەم شەوە درێژەدا؟ پەشیمانی، پەشیمانی، بەڵام ناتوانم چیدی پەشیمانی بچێژم و نەشخەوم هەوڵدانێک بۆ زەوتکردنی ئیرادەی خۆت لە ئاهەنگەکە دەرنەکەوتیت، پادشا فەرمانی دا کە بە زۆر بتبەن...!

هیچ بەهایەکی چەسپاو نییە، کە حوکمی مرۆڤ بکات واتە لێرەدا نمونەیەکی پێشین نییە، کە مرۆڤ پابەند بکات لەسەر بەرنامەی خۆی بڕوات، بەڵکو مرۆڤ خۆی بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆی دەخوڵقێنێ بە خێرو شەڕیەوەو پێویستم بە خوداوەندێک نییە، کە ئەوانەم فێربکات مایەی دادپەروەرییە کە هەستکردنیان بە کەرامەت بۆ بگەڕێنمەوە.

ئەمە وەڵامی ئۆرستە بۆ ئیجست بەر لەوەی بیکوژێت...

ئازادی بەشێمی سەپێنراوە بەسەر ئادەمیزاددا هیچیان نییە، جگە لەوەی کە دەبێ ئازاد بن، ئێستاش کەس ناتوانێت لە ئازادیەکەیان بەرگەشتیان بکاتەوە، ئەوەی بەبێ ئەو ئازادییە بژی، دەژی بێ ئەوی هەست بە بوونی خۆی بکات.

جۆبیتە: ئادەمیزادەکان ئازادن تۆ ئەمە دەزانیت و ئەوان ئەمە نازانن..

ئیجست: ئەگەر ئەوەیان بزانیایە کۆشکەکەیان لەهەر چوار لاوە دەسوتان ئەوەتا پانزە ساڵ تێدەپەڕێت، من نواندن دەکەم بۆئەوەی قەناعەت بە توانایان پێبهێنم.

ئیجست: وەلێ کێ حوکمی بەسەردا داین؟

جۆبیتەر: هیچ کەس جگەلە خۆمان نەبێت، چونکە خۆمان هەمان ئالودەیمان هەیە، تۆ حەزت لە رژێمە ئەی ئیجست، جۆبیتەر: تۆ لەدایک بوویت بۆ ئەوەی ببیت بە پاشا.

جۆبیتەر: ئۆرست ئەوە دەزانێت کە ئازادە.

ئیجسث: بوونی پیاوێکی ئازاد لە شارێکدا وەکو بزنێکی گەڕ وایە لەناو میللەتێدا...

جۆبیتەر: کاتێک ئازادی دەتەقێتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دڵی مرۆڤدا، خواوەندەکان هیچیان نییە، بەرامبەر ئەم مرۆڤە تەنها دەسەپاچەیی نەبێت، چونکە ئەوە کێشەی ئادەمیزادو ئادەمیزادەکانی دیکە لەسەریانە کە لێگەڕێن بڕواث بەڕێوە، یان ئەوەتا بیخنکێنن...

سەرجەم شانۆگەری «مێش» دوای ئەوەی چەند بڕگەیەکمان لێهێنایەوە، ڕەنگدانەوەی چەندین بنەمای فەلسەفەی بوونگەرایییە، دیارترینیان وەکو باسمانکرد کێشەی ئازادیی و ئیرادەی ئازادە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم دەقەکە ڕەنگدانەوەی کێشەی ئەشکەنجەدانی گەلێکە بە خورافاتەکانی غەیبەوە، هەروەکو «ئیجسث» ئەوەی کرد، لەگەڵ دانیشتوانی گوندی «ئەگۆس» ئەو شوێنەی لە پەشمانیدا ژیانیانی و بەدرێژیی پانزە ساڵ ڕەشپۆشیکردن و دوای ئەوەی ئاگامەندبونی کوشث و ئەمەش لەپێش چاوماندا ئیرادەی زەوتکراوی مرۆڤمان پیشاندەداث، کە بەرجەستەیە لەخەڵکی «ئەرگۆس»دا، ئەوانەی کە بڕوایان بە بڕیارەکانی «ئیجسث» هێنا بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک، یان بەرگریکردنی ئەو خورافاتانەی کە گەلەکە بۆ ماوەی پانزە ساڵ لەسەر لە پەشیمانی و حەسرەث بۆ شتێک ژیان، کە ئەوان ئەنجامیان نەدابوو، بەرامبەر بە ئیرادەی ئازادی یاخیبووی «ئۆرسث»...

**دووەم: شانۆگەری (دانیشتنی نهێنی).**

شانۆگەرییەکەی سارتەر کە ناوی «بێ دەرگا»، یان «دانیشتوانی نهێنی»، یان «دەرگا داخراوەکان»، یان «بازنەی بەتاڵ» ژیانی دۆزەخی سێ کەسمان پیشاندەداو بۆیان بڕاوەتەوە کە هەتا هەتایە پێکەوە بژین...

«جـارسـان» رۆژنامەنوسێکی فەرەنسییەو لە خزمەتی سەربازی هەڵاتووەو فەرمانی گوللەبارانکردنی بۆ دەرچووەو دوو ژنیش یەکەمیان «ئینیز» نوسەری ژمێریارییە لە بەرێوەبەرایەتی پۆستەو بە گاز دەخنکێت، «ئستیل» شۆخە ژنێکی نێو کۆمەڵەو بە هەوکردنی سی دەمرێت.

شانۆگەرییەکە روونکردنەوەیەکی بێ بەزەییانەی ئەو چینانەیە کە درۆ دەکەن و خۆیان لە کەسانی دیکە دەشارنەوە، سزادانی کەسەکان لێرەدا وانایەکسان و روونەو لە دۆزەخەکەی سارتەردا ئاگر نییە، هەروەها ئامێری ئەشکەنجەدان و نە شەیتانەکان بگرە تەنها پەشیمانییەکی رووتەو خۆراکەکەشی خودێکی بێکۆتایی و هەستکردن بە شەرمەزاری لەو هەمووەی کە مرۆڤ هەیبوو و دروستی کردبوو و تاسەیەک کە هیوای تێدا نییە، بۆ قوربانیدان بە رابردوو ئەهوو ئەگەر ئەوە ببێت، چونکە تاکە هەلی مرۆڤ لەسەر زەوییە، لە ساتە وەختێکی زەمەنیدا خۆی و نەک لە ژیانێکی دیکە دوای مردن.

سەرباری ئـەوەش شانۆگەریەکە بەروونی بنەمایەک لە بنەماکانی فەلسەفەی بوونگەرایی دەخاتەڕوو، کە ئەویش «ئەویدیکە دۆزەخە»یە، لەوێدا ئازاری ئەو سێ کارەکتەرە پیشاندەدات لە ئەنجامی بوونیان لە یەک شوێندا، دەبینین هەریەکەو کۆسپ دەخاتە بەردەم ئازادی ئەویدیکە لە ژووری خەمۆکی لە دۆزەخی ئەودنیادا...

لە راستیدا دۆزەخی سارتەر جیهانی ئەویدیکەیە، کە هیچ دەرویەکی تێدا نییەو هیچ سودێکیشی نییە، جیهانێکە ئەوانیدیکە تێیدا دەژین، بێئەوەی هیچ رێگایەک هەبێت بۆ بەدیهێنانی هیچ پەیوەندییەکی راستەقینە، یان بەشدارییەکی کاریگەر لە نێوان خودەکان لەناخەوە لەم جیهانە هاوبەشەدا لەوانەیە سۆز بوروژێنێت، یان خۆشەویستی لەم جیهانە سەیرەدا بەیەکبگەنەوە،

بەڵام هیچ ڕێگایەک نادۆزینەوە بۆ بەدیهێنانی هەستەکەی و تێرکردنی پێداویستییەکەت، لەوانەیە بتەوێت ئەویدیکە بکوژیت کە زۆر لێی وەڕز دەبیت، وەلێ ئەیەوێ کە بتوانیت لێی رزگارت بێ تەنانەت بە کوشتنیش بێت، چونکە ئەو مردووە هیچ ڕێگایەک نییە، بۆ سەرلەنوێ لەناوبردنی ئەمەش لەڕێگای دەقی شانۆگەریکەوە بەدیدەکەین...دەبینین کە «ئەنیز» هەڵوێستێکی سەرزەنشنکار دەوەستێت لە «جارسان» و «ئەستیل» وە ڕێگا ناداث پێکەوە تەبابن، لە ڕێگەی چاودێریکردنی جوڵەو هەڵسوکەوتیان، بگرە دەقەکە چاودێریکردنی جوڵانەوەی یەکدی وێنا دەکاث، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەشکەنجەی دەروونی هەریەکێک لەوان لەڕێگای ئەوەی هەست دەکاث، کە ئیرادەی زەوت کراوە بەهۆی چاودێریکردنی لەلایەن ئەویدیکەوە...

جارسان: هەڵوێستەکە وەکو مرۆڤێک وایە کە خەریکە نوقم دەبێت و بەرە بەرە هەرەس دەهێنێ، هیچی دیکە نامێنێ جگەلە هەردوو چاوی نەبێت لەسەر رووی ئاوەکە، چی دەبینێ؟ پەیکەرێکی ناشرینی برۆنز دەبینێ ناوی برادەرەکەی چییە؟

ئەستیل: هەرگیز ناتوانم تەحەمولی بیرۆکەی بوونی کەسێکی دیکە بکەم کەلە منەوە چاوەڕێی شتێک دەکاث، ئەمەش واملێدەکاث هەمیشە شتی پێچەوانە بکەم...

ئەنیز: باشە ئەوە بکە! ئەگەر دەتوانیت، تۆ تەنانەت ناشزانی کە ئەوان چاوەڕێی چی دەکەن...

ئەنیز: دەتوانیت دەمت داخەیت، زمانت ببڕیت- بەڵام ناتوانی بوونی خۆت لەوێ قەدەغە بکەیت، ئایا دەتوانیت بیرۆکەکانی خۆت قەدەغە بکەیت؟ گوێم لێیەتی کە وەکو سەعات لێدەداث، تک تک تک تک، من دڵنیام کە تۆ بیرۆکەکانی من دەبیستیت مەسەلەکە ئاسانە دەتوانی لەسەر قەرەوێڵەیەک

پاڵکەویت، بەڵام لە هەموو شوێنێکی، هەر دەنگێک کە بۆم دێت دەیچڕێت، چونکە تۆ لە ڕێگاکەیدا وەستانت، بۆ تۆ تەنانەت سەرو چاویشت دزیم، خۆت ئەمە دەزانیت و نامەوێ بیرت بخەمەوە. ئەی چی لەبارەی ئەستیلەوە؟ ئەویش لێ دزیم، ئەگەر ئەو بوایە پێکەوە دوو بەدوو بوونایە پێتوایە، ئاوەها مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم وەک تۆ ئێستا مامەڵەم لەگەڵدا دەکەیت؟ نەخێر دەستت لەسەر سەروچاوت لابە ناهێڵم ئاسودەبیت.

تۆ لەوێ دادەنیشیت وەکو بڵێی لەخۆت چوویت وەکو «یۆگی» تەنانەت نەشمبینیوە، بەڵام لە ئێسقانمدا هەستی پێدەکەم، ئەو لەگەڵ هەموو دەنگێکدا قسەدەکات، تەنانەت خشەی جل و بەرگەکەشی لەپێناوی مندایە ئەو بزەت بۆدەکات، بەڵام تۆ نایبینی باشە لەسەر ئەم مەسەلەیە ناوەستم پێم باشە دۆزەخی خۆم هەڵبژێرم، حەزم لێیەتی چاو ببڕمە چاوت و ڕووبەڕوو ململانێ بکەین.

جارسان: ئەگەر هەوڵی جوڵەیەک بدەیت و دەستت بەرزکەیتەوە، بۆ سەرچاوت باوەشێن بکەیت، ئێمە من و ئەستیل زۆر کەم هەست دەکەین، هەریەک لە ئێمە بەتەنیا دەتوانێت یارمەتی خۆی بدات، ئێمە بەشێوەیەکی ئاڵۆز بەیەکەوە بەستراوینەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنەکە بە «ماوەیەک بێدەنگی» هەلو؟ چی ڕوودەدات؟

ئەستیل: ناتوانم ئەوە بڵێم.. ئازیزەکەم سەخیف مەبە، ناتوانم بچمە ناختەوە، دەبێ خۆت بڕیاری ئەوە بدەیت.

**سێیەم: ڕۆمانی دڵ تێکەڵدان.**

هەر کە ڕۆمانی «دڵ تێکەڵدان»م خوێندەوە، ئەگریام بەدوای حیبکەی چیرۆکەکەوە کە تاسەم بوو، بەڵام سەرجەم بایەخم ئەوە بوو، کە مەعریفەی

راستیم دەستبکەوێت بە پرسیارە بوونگەراییەکان، هەروەها نیگەرانی بوون دەربارەی بژێوی کە دەبێتە پاساوێک بۆ ژیان، دەرباری ئەو بێزارییەی کە لە دەرونی ئەو کەسانەدا هەیە کە شێوازین (نەمەتین) دەربارەی ئازادیم، بۆچی من ئازادم، ئایا ئازادی مەرجە بۆ بوونم؟ ئەم هەموو پرسیارە باری گران کردم کاتێک رۆمانی (دڵ تێکەڵدان)م خوێندەوە. سەرەڕای بارگرانی لەسەرم بەڵام لەبەردەممدا پرسیارگەلێکی گەورەی کردەوە، پێموایە کە ژیانی خۆبەخشیم و ژیان بە هەموو کەسێک کە خوێندویەتیەوە و تامی تایبەتی هەیە بۆ بوون و بەهای ئەو بوونە ئادەمیزادییە، ئایا بوونێکی بێهودەیە، یان ئەوتا بوونێکە لە پشتیەوە مەبەستێتی شتی مەزن بۆ ئادەمیزاد بەدیبهێنێ، پرسیارە مەزنەکەش ئەوەیە کە لە دەرونمدا جێیهێشت. ئایا دەتوانین بوونی تایبەت بە خۆمان بخوڵقێنین و بتوانین خاوەنی ئیرادەی ئازاد بین لە سایەی واقیعێکی قورس بە کۆت و پێوەن و مەرج و قەدەغەکردنی، کە نایەڵێت مرۆڤ بە شێوەیەکی ئازاد بیربکاتەوە؟

*نیگەرانی بوون لە (دڵ تێکەڵدان)ی سارتەردا... ئەو نیگەرانییەی کە سارتەر باسی دەکات، لە (دڵ تێکەڵدان)و نیگەرانییەکی بێهودەیە (پوچگەراییە) مەبەستی ئاسودەبوونە یان نەکارەییە، بگرە نیگەرانییەکە مەبەستیەتی لە رێگایەوە هەست بە بەرپرسیارێتی بکرێت نیگەرانییەکە مرۆڤ هاندەدات کە رقی لە ئاسودەیی و خۆبەستدانەوە بێتەوە، بۆ ئەوەی بوونی خۆی جێبەجێبکات، بۆ جیهانی کردارو ئیرادەی ئازاد.

ئەمانەی خوارەوە لە دەمی (رۆکنتان) پاڵەوانی رۆمانەکەوە هاتووە.

*سەرەتای نیگەرانی بون «گەڕان بەدوای ئازادییەوە» «بیرم لەوە کردەوە کە من ئازاد نیم، لەخانەی کتێبدا هەوڵمدا بەبێ سەرکەوتویی کە لەم بیرۆکەیە رزگارم بێت، ویستم لێی رابکەم، بۆ قاوەخانەی «مابلی»

هیوام وابوو کە لەژێر روناکیەکاندا بڕەوێنەوە، وەلێ لێرەدا هەر مایەوە لە دەروونمدا قورس و بەئێشە»، «من، بەتەنیا دەژیم تەنیا وەکو تەنیایی، لەگەڵ کەسدا قسە ناکەم، هیچم نادرێنێ و هیچیش نادەم و عیسامێکی بێ حساب».

«بیرۆکەم ئەوەیە کە «منم» لەبەرئەوە ناتوانم بوەستم، من زیندەوەرم چونکە بیردەکەمەوەو ناتوانم بیرنەکەمەوە، ئەگەر زیندەوەر بم ئەوە «چونکە من» دەتوانم ببمە «من»، «من» کە خۆم لەو عەدەمە دەکێشمەوە کە مەبەستمە بیرکردنەوەکان لەدوامەوە دروستدەبن و سەرەگێژەکە هەستدەکەم لە پشتی سەرمەوە لەدایک دەبن».

«من زیندەوەرێکم و بوونم هەیە، بیردەکەمەوە کەواتە هەم، من زیندەوەرم چونکە بیردەکەمەوە، بۆچی دەمبینی بیردەکەمەوە؟ لەمەودوا نامەوێ بیربکەمەوە، زیندەوەرم چونکە بیردەکەمەوە کە دەمەوێ نەبم، بیردەکەمەوە چونکە بیروڕا دەکەم ئەو چەپەڵە رایکرد...

*ئازادی و هەڵبژاردن...
«دەبێ هەڵبژێری»
(من هێشتا ئازاد نیم، ئیدی ناتوانم ئەوە بکەم کە دەمەوێت).
«بەڵام دەبێت هەڵبژێرێت، لەنێوان ئەوەی بژێت یان قسەبکات...
«قسە بکە یان ئەوەتا بێدەنگ بە، بەڵام هەڵبژێرە»
*ئازادی لەگەڵ پابەندبووندا «ئیلتیزام»
ئازادی واتای نییە، جگەلەوەی کە بەرپرسیارێتی نەبێت
«ئایا ژیان شایانی ئەوەیە کە بژیت؟»
عیسامییەک بە زمانێکی فریودەرەوە پێیوتم: نوسەرەکە بۆ بەرژەوەندی

گەشبینی ئیرادی کۆتایی هات، ژیان واتای هەیە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت واتای بداتێ... یەکەم لەسەریەتی کاربکات، خۆی تورِداتە ئیشکردنەوە، ئەگەر بیربکاتەوە واتە پابەندبووە، دەیوت «چەند ئاسانە مرۆڤ ئەرکەکەی بەجێبهێنێت و چەندیش زەحمەتە».

**پرسیاری بوون:**

دەتوانرێت مرۆڤ خەون بە ژیانێکەوە ببینێت کە لە ژیانی خۆی جوانتر بێت، بەڵام ئەو خۆی دروستی کردووە؟ هیچ پاکانەیەک نییە بۆ بوون، بێگومان بەڕێز تۆ مەبەستت ئەوەیە کە ژیان هیچ ئامانجێکی نییە؟ ئایا ئەمە ناوی رەشبینی نییە؟

ژیانی ئاسایی کە نەریت حوکمی دەکات هیچ شتێکی تێدا نییە، کە پاساوی ژیان بداتەوە...

«من کەسێک یان دانم نییە، لێرەدا رۆژان هەن بەبێ رێکوپێکی ئاژەنگ دەنێن، پاشان لەپڕێکدا بریسکانەوەکان وەکو ئەم بریسکانەوەیە»...

خەڵکی دێنە ژوورەوەو دێنە دەرەوە هەرگیز دەسپێکەکان نییە، رۆژان دەچنە سەر رۆژانـی بێ واقیع و بێ هۆکان، ئەمەش پرۆسەی کۆکردنەوەیەکی خاوو بێکۆتاییە.

«مافی ژیانم نەبوو رێکەوتنێک بە دیارکەوت وەکو بەردێک هەبووم، وەکو روەکێک، وەکو میکرۆبێک، ژیان بە بەختەوەری گەشەی دەکردو بەهەموولایەکدا، هەندێک جار ئاماژەی ئاڵۆزی بۆ دەنـاردم، هەندێک جاری دیکەش هەستم بە بوونێک دەکرد، کە ئامانجێکی نەبوو «ئاوها بیرم لێدەکردەوە بۆئەوەی ببێنە پوچترین روودانی موغامەرە،دەبێ مرۆڤ بەتەنها دەست بە «گێڕانەوەی» بکات، ئەمەش خەڵکی دەخەڵەتێنێت مرۆڤ

هەمیشە گێڕەوەری حیکایەتەکانە، ئەو بە چیرۆکەکانی خۆی چیرۆکی کەسانی دیکە دەورەدراوە، لە رێگەیان هەموو شتێک کە لێی روودەداث و هەوڵدەداث ژیانی بژێث هەروەکو دەیگێڕێتەوە...

نوسەر لەسەر زاری رۆکانتان لە کۆتایدا پێمان دەڵێث دەبێث بوونی خۆمان بخوڵقێنین، کە شایانی باسکردن بێث دوای ئەوە لە بووندا نامێنین...

«رابردوو سودی نییە، تاک هەمیشە دەبێتە خواستی ئەوەی هەبێث کە لە ئایندەدا خودیی بەدیبهێنێث...»

سەرچاوە:

ئیمام عەبدول فەتاح/ نۆڕی ئینتەرنێث

# كـــۆمـــاری بێدەنگی

ژان پۆل سارتەر

لەفارسییەوە: ئەژنە خالید

ئێمە هیچ کاتێ بەرادەی سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە ئازاد نەبووین. ئێمە هەموو مافەکانمان و یەکەمین یان مافی دەربڕینمان لێزەوت کرابوو. هەموو رۆژێک، چاو لەناو چاو، سوکایەتیان پێدەکردین و دەبوو بێدەنگ بوایەین. ئێمەیان کۆمەڵ بە کۆمەڵ دوور دەخستەوە بۆ ئاراوگە، بە ناوی کرێکار، جولەکە و زیندانی سیاسی، هەر شوێنێک لەسەر دیوارەکان، لە رۆژنامەکان و لەسەر پەردەی سینەما، ئەو وێنا بێ رۆح و قێزەونەمان دەبینی، کە ستەمکاران دەیانویست خۆمان دەرخواردی خۆمانی بدەین و لەبەر هەموو ئەمانە، ئێمە ئازاد بووین.

لەو رووەوە کە پێدەچوو ژەهری نازی چووبێتە ناو مێشکی ئێمەوە، هەر ئەندێشەیەکی دروست بەسەرکەوتنێک ئەژمار دەکرا، لە کاتێکدا پۆلیسێکی کارامە و شارەزا لە هەوڵی ئەوەدا بوو، کە بێدەنگمان راگرێت، هەر وتەیەک راگەیاندنی دووبارەی باوەڕە بنەڕەتییەکانمان بوو، لە کاتێکدا کە ئێمەیان خستبووە داوەوە، هەر جوڵەیەکی ئێمە دەبوو بە بەهای بەڵێنێک.

دۆخ و هەلومەرجی زۆرجاران ترسناکی خەباتی ئێمە، لە کۆتاییدا ئەم دەرفەتەی بۆ ئێمە دەرەخساند، کە بەبێ دەمامک و بەبێ پۆشش لەو دۆخە بێقەرار ئامێز و چارهەڵنەگرە بژین کە پێیان دەوت مەرجەکانی ژیانی مرۆیی.

دوورخستنەوە بۆ تاراوگە، دیلی و بەتایبەتی مەرگ (کەلە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵی لەسەردەمە خۆشەکان خۆمان لێدەدزییەوە) دەبووە مەراقی ئاڵۆزی هەمیشەیی مێشکی ئێمە. فێردەبووین کە ئەمانە نە ئەو رووداوانەن کە دەکرا پێشیان پێبگرین و نەک تەنانەت هەڕەشەی هەمیشەیی و رواڵەتی، ئەمانە بەش و پشکی ئێمە، چارەنوسی ئێمەو لەبنەڕەتدا راستی ئێمە وەک مرۆڤە. هەر ساتێک لە ژیانی ئێمە لێکدانەوەی تەواوی ئەم واتا گاڵتەجاڕانەیە بوو، هەر بڕیارێک کە هەر کام لە ئێمە بۆخۆی دەیدا، بڕیارێکی باوەڕپێکراو دەهاتە ئەژمار، چونکە لەکاتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ مەرگدا دەدرا، چونکە هەر جارێک دەیتوانی بەشێوەی «مەرگ باشترە تا...» دەردەبڕا. من لێرەدا رووی قسەم لەو کۆمەڵە هەڵکەوتووەی ئێمە نییە، کە لەبزوتنەوەی بەرەنگاریدا بوون، بەڵکو هەمووی ئەو فەرەنساییانەی کە لە هەر سەعاتێک لەم چوار ساڵەدا وتیان نا، بەڵام دڕندەیی دوژمن هەر کام لە ئێمەی بەرەو کۆتاییەکی ئەم کۆمەڵە پاڵ پێوە دەناو لەخۆمان کۆمەڵێک پرسیارمان دەپرسی، کە هیچ کەس لە کاتی ئاشتیدا لەخۆی ناپرسێت: هەر کام لەوانەی ناو ئێمە، کە لە وردەکارییەکانی بەرەنگاری بە ئاگابوون- کام فەرەنساییەی لانی کەم یەکجار لەم دۆخە نەکەوتبوو؟ بە دڵەڕاوکێوە لە خۆیان دەپرسی: «ئایا ئەگەر شکەنجە بدرێم، بەرگە دەگرم؟»

بەم جۆرە بنەڕەتیترین پرسیارەکانی ئازادی دەهاتە گۆڕێ و ئێمە بەسەر قوڵترین مەعریفەتدا زاڵبووین، کە مرۆڤ دەیتوانی لە خۆی ببینێت، چونکە رازی مرۆڤ گرێی ئۆدیب، یان گرێی خۆ بەکەم زانین نییە، بەڵکو سنوری ئازادی خۆیەتی، توانایی ئەوە لە بەرەنگاربوونەوە، لە بەرامبەر رەنج و مەرگدا.

هەلومەرجەکانی تێکۆشانی ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی چالاکی ژێر زەمینی بوون، ئەزمونێکی نوێی بۆ خولقاندن: ئەوان وەک سەربازەکان لە رۆژی رووناکدا نەدەجەنگان، ئەوان تەنیا دەکەوتنە داوەوە، لە تەنیاییدا بەدیل دەگیران.

بێیار، هاودەم، دۆست، هاوڕێ خۆڕاگریان دەنواند، تەنیا و رووت و قووت پێشیان بە جەلادەکان دەگرت کە ریشیان تاشرابوو، باشیان خواردبوو، باشیان پۆشیبوو و بە لەشی بێهێزی ئەوان پێدەکەنین، ئەو ئەشکەنجەچییانەی کە ویژدانی بێکێشە و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکەیان، ئەوانی بەرحەق و رەوای دەنواند، تەنیا بەبێ دەستێکی خۆشەویستی، یان وشەیەکی هاندەرانە، بەهەرحاڵ لە قوڵای تەنیاییەکەیان، خەریکبوون پشتیوانیان لەوانی تر دەکرد، هەموو ئەوانی تر هەموو هاوڕێکانی بزوتنەوەی بەرەنگاری. وشەیەک تەواو بوو تا دەیان و سەدان دەستگیری تر روو بدات. بەرپرسایەتی تەواو لە تەنیایی تەواودا، ئایا هەمان پێناسەی ئازادی ئێمە نییە؟ ئەم بێ بەشییە، ئەم تەنیاییە، ئەم مەترسییە گەورەیە بۆ هەموان یەکسان بوو. بۆ رێبەران و رێڕەوانی رێبەر، سزا بۆ ئەو کەسانەی کە پەیام و برووسکەکانیان دەگەیاند، بێئەوەی بزانن ناوەڕۆکەکەی چییە، بۆ ئەو کەسانەی کە بزوتنەوەی بەرەنگارییان رێبەری دەکرد یەکسان بوو: دیلی، دوورخستنەوە بۆ تاراوگە و مەرگ.

هیچ ئەرتەشێک لە جیهاندا بوونی نییە، کە مەترسی بۆ فەرماندە گشتییەکەی ئەو لەگەڵ سەربازێکی سادە وەک یەک وا بێت، هەر بۆیە بزوتنەوەی بەرەنگاری کۆمارێکی راستەقینەبوو: سەربازو فەرماندە لەبەردەم هەمان مەترسیدا، هەمان دوورخستنەوە، هەمان بەرپرسایەتی تەواو گرنگ و هەمان ئازادی رەهای دەروونی ئەم سیستمە بوون. بەم جۆرە لەخوێن و

تاریکیدا، بەهێزترین کۆمار بنیات نرا. هەر کام لە شارۆمەندانی ئەم کۆمارە دەیانزانی، کە قەرزداری هەمووی ئەوانی ترن و تەنیا دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن، هەر کام لەوان لە تەنیاییەکەیدا دەربارەی رۆڵە مێژووییەکەی بە ئاگابوو. هەر کام لەوان لەبەرامبەر ستەمکاران، لە پێی گرێبەستێکی ئازادانە و بێهەڵوەشانەوە لەگەڵ خۆیدا وەستابوو، بە هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆی ئازادی بۆ هەموان هەڵدەبژارد.

ئەم کۆمارە بەبێ دامەزراوەکانی، بەبێ ئەرتەش و بەبێ پۆلیس شتێک بوو، کە هەر فەرەنساییەک لەهەر ساتێک کە دەستی دەخست و دژی نازیزم شایەتیدەدا. کەس لە بەڕێوەبردنی ئەرکە راسپێردراوەکەی نەمایەوە. ئێمە ئەمڕۆ لە بەردەم کۆمارێکی دیکە داین، دەبێت ئەم کۆمارە کە لە رووناکی رۆژدا بنیات دەنرێت، خاڵە بەهێزەو تاڵەکانی کۆمارەکەی شەو و بێدەنگی بپارێزێت.

**سەرچاوە: ئەنتەرنێت**

## ساڵنامەی سەردەمی سارتەر

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| شکستی رۆم لەبەرامبەر (گۆل)ەکان پەرەسەندنی قەڵەمڕەوی رۆم رادەگرێ. | ٣٩٠پێش زایین |
| مردنی ئارلیتوفانس، نوسەری نمایشنامەی کۆمێدی. | ٣٨٠پ.ز |
| حکومەت لەچوارچێوەی پۆستی کۆنسۆلگەرێتی لەرۆم دادەمەزرێ. مەرگی دیونوسیوسی یەکەم، زۆرداری سیراکوس، و گەڕانەوەی دووبارەو کورتخانەی ئەفلاتوون بۆ سیسیل. | ٣٦٧پ.ز |
| سێیەمین سەفەری ئەفلاتوون بۆ سیسیل. | ٣٦١پ.ز |
| مردنی شاماوسولوس، کە لەماوسولوم، یەکێک لە حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهاندا، دەنێژرێ. | ٣٥٣پ.ز |
| پەیماننامەی دووەمی نێوان رۆمو کارتاژ. | ٣٤٨پ.ز |
| مەرگی ئەفلاتوون. | ٣٤٧پ.ز |
| ئەسکەندەری مەزن، دەبێتە جێنشینی فلیپی دووەمی باوکیو قۆناغی داگیرکاریەکانی دەست پێدەکات. | ٣٣٥پ.ز |
| ئەسکەندەری مەزن، دەگاتە دەروازەی هیندستان، لەکاتێکدا کە ئیمپراتوریەتەکەی لەسنوورێکی گەورە دەگرێتە خۆیو لە دەریای ئادریاتیک، تا ئەو بەری رووباری سند درێژ دەبێتەوە. | ٣٢٦پ.ز |
| مەرگی ئەسکەندەری مەزنو بەدوایدا، هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی. | ٣٢٣پ.ز |

## مێژووی ڕووداوە گرنگەکانی فەلسەفە

- سەدەی شەش پ. ز سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆرئاوا لەگەڵ ئاڵس مەڵتی.

- کۆتایی سەدەی شەش پ.ز مردنی فیساگۆرس.

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| ٣٩٩ پ. ز. | سوکراٹ لە ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا دەدرێت. |
| ٣٨٧ پ.ز | ئەفلاتون ((ئەکادیمی)) لە ئەسینا دامەزراند، کە یەکەم زانکۆیە لە جیهان. |
| ٣٣٥ پ.ز | ئەرستۆ قوتابخانەی ((لوکیۆن))، لە ئەسینا دادەمەزرێنێت، کە دەبێتە رکابەری ئاکادیمی. |
| ٣٢٤ ز | ئیمپراتۆریەتی قوستەنتین پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆما بۆ بیزانت دەگوازێتەوە. |
| ٤٠٠ | ئۆگەستینی قەشە دانپێدانانەکەی دەنووسێت. فەلسەفە رادەکێشرێتە خواناسی کریستیانییەتەوە. |
| ٤١٠ | بەربەرییەکان رۆما دەڕوخێنن و هەواڵی بەرایی (سەدەی تاریکی). |
| ٥٢٩ | داخستنی (ئەکادیمیای) ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر پۆستنین کە کۆتایی چەرخی حیکمەتی یۆنانی بوو. |
| ناوەڕاستی سەدەی (١٣) | تۆماس ئەکویناس باسەکەی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. سەردەمی فەلسەفەی قوتابخانەیی. |
| ١٤٥٣ | رووخانی بێزەنت بە دەستی تورکەکان. کۆتایی ئیمپراتۆری بێزەنتی. |
| ١٤٩٢ | کۆڵۆمبۆس دەگاتە ئەمریکا. رێنسانس لە فلۆرانس و دووبارە رووکردنە زانیاری یۆنانی. |

| | |
|---|---|
| ١٥٤٣ | کۆپەرنیکۆس کتێبی دەربارەی سوڕانەوەی هەسارە ئاسمانییەکانی بڵاودەکاتەوە و لەسەر بنەمای ماتماتیک دەی سەلمێنێت، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە. |
| ١٦٣٣ | کڵێسا گالیلۆ ناچار دەکات حاشا لە تیۆری سەنتەربوونی خۆر بکات. |
| ١٦٤١ | دیکارت رامانەکان بڵاودەکاتەوە، کە بەرایی فەلسەفەی مۆدێرنە. |
| ١٦٧٧ | مردنی سپینۆزا، بڵاوکردنەوەی ئاکارەکانی. |
| ١٦٨٧ | نیوتن بنەماکان بڵاودەکاتەوە و چەمکی گرانشی دەخاتەڕوو. |
| ١٦٨٩ | لۆک پەیامێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە. سەرەتای ئەزمونگەری. |
| ١٧١٠ | بیرکلی بنەمای زانستە مرۆڤایەتییەکان بڵاودەکاتەوە و رەهەندی نوێ دەداتە ئەزموونگەری. |
| ١٧١٦ | مردنی لایب نیتز. |
| ١٧٣٩ | هیوم کتێبی سروشتی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و ئەزموونگەری تا سنوورەکانی لۆژیکیەکەی پێش دەخات. |
| ١٧٨١ | کانت، رابوو لە ((خەوی دۆگمایی)) بە هاوکاری هیوم، رەخنەی ئەقڵی پەتیی بڵاودەکاتەوە. چاخی شکۆداری فەلسەفەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| ١٨٠٧ | هیگڵ دیاردەناسی زەین، لوتکەی فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی، بڵاودەکاتەوە. |
| ١٨١٨ | شۆپنهاور جیهان وەکو ئیرادە و وێناکردن بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو |
| ١٨٨٩ | نیچە کە رایگەیاندبوو (خوا مردووە)، لە تۆرین شێت دەبێت. |

| | |
|---|---|
| ١٩٢١ | ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی- فەلسەفی بڵاودەکاتەوە کە بانگەشەی (دوا وەڵام)ە بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان. |
| دەیەی ١٩٢٠ | ((ئەڵقەی ڤیەننا)) برەودان بە پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی. |
| ١٩٢٧ | هایدگەر بوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە کە باس لە ترازانی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەکات. |
| ١٩٤٣ | سارتەر بوون و نەبوون بڵاودەکاتەوە، کە برەو بە هزرەکانی هایدگەر دەداو ئەگزیستانیالیزم دەخاتەڕوو. |
| ١٩٥٣ | برەودان بە پاش مردن، توێژینەوە فەلسەفییەکانی ویتگنشتاین، لوتکەی قۆناغی زمانشیکاری. |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | | شۆڕش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | | لوقمان رووف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 31 | له قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |